کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٥    ڕێبەندانی _١٣٦٨    فوریەی_ ١٩٩٠

## منداڵانی نێو قوولکەکان

له شاری بی خیابان دا گەوره دەبن
له رایەلەی لاکولان و کووچەی تەنگی بەر بەستراودا
ئاویتـەی دووکـەلی کـووره و قاچاخچـیەتی و زەردە
برین
چـەند دەس کـەللا لـە گیرفـان دا و قوچـەقانی بـە
دەستەوە
مندالانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
لیتە جاری چارەنووسی بی بەزەیی لە پێشیان و
جنێوی باوکانی ماندوو له دوایان
نەفرینی دایکانی وەرەز له گویّ یاندا و
هیچ له هیوا و له سبەێنی له مستیاندا
منداڵانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
به جەنگەلی بی بەهارەوه دەپشکوین
به چلی داری بی رەنگەوه بەر دەگرن
مندالانی بی ناونیشان
منداڵانی نیو قوولکەکان
پر به گەرووی خوێناوی یان دەچریکینن و
ئەو کاتەی کە دەشکینەوە
ئالأیەکی بەژن بەرزیان بەدەستەوە
کاوەکانی نیو قوولکەکان
کاوه ئالا هەڵگرەکان
***

## ئەوەی تاوانباری مێژووە، چون داوەری لەسەر مێژوو دەکا؟

پاش تێپەرینی ده ساڵ، جێگای خویەتی ئاوریك لە شۆرشی ئێران و له رووداوەکانی ئەو شۆرشە بدرێتەوە. لەم ئاوردانەوەیەدا، بەڵام، دیارە ئینسانەکان، ئەوانەی چاو بە مێژوودا دەگیرنەوە نوینەر و نیشاندەری بەرژەوەندی دیاریکراوی چینایەتی و توێژی کۆمەڵایەتی جیاواز و جۆراوجۆرن و بەم بۆنەوە، نەك هەر دەورەیەك لە مێژوویان هەندیك رووداوی تایبەتی ئەو دورەیە، بەڵکوو خۆیان و مەبەستی سیاسی خۆیان و ئاسوی کۆمەڵایەتی خۆشیان دێننە بەر داوەری. نەك تەنیا ماجەراکە، بەڵکوو ئەو کەسەش کە ماجەراکە دەگیرێتەوە داوەری لەسەر دەکری. بە تایبەت ئەگەر ئەو کەسە خۆی یەکێك لەوانە بی کە لەو مێژووەدا دەوریان بووە وە یان خۆد بێهەوی ئەم ماجەراگیرانەوەیە بکاتە دەسمایەیەك بۆ دەورونەقشی داهاتووی خۆی.

ئەو وت و وێژه کە لەم دواییانەدا "راه ئارانی" گۆڤاری "حیزبی دیموکراتێکی خەڵکی ئێران" لەگەل بەنیسەدری کردوە تەواو پر بە پیستی ئەم حەقیقەتەیه. ئەم وت و وێژه هیچ شتێك لە مێژووی ده ساڵی رابوردوودی ئێران روشن ناکاتەوە هیچ دەشیگوری، بەڵام لە بەرانبەردا مەبەستی هەرتك لایەنی وت وێژەکە هەم ئەوەی پرسیار دەکا و هەم ئەوەی وەڵامی دەداتەوە بە باشی ئاشکرا دەکا.

لەم وت و وێژەدا جەرەیانێکی هەلبراو له حیزبی تووده لەگەل رەئیس جمهووری پیشووی ئێران کە خومەینی لێی خست کەسان و جەریاناتێك کە هەموو هونەرەکەیان لەوە دایە قوربانیانی گیان دەرباز کردووی خزمەتگوزاری‌یەکانی خۆیان بە رژیمی‌ئیسلامین، فیکر و تەگبیری خۆیان لیکداوەتەوە هەتا بزانن چلون بوو پاش شۆرش، دیموکراسی لە ئێران سەرنەکەوت! و "نیزامی توتالیتاریستی ویلایەتی فەقیهە" هاتە سەر کار!

لەم وت وێژەدا باسی زۆرشت دەکری: باسی "لیکدانەوە"ی دەسکرد سەبارەت بە "شەری چوار تقدم" کە گویا "لە تاریخی ئێمەدا لە مەشرووتە بەم لاوە شەری ئەم چوارە تقدمە بووە" وە یا شی کردنەوەی "چوار بناغەکەی ئیستیبداد" باسی رەخنە گرتنی یەك لە دوای یەك لە مارکسیستەکان کە "بەشیکیان ... دەیانەویست شۆرشی یەکەم بگەیەننە شۆرشی دووهەم، لاسای لینین بکەنەوە"، یان "چاویان لە واقعییەتە کۆمەڵایەتی‌یەکانی وڵات نەبوو و لە بانیژەی ئەدەبییاتی مارکسیستی‌یەوە چاویان لە واقعییەتی ئێران دەکرد. ئەمانە نەیاندەزانی روحانی لەگەل کۆمەڵ چ پەیوەندیکیان هەیە و چ جیگا و شوێنێکیان هەیە"، باسی ئەوە کە ئایا "هەلخزانی روحانییەتی لایەنگری ویلایەتی فەقیهە بەرەو دەسەلات، قانوونمەندی شۆرشی مانگی رێبەندان بوو "یان ناو "رێگای پێش گرتن بەمە کام بوو"، باسی "گرینگترین و سەرەکی‌ترین خەتاکان و ئەوەکە بەنی‌سەدر کام کردەوە و هەڵویستی خۆی بە جێگای رەخنەلیگرتن دەزانی"، باسی داگیر کردنی دانشگا و هێرش هێنان بۆ سەر کوردستان و شەری سنە، باسی کێشمەکیش و کیشە لەسەر دەسەلات لە ناوخۆی رژیمی ئیسلامی دا" باسی داهاتووی ئەم رژیمە و مەعنا و جێگای مەسەلەی ئازادی و چی و چی.

بەشی هەرە زۆری ئەم وت و وێژە، بە تایبەت لەو جیگایانەی بیروباوەر و بۆچوونەکانی بەنی‌سەدر دەگرێتە بەر، وەڵامدانەوەیەکی ئەوتوی پێویست نیە، چونکوو نه نیشاندەری رەوتێکی فیکری یان سیاسی تایبەت و بەرچاو لە نیو بورژوازی ئێراندایە و نە بیروباوەر و بوچوونی واش بەیان دەکا کە خۆی لە خۆیدا بایەخێکی هەبی. بەڵام هەندیك بەشی ئەو وت و وێژه کە دەچیتە سەر مێژوو، وەیا باشترە بڵێم دەچێتە سەر گورینی مێژوو، لەو جیگایە کە باسی کوردستان و شەری سنە و دەوری کۆمەڵە لەو شەردا دەکا، جوابدانەوە بۆ من دەکاتە کارێکی پێویست. ئەمەش نەك لەبەر دەورونەقشی خۆم لە کۆمەڵە و لە رووداوەکانی ئەو سەردەمی کوردستاندا، بەڵکوو لەبەر ئەوەیەکە بی دەنگ بوون لە حاست ئەم چاوبەستی‌یە ئاشکرایە و ئەم ئاوەژوو کردنەوەیەی مێژوو، بەزیانی هەمان جەماوەر دەزانم کە هەر بەدەستی ئەم کەسەی ئێستا ماجەراکە دەگێرێتەوە و بە دەستی کەسانی لەم چەشنە سەرکوت کراون و سەرکوت دەکرین و ئەمەبە پێچەوانەی مەسئوولییەتی سیاسی و ئەخلاقی خۆم دەزانم.

بەڵام ئەوەی پرسیارەکانیش دەکا، ناکری هەروا بە سادەیی چاوپوشی لی بکری: حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران و باقی بەشەکانی هەڵبراو لە "مودیلی قەدیمی"ی شوورەوی، ئەمرۆ لە ژیر ناوی رەخنە لیرگتن و وەلانانی وابەستە بوون بە شوورەوی، وە لە ژیر پەردەی ئەم رەخنەیەدا بە تەقلەکوت بەرەو ناسیونالیزم دەچن، بۆ نزیك بوونەوە لە کور و کۆمەڵی بورژوازی میللی گەرا و لیبرال، هەرکامەیان حەولی ئەوەیەتی خۆی رەپێش بەشەکەی‌تر بخا. ئەوە کە حیزبی دیموکراتیکی خەڵکی ئێران هاتوە ئەم وت وێژە بکا خۆی بەشێکە لە بەرەوپێش بردنی ئەم سیاسەتە بۆ خۆ نزیك کردنەوە و رێککەوتن لەگەل ئوپوزیسیونی بورژوازی جمهووری ئیسلامی.

بروانە لاپەری ٢

## باسیێك سەبارەت بە ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان

سەرەتا

بوونی ستەمگەری میللی، خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس، خەبات بۆ هێنانە گۆر و ناساندنی سیمای میللی، ئامانجی سەربەخۆیی و پێك هێنانی دەولەتی میللی و ...، لە سەدەی رابوردوودا بووەتە هۆی شكل گرتنی گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ناسیونالیستی لە کوردستان. لە جەرگەی ئەم گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یەدا حیزب و گورووهی سیاسی و رێبەرایەتی جۆراوجۆر پێك هاتوون کە ئەم گەرایشە بووتە سەرچاوەی هێزیان و نفووزی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستان داپەرەپێداوه.

ئەم هێزانە لە هەلومەرج و وەزعییەتی مێژوویی موساعیدا بە تایبەت بە سەرهەڵدانی زەعف و سستی لە بناغەکانی حکوومەتی مەرکەزی‌دا، خەباتی کەم تا زۆر جەماوەری یان ئەساسەن بە شکلی چەکدارانە بەرپا کردووە وە یا خۆی لە هەر شکلیك دا بەرپا بووبی بەشداریان تێدا کردووه.

لەوەتی بزووتنەوەی میللی و موقاومەت بەرانبەر بە سەرکوتگەری دەولەتی مەرکەزی لە کوردستان بووە، خەباتی چەکدارانەش لە دژی دەولەتی مەرکەزی بووه. حاشا کردنی ئەم دەولەتانە لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکان، پەنا بردنیان بۆ لەشکرکیشی چەکدارانە، میلیتاریزە کردن و داگیرکردنی کوردستان، بەکار بردنی رەشترین زەبر و زەنگ و سەرکوت لە حاست چکولەترین جم و جوولی ئیعتیرازی و سیاسی، کوشتاری بە کۆمەڵ، تەبعید و کوچ پێکردنی خەڵك بە شێوەی بەرین و گەلیك شتی‌تری لەم چەشنە، بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی زۆرلیکراو لە خەباتی خۆیان دا، دەس دانە چەك وەك رێگایەك بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی قەلاچو و زەبر و زەنگی حکوومەتی مەرکەزی بگرنە پێش.

خەباتی چەکدارانە بە درێژایی ئەو دەورە دوور و دێژە، بێجگە لە دەورەی ئەم دوایی‌یە لە کوردستانی ئێران، لە جەرگەی حەرەکەتی ناسیونالیستی دا و بە پێی سیاسەت و تاکتیکی حیزب و رابەرە سوننەتی‌یە ناسیونالیستەکان، هەڵگرساوە و حەرەکەتی کردوە. ئاسو و ئامانجی ناسیونالیستی، یانی هەوڵدان بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی هەر لە چوارچێوەی موناسباتی مەوجوود دا، سیاسەت و ریبازی بۆ خەباتی چەکدارانە دیاری کردوە. بەڵام بوونی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی چەکدارانەی دەوری ئەم دوایی‌یەی کوردستانی ئێران،

ل٥

## پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی رێبەندان _ رۆژی کۆمەڵە

رۆژی ٢٦ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٨ سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە، پی دەنیتە ناو دوازدەهەمین ساڵی هەڵسووران و خەباتی ئاشکرای خۆیەوە. یازدە ساڵ لەوەپێش لە وەها رۆژێکدا و پاش تێپەر کردنی نزیك بە ١٠ ساڵ هەڵسوورانی شۆرشگێرانە و نهینی، ئەویش لە هەلومەرجی دژواری زەبر و زەنگی رژیمی سەرمایەداری سەلتەنەتی‌دا، کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی یەکیك لە هاورییانی دامەزرینەرەوە، هاوری محەمەد حسین کریمی، لە راگەیاندنیکدا مەوجوودییەتی ئاشکرای خۆی بە کۆمەڵ راگەیاند. لەو کاتەوە تا ئێستا پتر لە ١٠ ساڵ لە ژیانی پر لە خەباتی رێکخراوی کۆمۆنیستی کۆمەڵە تێپەر بووه. بی گومان کۆمەڵە وەك رابەر و بەریوە بەری بزووتنەوەی جەماوەری و شۆرشگێرانە لەم دەورەیە دا زۆر قوناغی ئاستەم و چارەنووس ساز و پر لە هەلس و کەوتی ناوەتە پشت سەر و زۆر دەسکەوت و تەجرەبەی شۆرشگێرانەی وەدەست هێناوه و سەختی و دژواری‌یەکی زۆری دیوه و لە سەر رێگای خۆی لای بردوون.

راگەیاندنی ئاشکرای خەباتی کۆمۆنیستی سەرەتای دەورەیەکی نوی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارانی کوردستانە. ئێستا مێژووی خەباتی کۆمەڵە لەگەل مێژووی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەها لیك هەڵپێکراوە کە لیك جیا ناکرێنەوە و ئەمە جێگا و شوێنیکە کە بە هۆی ساڵەها هەول و تێکۆشانی بی وچان بۆ کۆمەڵە وەدەست هاتوە.

ئەمرۆ هەر کەس بیەوەی چاو لە هەڵسوورانی تا ئێستای کۆمەڵە و ئاڵ و گۆرەکانی بکا، ناچار دەبی لە جەرگەی ئەو ئاڵ و گۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە بنەرەتی‌یانەدا چاوی لی بکا کە لە ٢٠ ساڵی رابوردوودا لە کۆمەڵی ئێران و کوردستان رووی داوه.

کۆمەڵەش وەك هەموو دیاردەیەکی زیندووی دیکە، مەوجوودییەتێکی لە حالی ئاڵ و گۆر و گەشە و هەلدان و تەکامول دا بووه. هەڵسەنگاندنی جیگا و شوێنی ئێستای کۆمەڵە لە هەر باریکەوه و لە یەکەمین ساڵەکانی شکل گرتنی ئەم رێکخراوە سیاسی‌یە و تەنانەت یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆرشی ساڵی ١٣٥٧ و راگەیاندنی مەوجوودییەتی ئاشکرای ئەم رەوتە روو لە گەشە و هەڵدانەمان بە روشنی پی نیشان دەدا و ئەم گەشە و هەلدانە لە ناو دلی کۆمەڵیکدا پێك .....

ل١٠

## وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی

ئەو دوو نووسراوەیەی لیرەدا دەیانخوێننەوە:

یەکەیمان "وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی" بەشێك لە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا _ مانگی گولانی ١٣٦٧.

دووهەمیان "ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان" نووسراوەیەکی هاوری ئیبراهیم عەلیزادەیە کە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٦ لە درێژەی باسەکانی کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا نووسراوه.

ئەم دوو نووسراوەیە پێشتر هەرتکیان لە نێو ریزەکانی تەشکیلات دا بلاوکراونەتەوە و ئێمە چاپکردنیانمان لەم پێشرەوەدا لە بەر گرینگی ناوەروکەکەیان سەرەرای وەدرەنگ کەوتنیان بۆ ئاگاداری خوێنەران بە پێویست زانی.

هەڵویستمان سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان

هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان چیە؟ ئەمە چ جێگا و شوێنێکی لە کوللی روانگە و ئەرکە سەرەکی‌یەکانماندا هەیە؟ خودموختاری یانی چی؟ ئەو خودموختاری‌یەی ئێمە دەمانەوی چ جیاوازی‌یەکی لەگەل داخوازی خودموختاری حیزبە بورژوایی‌یەکان هەیە؟

دامەزرانی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا و پێك هاتنی بازارێکی واحید و سەراسەری بۆ بورژوازی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، پایەی ئابووری سوننەتی‌ی میللی_ پێك هێنانی دەولەتی میللی و بازاری واحیدی لە نیو بردوه بەڵام سەرەرای ئەوەش، ئەم گورانکاری‌یە ئابووری‌یە نەبووەتە هۆی نەمانی مەسەلەی میللی لە ئێراندا. واقعییەتی عەینی کۆمەڵی کوردستان پێمان نیشان دەدا مەسەلەی میللی موشکیلیکە کە لە رەوتی مێژوودا لەو کۆمەڵگایەدا چارەسەر نەکراوە و هەر بۆیە مەسەلەیەکی ماددی و واقیعی‌یە و پێویستە ئەم کۆمەڵگایە لە رەوتی بەرەوپێش چوون و تەکامولی خۆیدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکا و بێنێتە پشت سەر.

واقعییەتی بوونی ستەمی میللی لە کوردستاندا دەرفەتی داوە بە حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان تا پاشماوەی وزه و توانایی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە زەمینەی ستەمی مللی‌دا بە دەستەوە بگرن و بیکەنە خۆراکی خۆیان. چونکوو ئەو مەسەلەیە لە هەمان حالدا کاری کردوەتە سەر چارەنووسی چینی ئێمەش، بۆ ئەوەی نەهیلین زەین و میشکی کرێکاران بە ژەهری ناسیونالیزم ئالوودە بی و بۆ ئەوەی نەهیلین کرێکاران ببنە...

ل١١

# (پاشماوەی) ئەوەی تاوانباری مێژووە، چون داوەری لەسەر مێژوو دەکا؟

ئەم لایەنگرانەی گلاسنوست کە گویا ئێستا ئیتر پابەندی دروستی و ئەمانەتی مێژوویین و ئیددیعا دەکەن کە پاش چەنای چەند ساڵ کە شوورەوی مێژووی کۆمۆنیزم و مێژووی واقعییەتەکان و ڕووداوەکانی گوریوە و هەڵبەت حیزبەکەی پێشووی ئەمانیش بە سەرنجێکی زۆر وردەوە چاوی لە دەستی شوورەوی دەکرد و هەرچی ئەو نووسیبای ئەمانیش دەیاننووسییەوە و بلاویان دەکردەوە، ئێستا برِوایان بەوە هێناوە "بۆشایییەکانی مێژوو" پربکەنەوە، نیشان دەدەن کە ئەم ئیددیعایەیان، ئەویش لە بابەت مێژووی ئەم دواییەی ئێران کە هەموومان شاهید و بەشداری بووین، چلون بەڕێوە دەبەن. "بەشێوەیەکی تەواو دیموکراتیك" تریبون بە بەنیسەدر دەدەن کە حەقیقەتە هێشتا زیندووەکانی مێژوو لە دژی چینی کرێکار، لە دژی شۆڕش و بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە، ئاوەژووکاتەوە و ئەمانیش خۆیانی لێ کلابکەن و بلێن ئەمە بیورای ئەو کەسەیە وەڵامی پرسیارەکانی داوەتەوە نەك هەر خاوەن پرسیار. ئەوە ئاشکرایە بەڵام خاوەن پرسیار بۆچی لال بووە و متەق ناکا؟ بەڵام کەسێك کە ئەم جۆرە هاوکارییانە ئامانجیەتی و داهاتووی خۆی لەم جۆرە ڕێك کەوتنەدا بۆ دیفاع لە "ئازادی" دەبینی، چون دڵی دی هاتەران پاتەرانی بەنی سەدر وەدروخاتەوە و دڵی بەنی سەدر لە خۆی بێشنیی؟ ئەم بەریزانە، چەق و چوی پێك هێنانی بەرە لەگەڵ تاقم و تاکی بورژوا وەهای داگرتوون کە کاتی قسەکردن لەسەر هۆیەکانی "بەرەوژوور هەلکشانی ڕووحانییەتی لایەنگری ویلایەتی فەقیهە" کاتێك بەنی سەدر دەڵی "من هەر لە سەرەتاوە هەولم دا هێزە دروستکارەکان بینمە سەر ڕێگەی دیفاع لە شۆڕش" خاوەن پرسیار لە جیاتی ئەوەی بە گژی دابیتەوە و تف لە ڕووی بەنی سەدر بکا، قسەیەك لە دەمی بەنیسەدر دەنی کە خۆی نەیکردوە و پێی دەڵی: "یانی تو پێت وایە دەبوو بەرەیەك لە هەموو هێزە میللی و دیموکرات و چەپە مارکسیستییەکان پێك هاتبا؟ "لێرەشدا ئەمجار بەنیسەدر مەرج بۆ ئەو "بەرە"یە دیاری دەکا: "بەڵی! بەڵام هێزە وابەستەکان نا". هەر کەس ئەم وت و وێژەی خویندبێتەوە، بە باشی دەزانی کە تەواوی ڕوح و مەبەستی ئەم وت و وێژە قوڵ هەلمالینە بۆ پاکانە کردن بۆ بەنیسەدر و هەولدانە بۆ ئەوەی ئێسباتی بکەن کە بەنیسەدر کەسیکە بەهەر حال بۆ ئەوە دەبی لە پیناو دیفاع لە "ئازادی"دا هاوکاری لەگەڵ بکەی. بەڵام باشە هەرچەند بە کورتیش بی بزانین ئەو کەسەی "ڕاە ئارانی" ڕووی تی کردوە چە شتێك بە "هۆی سەرکەوتنی ئیستیبداد" دەزانی:" کەوایە ئەگەر سەرجەم چاوی لی بکەین لایەنگرانی بیری ئیستیبدادی لە کۆمەڵدا زۆربە بوون. لە نیو خوێندواران و بەناو کادرە سیاسییەکاندا، کەسانێك کە لایەنگری ئازادی بوون، کەمایەتی بوون".

بەم جۆرە مورەی دوینی ڕژیمی سەرکوت و جینایەت، خەڵك یانی قوربانیانی ئیستیبدادی بورژوازی بە تاوانبار دادەنی. ئەمە گالتەیەکی تاڵ نیە؟ ناوەرۆکی ئەو ئازادییەش کە بەنیسەدر دیخاتە بەر چاوی ئەم لیبرالە تازانەی ئێرانی، خۆی بە هەمان ئەندازە ڕۆشنە: "مەسەلەکە ئەوەیە کە ئەگەر ڕژیم بیەوی بەرەو جۆرە لیبرالیزمێك بچی، ئازادییەکی زیاتر پێویستە. خاوەن کار و باقی کادرەکانی بەشی سەنعەت بۆ ئەمنییەتی فەعالییەتەکانی خۆیان پێویستییان بەم ئازادییە هەیە."

بەنیسەدر لە لای بەریزانی حیزبی دیموکراتیك دەردی دلیشیان بودە کا کە: "ئەم ستالینیستە چەپانە هەر ئەم قسانەت لی ببیستن دەڵێن ئەوە تا ئەمانە لیبرالن". بەڵام حەیفە بەنیسەدر لی گەریی لەم خۆش خەیالییەدا بمێنێتەوە. دەبی پێی بیلی "حەدت چیە لیبرال بی! تو کونەپەرستێکی تەواوی. لیبرال ئەو کەسانەن کە لەگەڵ تو هەڵدەستن و دادەنیشن و لە شەرمان دانارزین."

بەڵام تەقالای سەر شورانەی ڕووناکبیرانی نیو لیبرالیستی ئێرانی کە بە تەمان بە بی ئەوەی هیچ وەسەر خۆیان بینن پاکانە بۆ بەنیسەدر بکەن و تاوانبار بنینە جیگای قازی، تەقالایەکی بیهوودەیە. تەکلیفی بەنیسەدر روشنە. تەنانەت تەقالا بۆ ئیسبات کردنی نا لازم و وەخت بەهەدەر دانە. بەنیسەدر تاوانباری دەورەی ئەم دواییەی مێژووی ئێرانە نەك قازی و داوەری ئەو مێژووە. دانیشتنی بەنیسەدر لەسەر کورسییەکانی سەرووی حکوومەت تەنیا بۆ ئەوە نیە کە لە لای کەسانێك کە لەبەر پێشینەی سیاسی خۆیان وەیا حیزبەکەیان لە بەرانبەریدا لال بوون، پوزبدا و بە خۆی هەڵ بلی و بلی "کەسێك کە حکوومەت دەکا بەرپرسە. چونکوو من خۆشم لە حکوومەت دا بووم و دەزانم." بەڵکوو بە ئەوەش هەیە کە جوابدەرەوە بی.

بابچینە سەر خۆدی وت و وێژەکە. "ڕاە ارانی: لەم بابەتەوە لە نیو هێزە چەپەکاندا بە تایبەت دووکار و هەڵوێستی تو قسەی لەسەرە. یەکیان بەستنی دەفتەری تێکۆشانی سازمانی چەپەکانە لە دانشگا کە واوی دەچی بۆ ئەوە کرابی دانشگاکان لە هێزەکانی موخالیف پاك کرێنەوە و بکرێنە حیزب اللهی. لەم بابەتەوە حەرەکەتی ئێوە هەر لە ریزی پێشەوەی ئەم حیزب اللهییانەدا ڕەخنەی لەسەرە. مەسەلەی دووهەم، لەبابەت کوردستانەوەیە کە بە فەرمانی خومەینی ڕوو لە ئەرتەش و سپای پاسداران لە ٢٧ی مووردادی ٥٨دا لە ڕووداوەکانی پاوە وە دەستی پێکرد و شەری کوردستانی لیکەوتەوە. ڕەخنەکە لەو سوخەنرانییەی تو دەگیری کە داوات لە پێشمەرگە کرد چەکەکانیان دانین و هەرەشەت لیکردن کە فەرمان بە ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان دەدەی کە بە زۆر چەکیان لی بستینن. بە لە بەر چاو گرتنی ئەوە کە زەمان نیشانیدا کە هەرتك ڕووداوەکە بەشێك بوون لە ئیقداماتی بەرنامە بۆ داریژراو بۆ سەرکوتی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی خەڵك چ قسەیەکت لەسەر ئەم دەورونەقشەی خۆت هەیە؟"

پێش ئەوەی بچینە سەر وەڵامەکەی بەنیسەدر، جێگای خۆیەتی خاوەن پرسیارەکە "تسحیح" بکەین: تاوانی بەنیسەدر یان "ڕاە ئارانی" وتنی ئەو ڕەخنەیەی پێی بەنیسەدر دەگرێتەوە ئەوە نیە کە بەنیسەدر "قسە" و "سوخەنرانی"ی کردوە و "داوای" کردوە کە خەڵکی کوردستان چەك دانین. ئەمە، ئوستادیکی دانشگاش وەیا ڕۆژنامەنووسیکیش دەیتوانی کردبیتی و پەروەندەی سیاسی خۆی پی ئالوودە کردبی. تەنانەت تاوانی بەنیسەدر ئەوەش نیە کە "هەرەشە"ی کردوە فەرمان بە ئەرتەش و هێزە چەکدارەکان دەدا لە دژی خەڵك لە کوردستان بینە مەیدان. هەموو ئەم وشانەی "ڕەخنە" و "ئیراد" و "سوخەنرانی" و "هەرەشە" بە ئەنقەست بە جۆرێك هەڵبژیردراون کە باری تاوان لەسەر شانی بەنیسەدر سووك بکەن و پاش تێپەرینی دە ساڵ وانیشان بدەن کە ئەمانە هیچکامیان لە سنووری قسە تێپەر نەبوون و نەبوونەتە کردەوە. بەڵام ئەو تەجرەبە تاڵ و پرژانەی لە سنە بە گوشت و خوێنی زیندووی ئینسانیدا ڕوچوو، شاهیدی بۆ واقعییەتێکی بە پێچەوانەی ئەمە دەدەن، بەنیسەدر تەنیا قسە و سوخەنران وە یا داوای نەکرد، بەڵکوو خۆی وەك ڕەئیس جمهووری وڵات و فەرمانەدەی گشتی هێزە چەکدارەکان، سیاسەتی چەك کردنی کاملی خەڵکی کوردستانی وەك پێش مەرجی پێویست بۆ سەرکوتی موقاوەمەتی گەلی کورد و دامەزراندنی دەسەلاتی کونەپەرستانەی ڕژیمی ئیسلامی کە بەنیسەدر گویا ئەمڕۆ خەریکە هۆی زاڵ بوونی ئەو دەسەلاتە شی دەکاتەوە بە کردەوە گرتە پێش، ئەرتەش و هێزە چەکدارەکانی لە دژی ئەم خەڵکە هێنایە مەیدان، شاری سنەی بۆ ماوەی بیست و چوار ڕۆژی تەواو نوقمی ئاگر و خوین کرد و سەرەنجام هەموو ئەمانەشی کردە دەسمایەیەك لە کیشەی ناو خۆی دەزگای دەسەلاتدارەتی ئیسلامی دا.

بگەرِیینەوە سەر وت و وێژەکە:

"بەنیسەدر: ئەم پرسیارەی ئێوە بە ئیستلاح بەشێکە لەو سی مەسەلەیە کە جەریاناتی وابەستەسی کراسی عوسمانیان لی ساز کردوە، کە ئەگەر ئەو مەسەلەیەشی لی زیاد کری کە قژی ژن بەرقی هەیە ئیتر کامل دەبی!" (١)

بەنیسەدر نەك هەر شتەکە ناگرێتە ئەستو یان هەول نادا بۆ بیانوو هێنانەوە و داوای لیبووردن ناکا، بەڵکوو بە ئاشکرا بەرهەلست دەبێتەوە و ناوی ناسراوی" جەرەیاناتی وابەستە" لە موخالیفانی خۆی دەنی.

"ڕاە ئارانی" تەنیا ئەوەندە غیرەت وەبەر خۆی دەنی کە بلی:

"ڕاە ئارانی: بەڵام تەنیا جەرەیاناتی وابەستە نین. بەراستی لە نیو هەموو هێزەکانی چەپ دا ئەم مەسەلە و پرسیارانە هەن."

بەنیسەدر: واقعییەت ئەوە نیە، ئاغای تهرانی لە بیرەوەرییەکانیدا کە ئەم دواییانە لە کتێب دا بلاوی کردوەتەوە بەشێکی ئەمەی تەوزیح داوە. کاتێك قاسملووی ڕەحمەتی هاتە لای من، من ئیعتیرازم بەو کرد نەك ئەو بە من. من ئیعتیرازم پێکرد و وتم دەبی ئەوە تەوزیح بدا کە بۆچی لە سنە ئەو شەرەیان هەلایساند؟ مەسەلەکە ئەوەیە کە بە پێی هێندیك ئیتلاعاتی وەدەست هاتوو کە قتب زادەی ڕەحمەتی کریبووی عێراق بە تەما بوو هێرش بکاتە سەر ئێران و لە سەرەتای هێرشەکەدا دەبوو نیوەی ئێران بگری و حکوومەتێك دامەزرینی. حکوومەتی بەختیار بێنێتە سەر کار. بەشێکی دیکەی هەر ئەم بەرنامەیە ئەوە بوو کە قەزیەی کوردستان بە کوشتار چارەسەر بکەن. بۆ ئەوەی کە زەمینە فەراهەم بی دەبوو ئەرتەشی ئێمە لە لای ڕۆژئاوای وڵات چەك بکری هەتا ئەمانە توانیبایان بە ٤–٣ ڕۆژ لای ڕۆژئاوای ئێران داگیر بکەن. ئەمە بەرنامەیان بوو. من لە خووزستان بووم، کاتێك هاتمەوە تاران، ڕەئیسی ستاد هاتە لام و وتی لە سنە پێشیان بە هێزەکانمان گرتوە نەیان هێشتوە بچنە پادگان... بە ئاغای سلامەتی یانم وت تەلەفون لە ئاغای قاسملوو بکە پێی بلی ئێمە ئەوە خەریکین قەزیەی خودموختاری لە شوورای ئینقلاب دا دەبرینەوە. ئێوە ئەم گونگەلە چیە سازتان کردوە؟ ئێوە خۆتان پێتان خۆش نەبوو بۆچی نوینەرتان نارد بۆ وت و وێژ؟... ئاغای قاسملوو وەڵامی دایەوە وتی ئەوە من نیم کۆمەڵەیە وادەکا. ئێمە هەر لە سنە نین. بە کۆمەڵەیان وت بۆچی لی ناگەرین ئەرتەش بەرەو پادگان بچی؟ وتیان ئەرتەش دەیەوی بە بیانووی چوونە پادگان شار داگیر بکا. ئێمە دەمانزانی ئەوانە عێراق دنەی داون بۆ چەك کردنی لەشکر. لە نێو خۆی لەشکریشەوە جەماعەتێکیان هەلنا بوو کە گویا دەرگاکانیان بۆ بکەنەوە. ٢٣ کەسیش لەسەر ئەمە گیران. سەرەرای هەموو ئەمانە ئێمە وتمان ئەرتەش بە دەرەوەی شاردا دەچی ئیتر ئێوە قسەی ترتان هەیە؟ وتیان قسەمان نیە. بەڵام کاتێك ئەرتەش تێدەپەری تەقەیان لیکرد.

ڕاە ئارانی: کی تەقەی لیکرد؟

بەنیسەدر: کۆمەڵە! لەو ماجەرایە دا زۆر کەس کوژران و مەرکەزی ستادیشیان لەناو شار گەمارو دابوو و بەفەرماندەی ستادیان وتبوو توپێك مان پێوە بنیی سی توپت پێوە دەنیین. ئیتر ئێمە دەبوو لایەك هەڵبژێرین یان بە خیرایی دەست بە کار بووایەین و یان دەستمان لەسەر دەست دانابا هەتا تەرح و گەلالەی عێراق بەڕیوە چووبا و وڵاتەکەمان لە کیس چووبا. دەبوو لایەکیان هەڵبژێرین. چەند ساڵ لەوەپێش قاسملوو لە نامیلکەیەك دا کە لە دژی کۆمەڵە بلاوی کردەوە بۆ یەکەمین جار ئیعترافی بەم حەقیقەتە کرد. قاسملوو لەو نامیلکەیەدا نووسی کە لە سنە شەرەکە کۆمەڵە سازی کرد. من دیفاعم لە نیشتمانەکەم کرد... کاتێك مقەری کۆمەڵە لە سنەگیرا لیستی دابەشکردنی قورخانەی لەشکری کوردستان کەوتە دەستمان کە لە نیو حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە و فیدایی‌دا بەش کرا. بەهەر حال عێراق نەیتوانی خۆشبەختانە بەو جۆرە لە کوردستان پێشرەوی بکا کە خۆی بە تەمای بوو. کاتێك کە مەخفیگا بووم نامەیەکی ئاغای قاسملووم پی گەیشت کە دەعوەتی کردبووم بچمە کوردستان. ئەگەر ئەم قسانەی بە من دەگوترین ڕاست بوایەن دیارە منی دەعوەت نەدەکرد بچمە کوردستان. من جوابی ئەم نامەیەم هەر نەدایەوە. گلەیی لی کردبووم کە بۆچی جواب نادەمەوە. وتم من چ جوابیکی کەسێك بدەمەوە کە لەو شەرەدا بە بەرپرسی دەزانم؟ سەیرە ئەوە بزانن، کاتێك کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات حازر بوون لە بری ئەوەی ئەمانیان پی بدری چەك دابنین (٢) من نامەم بۆ خومەینی نووسی و داوای ئەمان نامەم بۆ ئەمانە کرد. خومەینی خۆی لە جوابی ڕوشن و ڕاشکاو نەدا. پیم وت ناکری بەمانە بلێی وەرن چەك دابنین و دوایی خەلخالی بنیرێتە سەریان. ئەگەر وەك پیغەمبەر ئەمانیان دەدەی، با من بچم وت و وێژیان لەگەڵ بکەم. خومەینی وتی تو خۆت هەروا ئەمانیان بدە. من خۆم لیم ڕاسپاردن کە چەکەکانتان دامەنین. هەموو ئەمانە بەلگەیان هەیە و لە لای من مەوجوودن. لە ئێرانیش مەوجوودن و ڕۆژێك هەموو ئەمانە ڕوشن دەبنەوە... لە پاریسیش مەسەلەی حیزبی دیموکرات هاتە گۆڕ. من وتم نەخیر قسە هەر ئەوەیە لە تاران کردم. نوینەری حیزبی دیموکرات هاتە ئێرە وتی: ئێمە ئەو کات "ئیتلاعیە"مان (لەسەر شەری سنە" بلاو کردەوە و مەحکوومان کرد. بەهەر حال من لیم قەبوول کردن کە ڕاست دەکەن و قسەکەم بۆ سەلماندن. دواتر چاوپێکەوتنیکمان لەگەڵ ئاغای قاسملوو بوو کە ئاغای تهرانی لە کتێبەکەیدا باسی کردوە. من بە قاسملووم وت ئێمە ئەوە دووبەدوو لێرە دانیشتووین و من پێت دەڵیم بۆچی ئەو کارەتان کرد؟ هەر ئەو دەلیلەی هێنایەوە و وتی ماجەرای سنە خەتای کۆمەڵە بوو. وتم ماجەرای ئەو لیستەی (چەك و تەقەمەنی و) دابەش کردن چیە؟ وتی ئیتر شەرەکە کە دەستی پێکرد نەمان دەتوانی خۆی تی نەگەیەنین...."

(ڕاە ئارانی: ژمارە ١٦، ڕەزبەری ١٣٦٨ تەئکیدەکان هی منن)

ئەم بیانووانە و ئەم تومەتانە زۆر لەوە بی پایەتر و واقعییەتە مێژوویییەکانی مەسەلەکە زۆر لەوە ئاشکراتر و بەلگەدارترن کە من بە پێویستی بزانم قسەیەکی زۆریان لەسەر بکەم و دەلیلەکان بێنمە بەرچاو، بێجگە لەوەش وا بە درستتر دەزانم ڕوونکردنەوەی ئیسباتی و تیر و تەسەلی مێژووی ئەم ڕووداوە، لە جەرگەی لیکولینەوەیەکی گشتیتری مێژووی شۆڕش و خەباتی چینایەتی لە دە ساڵی ڕابوردوودا لە کوردستان بکری نەك بۆ جوابدانەوە بە هاتەران پاتەران و ورینەی ئەم و ئەو. بیجگە لەمەش، جوابدانەوە، هەرچەند ناڕاستەوخۆش بی، بە کەسێك کە پلەی ئەخلاق و ئەمانەت و شەهامەتی هەتا ئەم ڕادەیە نزم بی، گەلیك لەشان قورسە. بۆیە من تەنیا ئەوەندە کە بۆ بەجی هێنانی ئەو ئەرکەی کە لە سەرەتای نووسراوەکەدا ئیشارەم پێکرد، پێویست بی، وەڵام دەدەمەوە. بەم مەبەستەش باسکردنی چەند خاڵ چ بۆ ڕەت کردنەوەی ئەو مفتەوێژییانە و چ بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە و هەروەها دەور و نەقشی کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات بە پێویست و کافی دەزانم:

بەنیسەدر بۆ تەوزیح دانی هۆیەکانی شەری سنە و پاساو کردنی نەقشی خۆی لەوەدا کە هێزی ناردە سەر خەڵکی کوردستان بۆ سەرکوت کردنی ئەو خەڵکە و داگیر کردن وشەلالی خوێن کردنی شاری سنە، داستانێکی سەرتاپی دروی ساز کردوە کە خۆشی لە هەموو کەس باشتر دەزانی فری بەسەر ڕاستییەوە نیە. بە گشتی ئەوەکە شۆڕش و بزووتنەوەکانی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بە دەسکردی "دەست و یەیوەندەکانی بێگانە" و "دوژمنی خارجی" و شتیتری لەم چەشنە دابنرین چاوبەستن و حیلەیەکی کۆنی هەموو کونەپەرستان و دەوڵەتەکان و جەرەیاناتی بورژوایە.

بە تایبەت ئەوە کە مەسەلەی کوردستان و خەباتی شۆرشگێرانەی کوردستان و داخوازەکانی گەلی کورد بە پیلانی عێراق دابنرین، خۆی پێلانێکی ناسراوە و لە چەندین ساڵ لەوە پێشەوە هەتا ئێستا کاکلەی تەبلیغاتی رەسمی جمهووری ئیسلامی بووە لە سەر ئەم مەسەلەیە. ئەو درویەی بەنیسەدر ئەمرۆ دەیکا هیچ جیاوازییەکی لەگەل تەبلیغاتی جمهووری ئیسلامی نیە، بێجگە لەوەکە بەنیسەدر دەیباتەوە شەش مانگ پێش دەسپێکردنی رەسمیی شەری ئێران و عێراقیش.

هەر ئەوەندە بەسە کەسێك بۆ یەکەمین جاریش بی ئەم پرسیارە و مەسەلانەی خوارەوە بنێتە بەردەم خۆی و هەول بدا وەڵامیان پی بداتەوە هەتا ئەوپەری درو و دووروویی ئەم ملهورە چاوبەستە ئاشرا بی:

١- ئایا شەری ئێران و عێراق لە مانگی حاکەلیوە و گولانی ساڵی ٥٩وە کە پادگان و هێزی ناردراوی ناوبراو درێژەیان بە کوشتاری خەڵکی سنە دەدا دەستی پێکرد؟ ئەگەر نا، ئایا ئەو "تەرح و گەلالە"یە کە باسی کرا لەبەر ئەوە تێك چوو کە ئەو هێزە خۆی گەیاندە پادگانی سنە و دەستی کرد بە گوللە باران و خومپارەباران کردنی شار؟ ئایا هیچ ناشارەزایەکیش دەتوانی ئەوە قەبوول بکا کە ئەو هێزەی ناردرا بووە سنە بە هیچ شێوەیەك دەیتوانی لە چاو (بەرینایی) شەری ئێران و عێراق دەور و نەقشێکی هەبی؟ بە راستی هیچ مێژوو نووسێك لە هیچ کویی دنیا دەتوانی بلی شەری ئێران و عێراق وە یا شەش مانگ وەدرەنگ کەوتنی ئەو شەرە هەر پەیوەندی بەو پیلانەوە هەیە کە باسی کرا؟ ئایا ئەگەر ئەو هێزە نەناردرابا، عێراق هێزەکەی خۆی لە جیاتی خووزستان دەهێنایە سەر کوردستان؟ ئایا لە بەر ئەمە بو کە جەبهەی شیمالی لە شەری فەرعیتر بوو و ئەگەر ئەو شەرەی سنە جمهووری ئیسلامی هەڵی نەگرساندبا، ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکیتر دەبوو؟ ئایا ئەو هێزە و بە گشتی پادگانی سنە هەتا ٣ ساڵ دواتریش، لەبەرانبەر هەزاران گولله توپ و خومپارەدا کەبەسەر خەڵکی سنەی دا هەلرشت، تەنانەت تاقەیەك گوللەشی بە عێراقەوە نا؟

شەری ئێران و عێراق هۆی مێژوویی و ئابووری و سیاسی تەشەنەداری مەنتەقەیی و جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەوەکە هۆیەکانی دەسپێکردنی یان زەمانی دەسپێکردنی ئەو شەرە بە بزووتنەوەی کوردستان نیسبەت بدری، نەك تەنانەت بەو چەشنە بیشەرمانەیە کە بەنیسەدر باسی دەکا و بە پێی "ئیتلاعاتێك" کە فلانە یان فیسارە رەحمەتی لە جیگایەکی کریبوو، بەڵکوو بە هەر شکلیکی تریش، لە باری مێژوویی‌یەوە نادروستە و هەتا ئێستا هیچ کەسێکی جیددی کاری وای نەکردوە. هەر وەك بزووتنەوەی کوردستانیش ریشەی لە هۆی مێژوویی و هەروەها وەزعییەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێران و کوردستان و یەك لەوانە شۆرشی ئێران دایە و نیسبەت دانی ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی خاریجی و شتیوا، تەنانەت ئەگەر بە نیازی بەدناو کردن و تاوانبار کردنی ئەو بزووتنەوەیەش نەبی، دیسانیش لە باری مێژوویی و سیاسی‌یەوە بە تەواوی نادروستە. سادەترین دەلیل ئەوەیە کە بزووتنەوەی کوردستان و شەری کوردستان پێش شەری ئێران و عێراق، کاتێك کە هیچ نیشانەیەکی ئەو دوژمنایەتی‌یە دەر نەکەوتبوو، دەستی پێکرد و بە کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراقیش بزووتنەوە و شەری کوردستان کوتیای پی نەهاتوە.

بەلام ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە عێراق بە درێژایی دەورانی شەری ئێران و عێراق وەك فاکتوریکی عەینی کەلکی لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانی ئێران وەرگرتوە، لیرەدا دەبی ئەوە بخرێتە بەرچاو کە خۆدی ئەو دەوڵەتەش لەگەل مەسەلەی کورد و لەگەل شەری کوردستان لە وڵاتەکەی خۆی بەرەو روو بووە. کەوایە بە گشتی بزووتنەوەی کوردستان ناتوانی بەشێوەی یەك لایەنە وەك هۆیەکی موساعیدی عەینی بە قازانجی هیچکام لەو دوو دەوڵەتە چاوی لی بکری.

بەلام با پەیوەندیکی زۆر واقیعی و روشن کە لە نیوان شەری ئێران و عێراق و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان دا بووە و هەر ئێستاش لە قسەکانی بەنیسەدر دا خۆی نیشان دەدا، دەست نیشان بکەین: یەکیك لە کار کردەکانی شەری ئێران و عێراق بۆ رژیمی ئیسلامی ئێران، نەك هەر لە کوردستان بەڵکوو لە سەرتاسەری ئێران، سەرکوت کردنی شۆرش و بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەکان و خەباتی حەقخوازانەی کۆمەلانی خەڵك بە بیانووی شەر لەگەل عێراق بووە. بەنیسەدر هێشتاش لەم بابەتەوە، عەینەن هەر وەك رژیم دەجوولیتەوە. ئەم داردەستە فری دراوەی خومەینی هیشتاش خەرێکە لە شەری ئێران و عێراق تەنانەت لە بابەت رووداوێك کە مەربووتە بە ٦ مانگ پێش دەسپێکردنی ئەو شەرە لە دژی شۆرش و بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بەهرەبەرداری دەکا.

٢- ئاخرییەکەی کامیان وەراست گەران و زەمان کامیانی ئیسبات کرد: ئەوە کە کۆمەڵە دەیگوت ناردنی ئەم هێزە راستەوخۆ بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی شاری سنە و دوابەدوای ئەوەش بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستانە و مەسەلەی عێراق بیانوویەکە بۆ ئەم کارە، یان ئەوەکە ئێوە ئیددیعاتان دەکرد و ئێستاش دووپاتی دەکەنەوە کە ئەو هێزە بۆ خو تەیار کردنە بەرانبەر بە عێراق و بو پووچەل کردنەوەی فلان و فیسار پیلانە؟ و ئەگەر ئەو هێزە نەناردرابا "وڵاتەکەمان لە کیس چووبوو"؟ سەرئەنجام ئایا ئەو هێزە (و گەلیك هێزیتریش کە مانگان و ساڵانی دواتر ناردرانە کوردستان) چووە شەری عێراق یان چووە شەری خەڵکی شاری سنە و باقی کوردستان؟

خۆدی بەنیسەدر کە دەزانی ئەو خەیالانە درووینەیەی قەت لە واقعییەت دا رووی نەداوە، ئاوا سەر و بەری مەسەلەکە ویك دێنێتەوە: "بەهەر حال عێراق نەیتوانی خوشبەختانە بەو شێوەیە لە کوردستان پێشرەوی بکا کە خۆی بە تەمای بوو".

راستی‌یەکەی ئەمە ئیتر چاو بەستنیش نیە، رەزالەتێکە کە تەنیا لە بەنیسەدر دەوەشێتەوە.

٣- بەنیسەدر وەك قاتلیك کە هەول دەدا تاوانی قەتلیك کە رووی داوە بنێتە پال کەسێکیتر، هەول دەدا سناریویەك هەلبەستی و بۆ ئیسباتی بی تاوانی خۆی سەحنە سازی بکا، بەلام لەم رێگایەدا تەنانەت ناتوانی ئەوە بەیان بکا کە ئەو کەسانەی دەیەوی بە تاوانباریان لە قەلەم بدا بە چ مەبەستێك ئەم کارەیان کردوە. بە پێی سناریوکەی بەنیسەدر گوایە عێراق لە سەرەتای هێرشەکەی‌دا نیوەی ئێرانی دەگرت و حکوومەتی بەختیاری دەهێنایە سەر کار و ئەم بەرنامەیە بەشیکیشی ئەوە بوو کە مەسەلەی کوردستان بە کوشتار چارەسەر بکەن."

بەشەکانی‌تری ئەم سناریویە لەولا راوەستی، بەلام ئاخر خەڵکی کوردستان چلون دەیانویست مەسەلەی خۆیان بە کوشتاری خۆیان چارەسەر بکەن؟ ئەمە چلون "چارەسەر"یکە کە رەنگە خەڵکی کوردستان بە لایدا چووبن؟ و بێجگە لەوەش لەبری قەبوول کردنی ئەم "چارەسەر"ەی مەسەلەی کوردستان بە کوشتاری خۆیان، قەرار بوو چ ئیمتیازیك بە خەڵکی کوردستان بدری؟ سەرئەنجام، خەڵکی کوردستان لە پێناو چ شتێك دا حازر دەبوون هەموو ئەم پیلانە خوێناوی‌یە بەسەر خۆیان بێنن؟ بەنیسەدر تەنانەت ئیشارەیەکیش بەم مەسەلەیە ناکا.

وە سەرئەنجام ئەگەر قەرارە کۆمەڵە لەم تەرح و گەلالەیەدا دەور و نەقشێکی بووبی، چ مەبەستێکی بووە و چ بەرژەوەندیکی سیاسی هانی داوە بۆ ئەم کارە؟

جیاواز لەوەی ئەم تومەتە چەندە بیشەرمانەیە، ئەگەر چاو لە مەسەلەکە بکەین، بەنیسەدر بێجگە لەوەی وای دانابی میللەتێك بە تیکرا عەقل و ئاوزیان لەدەست دابی و میشکیان تێك چووبی، هیچ شتیکیتر شك نابا کە خەڵکی کوردستانی هان دابی بۆ ئەوەی ئەم تاوانە بکەن.

بە پێی ئەم سناریویە هەر کەسە بەشی خۆی پی دەبرا عێراق قەرار بوو نێوەی ئێران بگری، بەختیار حکوومەتی بەدەستەوە دەگرت، بەلام خەڵکی کوردستان چی؟ خەڵکی کوردستان تەنیا قەرار بوو خۆیان بەدەست جمهووری ئیسلامی بە کوشت بدەن؟ بەم جۆرە قاتل خەریکە باسی ئەوە دەکا کە کوژراوەکە پیلانی گیراوە بۆ ئەوەی خۆی بەدەست ئەو بە کوشت بدا!

هەموو کەس دەزانی کە بەنیسەدر خەریکە تیکەل دەکا، بەلام ئەمە ئیتر بەراستی تیکەلاوی گەوجیتی و بیشەرمی‌یە.

٤- بەنیسەدر بە ئەنقەست خۆی لەوە دەدزیتەوە کە باسی پێشینە و زەمینەی سیاسی شەری سنە بکا. دەلیی تاقە یەك جار رژیمی جمهووری ئیسلامی، کاتیك کە بەنیسەدر لە سەر کار بوو، هێرشی چەکدارانەی هێناوەتە سەر کوردستان و ئەویش تەواو بە جی بووە و "وڵات"ی نەجات داوە کە "لەکیس" نەچی، چونکوو پیلانێکی پووچەل کردوەتەوە کە خۆدی خەڵکی کوردستان و بە تایبەت خەڵکی سنە بۆ دەسپێکردنی هەر ئەو هێرشە! دایان رشتبوو. بەلام ئایا یەکەم مەگەر ئەمە سەرەتای شەری کوردستان بوو؟ وە یا مەگەر شەری کوردستان بەمە کوتایی پی هات؟ و دووهەم ئایا خەسلەت و ناوەرۆکی ئەم تاقە شەرە لە شەری کوردستاندا، لە چاو هەموو شەرەکانی تەواوی ئەم دەورە دە ساڵەیە جیاواز بووە؟

لە راستیدا نە شەری سنە لە خاکەلیوە و گولانی ١٣٥٩دا هەنگاویکی جیاواز و تاقانە و دابراو لە کوللی سیاسەتەکانی پێش و پاش ئەو رووداوەیە و نە تەنانەت شێوەی پاساو کردن و شێوەی عەوامفریوی لە بابەت ئەو شەرەوە، شتێکی جیاوازە.

ئەگەر تەنانەت پیلانگیری و ئاژاوە نانەوە و دەسدرێژی‌یە پەیتا پەیتا و خوێناوی‌یەکانی رژیمی ئیسلامی لە دژی خەڵکی کوردستان لە تەقریبەن هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کاری ئەم رژیمەوە دەستی پێکرد و گیرانەوەی لەم نووسراوەیەدا ناگونجی لەولا دانیین و تەنیا بروانینە هێرشە سەراسەری و راگەیندراوەکەی رژیم بۆ سەر کوردستان تاریخەکەی دەگەرێتەوە بۆ ٢٨ی مورداد (گەلاویژ)ی ساڵی ١٣٥٨. ئەو شەرە سیستماتیك و درێژ خایەنەش کە بە شوین ئەوەدا لە کوردستان هەڵگرساوە، هیشتا هەر بەردەوامە. هێرشی خوێناوی بۆسەر سنە لە بەهاری ١٣٥٩دا کە بەنیسەدر دەسپیشکەری تیدا کرد، وە یا لانی کەم ئەو کات پێی خۆش بوو وا دابنری و لەم وت و وێژەش دا رەتی ناکاتەوە، هەرچەندیش زەق بی، تەنیا یەکیکە لە ئالقەکانی سیاسەتی گشتی رژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ سەرکوت کردنی کوردستان و یەکی لە زنجیرە هێرشە خوێناوی‌یەکانی ئەو رژیمە بە درێژایی دە ساڵ شەری کونەپەرستانەی جمهووری ئیسلامی لە دژی زەحمەتکێشانی کوردستان.

پاش فەرمانی هێرشی خومەینی لە ٢٨ی مورددادی ساڵی ١٣٥٨دا، بە بیانووی نەجات دانی ژنانی موسولمان کە گویا کۆمۆنیستەکان و کافرەکان لە مزگەوتی جامعی سنەدا بە بارمتەیان گرتبوون، شەریك لە کوردستان هەلگرسا کە هیشتاش درێژەی هەیە و بێجگە لەوچانیکی چەند مانگە تەنانەت ئاگر بەسیکیشی بە خۆیەوە نەدیوە. لە یەکەمین قوناغی ئەو شەرەدا کە نزیکەی ٣ مانگی خایاند، هێزەکانی جمهووری ئیسلامی پاش هەندیك سەرکەوتنی کورت خایەن کە لەسەرەتا دا وەدەستیان هێنا، لەبەر هۆی جۆراوجۆر تووشی گەلیك شکستی گەورە بوون. رژیم بە ناچار و بۆ پێش گرتن بە لەبەریەك ترازانی کاملی هێزە چەکدارەکانی خۆی لەو مەنتەقەیە، وەدەست هێنانی ئیمکانی مانوری سیاسی، وچان گرتن بۆ بەخودا هاتنەوە و خۆ تەیار کردنەوە و خۆ ساز کردن بۆ هێرشی سەرلەنۆی و پێك هێنان یان بەرین کردنەوەی کەلینی ناوخۆی نیوان هێزە سیاسی‌یەکانی کوردستان، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت لە دەورەی حکوومەتی بازرگان دا روخساری سیاسەتی خۆی گوری: خومەینی "پەیامی سولح"ی دا، دەوڵەتی بازرگان "هەیئەتی تایبەت"ی نارده کوردستان، پیشنیاری ئاگر بەسی کرد و بە کایە کردن بە مەسەلەی وت و وێژ خۆی خەریك کرد.

بەش بە بەشی سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەو سەردەم دا نیشاندەری ئەوە بوو کە خۆ ئامادە کردنێکی سیاسی و تەبلیغاتی و چەکداری بۆ هێرشیکی تازە بۆ سەر گەلی کورد لە کار دایە و درەنگ یان زوو ئەو هێرشە دەست پێدەکا. تەبدیل کردنی وت و وێژەکە بە گالتە جارێك بۆ هاوکاری لەگەل قاسملوو و حیزبی دیموکرات، مانور و خو خافلاندن، ئاژاوەچیەتی و دوو بەرەکی نانەوە، کۆ کردنەوەی هێزی چەکدار بە شێوەی بەرین و ئاشکرا هەر بە هاوکاری حیزبی دیموکرات و سات و سەودا لەگەل ئەو حیزبە، دەسپێکردنی پێشرەوی لە جادەکان و هەندیك ناوچەی دیاریکراو و دەسپێکردنی داگیر کردنی هەندیك ناوچەی دیاریکراو، توندوتیژ کردنەوەی هەڵویستی تەبلیغاتی و شل کردنی هەوساری مفتەویژی و عەوامفریوی بیشەرمانە لە بابەت بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان و هەنگاوی‌تری لەم چەشنە، جیگای گومانی بۆ هیچ کەس نەهیشتبووەوە کە ئەو هێرشە هەر بە زوویی دەست پێدەکا. سەرئەنجامیش ئەم دووهەمین هێرشە بەرین و سەراسەری‌یە بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد.

ئەمجارە کە رژیمی ئیسلامی بە ئەزموونیکی زیاتر و بە نەقشە و ئامادەیی کافی دەست بە کار بوو و بە پێی تەرحیك کە بووی دەبوو لە پێشدا شارەکان، پاشان جادە سەرەکی‌یەکان و سەرئەنجام رێگە فەرعی‌یەکان و دیهات داگیر بکا، یانی تەقریبەن هەمان مەبەست کە بە درێژایی چەندین ساڵ شەری بەرین و خوێناوی پێی گەیشت و لە ئەنجام دا ئەمرۆ خەباتی چەکدارانە لە کوردستان تەواو بە شکلی پارتیزانی بەرێوە دەچی.

هێرش هێنان بۆ سەر سنە بەشێك لەو نەقشەیە بوو و ئەوکات بەشێکی گرینگی ئەو نەقشەیە بوو، ئەگەرچی بە یەکەمین هەنگاوی جەنگی‌ی جمهووری ئیسلامی بۆ داگیر کردنەوەی سەر لە نویی کوردستان و بە یەکەمین شەری موقاومەتی خەڵکی کوردستان حیساب نەدەکرا. لە راستیدا خۆ ئامادە کردن و جم و جوول و دەسدرێژی‌یە سەرەتایی‌یەکان بۆ دووهەمین هێرشی بەرینی رژیمی ئیسلامی بۆسەر کوردستان هەر ئەو کات دەستی پێکردبوو. هێرشەکانی یەك لە دوای یەکی هێزەکانی رژیم بۆ سەر کامیاران کە هەر لە مانگی ریبەندانی ساڵی پەنجاو هەشتەوە دەستی پێکرا بوو، شکلیکی تەواو بەرینی بە خۆیەوە گرت و بوو بە هێرشی چەکدارانەی پر بە پر بۆ داگیر کردنی ئەو ناوچەیە. هەروەها لە بابەت ناوچەکانی شیمالی کوردستان رژیم هێرشی چەکدارانی جیددی خۆی لە "گەلی قاسملوو"وە دەست پێکردبوو. بۆ هەرکام لەم هێرشانەش بیانووی پێویست دادەتاشران و "پیلان"یکی تایبەت خراپتر یان باشتر لەوەی بەنیسەدر، دەدوزرایەوە.

خودی هەرا تەبلیغاتی‌یەکەی بەنیسەدر لە بابەت چەك کردنی خەڵکی کوردستان، هەرایەکی تەبلیغاتی کە بە هەزار بیانوو دەی هێنایە گۆر و ئەو کات زۆری پی خۆش بوو هەموان بزانن ئەم تەبلیغاتە بەنیسەدر بەرێوەی دەبا، خۆی بەشێك بوو هەر لەم بەریاردانەی کاربەدەستانی رژیمی ئیسلامی بۆ پاشگەز بوونەوە لە سیاسەتی وەعدە و بەلین و بەرێوە بردنی دووهەمین هێرشی بەرین و کوتایی هێنان بە موقاومەتی گەلی کورد و زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرکوت کردنی یەکجاری.

بەنیسەدر وەك رەئیس جمهوور و سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی خومەینی لە دارژتنی ئەم سیاسەتەدا و لەم بریاردانە دا بەشدار بووە. هەر خۆی بوو بە ئەرتەشی وت هەتا خەڵکی کوردستان بە تەواوی چەك نەکەن پوتینەکانتان دامەکەنن. بە چاوەدیری خۆی و بە ئاگاداری و تەئییدی خۆی پادگانیك کە گویا قەرار بوو بەرانبەر بە عێراق تەقویەت کرابی، چاردەهەزار گوللە توپ و خومپارەی بەسەر خەڵکی شاردا هەلرشت و گەلیك شتی‌تر.

چاوبەستی و عەوافریوی گەوجانەی بەنیسەدر کە هەول دەدا ئەو هێرشە دیاریکراوە لە کوللی سیاسەتی جمهووری ئیسلامی و لە هەرا تەبلیغاتییەکانی خۆی کە هەر لەسەر ئەم شەرە سازی کرد جیاکاتەوە و وا نیشان بدا کە ئەو هیرشە دیاریکراوە هیچ پەیوەندیکی نەبووە و لەگەل شەریك کە پێش ئەو هێرشە و هاوکات لەگەل ئەو هێرشە و دوای ئەویش هەر ئەم رژیمە لە دژی هەر ئەم خەڵکە بەرێوەی بردوە و بەرێوەی دەبا، هەروەها بارکردنی تاوانی پیلانگیری لەسەر شانی قوربانیانی ئەم دەسدریژییە، تەنیا وەك تەقالا بیشەرمانەی تاوانباری ئەم پەروەندەیە بۆ دەرباز بوون لە مەحکوومییەت، تومار دەکری.

بێجگە لەوە خودی سیاسەتی گشتی رژیمی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستانیش تەنیا لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی گشتیتری ئەم رژیمەدا بەرانبەر بە شۆرش، بەرانبەر بە کرێکاران و رێکخراوە کرێکارییەکان، بەرانبەر بە خەڵکی زەحمەتکێش و بزووتنەوە حەقخوازانەکانیان، بەرانبەر بە کۆمۆنیستەکان، بەرانبەر بە ژنان، بەرانبەر بە کەمایەتی میللی و مەزهەبییەکان، بەرانبەر بە ئازادییە سیاسییەکان و شتیتری لەم چەشنە، جیگای دروستی خۆی دەبینێتەوە و هەموو لایەنەکانی دەبینری.

دەبی لەم کونە نوکەرەی خومەینی پرسیار بکری ئایا پەیوەندی سیاسەت و کردەوەی تو لە کوردستان لەگەل سەرجەمی سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی چ بوو؟ ئایا سیاسەت و کارکردی تو لە کوردستان دیاردەیەك بووە بە تەواوی جیاواز و دابراویان بەشێك بووە لە سەرجەمی سیاسەت و ریبازی جمهووری ئیسلامی؟

هەروەها ئایا پەیوەندی ئەم سیاسەت و کارکردەی تو لە کوردستان لەگەل سەرجەمی کارکردەکانی خودی تو چیە؟ هەڵویستی تو بەرانبەر بە کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاریش کە ئەتوت "شوورا و موورا فت، دەبی کار بکەی"، ئەوەش هەر بۆ پووچەل کردنەوەی پیلانی بەختیار و عێراق بووە؟ ئەوە کە وەك عەلەمدار کەوتیتە پێش "خەڵك"ی حیزب اللە بۆ شەلالی خوین کردنی دانشگا، ئەوە چی؟ ئایا هەموو ئامانە لەگەل ناردنی ئەرتەش بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی سنە و باقی کوردستان، خزمەتی کرد بە دامەزران و پتەو بوونەوەی دەسەڵاتی جمهووری ئیسلامی، کە ئەمرۆ لەگەل جەماعەتی ناسیونال لیبرال کە خۆیان لە گوناهی پێشوویان شوردوەتەوە دانیشتووی و هەرتك لاتان عەقلتان ناوەتە سەر یەك و خەریکن لە هویەکانی دامەزرانی ئەم دەسەڵاتە دەکولنەوە وە یا خیر بەشیك بوو لە بەرنامەی ئێوە بۆ "یەکگرتوو کردنی هێزەکانی لایەنگری ئازادی"؟!

٥- زانینی ئەوە کە بۆچی داگیرکردنی سنە و سەرکوت کردنی کاملی ئەو شارە و شەلالی خوێن کردنی، بۆ جمهووری ئیسلامی ببووە ئالقەیەکی سەرەکی لە بەریوەبردنی ئەم سیاسەتەدا کە پێشتر باسی کرا و رژیم بۆچی هێرشی بەرینی خۆی لەو ناوچەیەوە دەست پێکرد، خۆی یارمەتی دەدا بە ئاشکرا کردنی پیلانی رژیم لەو سەردەم دا و ئاشکرا کردنی دروکانی ئیستای بەنیسەدر (٣) لە راستیدا خودی ئەمەش ئەو کات بەشێك بوو لە نەقشەی جمهووری ئیسلامی. دەلیلەکەشی روشن بوو: سنە ببووە ناوەندیك بۆ هەنگاوی شۆرشگێرانەی زەحمەتکێشان و پەرەگرتنی رادیکالیزمی بزووتنەوەی کوردستان، جیگایەك کە شووراکانی گەرەکەکان و بنکەکان (کەم تا زۆر وەك باسکی چەکداری ئەو شوورایانە) تێیدا سەریان هەڵدابوو و بە گشتی هاتنە مەیدانی جەماوەر و بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و بەرێوە بردنی کار و بار ئەگەرچی هێشتا بە شێوەی کرچ و کال، لە چاو باقی شارەکانی ئێران زیاتر بوو، جیگایەك کە نفووزی کۆمۆنیستەکان تێیدا یەکجار زۆر بوو و کۆمەڵە سازمانی خۆشەویستی زەحمەتکێشان بوو، جیگایەك کە جەریانانی مەزهەبی ئەگەرچی هێشتا خوزووریان بوو بەلام شکستیکی بەرچاویان لەدەست کۆمۆنیستەکان و هێزەکانی چەپی کۆمەڵە بەسەردا هاتبوو و حیزبی دیموکرات نفووزێکی وای نەبوو و... .

لەبەر هەموو ئەم هۆیانە تەواو تەبیعی بوو کە لە روانگەی جمهووری ئیسلامییەوە هەوڵدان بۆ داگیر کردنی سنە و تێك شکاندنی بزووتنەوەی شۆرشگیرانە لەوی، ئەرکیکی گرینگ و سەرەکی بی. هەر ئەمەش بە روشنی نیشان دەدا کە چلون وەری خستنی شەر و کوشتار لە سنە سیاسەتێکی جمهووری ئیسلامی بوو کە تەواو بیری لی کرا بووەوە و رژیم دەیزانی ئەمە بۆچی دەکا و کارکردی بەنیسەدریش بێجگە لەمە هیچ شتێکیتر نەبووە و هەر رەحمەتییەك هەر "ئیتلاعات"یکی کریبی ناتوانی مەسەلەکە بشاریتەوە.

٦- بەلام ئەوە کە رژیمی ئیسلامی ئەو ناوچەیەی بۆ هێرشی قورس خۆی هەڵبژارد هویەکی موشەخەسی دیکەشی هەبوو و ئەویش ئەوە بوو کە کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی هیوادار بوون بە پشت بەستن بە سات و سەودای نهێنی لەگەل حیزبی دیموکرات، کە لە دەمیك لەوەپێشەوە درێژەی هەبوو و خۆی رێگا خوشکەر بوو بۆ هێرشەکانی جمهووری ئیسلامی، لە قوناغە سەرەتاییەکانی ئەو هێرشەدا خۆیان تووشی حیزبی دیموکرات نەکەن. هەڵبەت لەم کارەدا سەرکەوتنیشیان وەدەست هێنا. حیزبی دیموکرات هەر قولە مەئمووریکی حکوومەت لە ژووری درگا داخراویش دا مەرحەبایەکی لیکردبا شایی لە دلی دەگەرا و ئەم جۆرە مەرحەبایانەش بۆ رژیم هیچی تی نەدەچوو. ئەوە کە بەنیسەدر ئەوەندە ئەخلاقی قاسملووی لە لاپەسندە و باسی دەکا و باسی ئەوە دەکا کە حیزبی دیموکرات لە "پیلان"ی ناو براودا و لە "شەر هەڵایساندن"ی سنەدا بەشدار نەبووە، بەلگەیەکی ئاشکرایە بۆ بەشداری حیزبی دیموکرات لە پیلانی وایقعی و وەدی هاتووی رژیمی جمهووری ئیسلامیدا بۆ سەرکوت کردنی خەڵکی کوردستان و لەو سەردەم دا بە شێوەی موشەخەس شەری سنە، ئەگەرچی حیزبی دیموکرات لەو پیلانەدا وەك دەسکایە و بە شێوەیەکی لاوەکی و بی دەسەڵاتانە بەشداری بووە.

بەنیسەدر و قاسملوو کە هەرتکیان کۆمەڵە بە هەڵگرساندنی شەری سنە تاوانبار دەکەن، ویرای ئەوە کە هەول دەدەن دیفاع لەو کارە سەرشورانەیە بکەن کە هەرکامیان بە جۆرێك ئەوکات کردیان، بەناچار پاکانە بۆ جمهووری ئیسلامی و کوللییەتی سیاسەتی ئەو رژیمە دەکەن. هەرتکیان بەم جۆرە بە پێچەوانەی ویستی خۆیان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بە راستی چ پیلانیك لە کاردا بووە.

بەنیسەدر بە درێژایی باسەکەی خۆی لەم بابەتەوە گەلیك جار قسەکانی قاسملوو بە شاهید دەگری و باسی ئەوە دەکا کە قاسملوو کۆمەڵەی بە تاوانبار زانیوە نەك رژیمی جمهووری ئیسلامی و خۆدی بەنیسەدر. بەم جۆرە، بە بی ئەوەی خۆی بیهەوی، هەموو ئیددیعاکانی خۆی سەبارەت بە پیلانی هاوبەشی عێراق و بەختیار و کۆمەڵە رەت دەکاتەوە و نیشان دەدا کە هەتا چ رادەیەك شەری سنە نەقشە و کاری حیسابکراوی جمهووری ئیسلامی بووە و چلون لەوەدا کە خۆی تووشی حیزبی دیموکرات نەکا و نەك هەر ئەوە بەڵکوو ئەو حیزبە وا لی بکا کە لە باری سیاسی و تەبلیغاتییەوە پاکانە بۆ نەقشەی جمهووری ئیسلامی بکا، سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

ئەوە کە "حیزبی واقیع بینی ئێمە" لەم نیوەدا بێجگە لە ریسوایی هیچی پی نەبراوە و نزیکەی دە ساڵ بە دووی وەعدە و بەلینی پووچی جمهووری ئیسلامیدا ویل بووە، مەسەلەیەکی ترە. بەهەر حال بە بەڵگە هێنانەوە و بە شاهید گرتنی قسە و هەڵویستەکانی قاسملوو و گەردن کەچی و شێوە ئاخا وتنی پاکانە ئاسای لە لای بەنیسەدر ویرای ئەوەکە بەلگەیەکە بۆ دەرکەوتنی بیگانەیی و جیاوازی نیوان بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و حیزبی دیموکرات، ئەوەش نیشان دەدا کە بەنیسەدر هیشتاش عەینەن هەمان سیاسەتی ئاشنای جمهووری ئیسلامی لە حاست حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە، لە لایەن خۆیەوە درێژە پی دەدا.

٧- لەبابەت مەسەلەی "شەر هەڵایساندن" لە کوردستانیش باس کردنی چەند شت پێویستە:

پێك هێنەر و درێژە پیدەری شەر لە کوردستان، بە شاهیدی تاریخی زیندووی دە ساڵەی رابوردوو و هەروەها بە شاهیدی کیویك بەلگە و نیشانەی روشن و حاشا هەڵنەگر، ئەوەندە ئاشکرایە کە هەر چەشنە تەقالایەك بۆ گورین و بە پێچەوانە نیشاندانی، پێش هەموو شتێك جیگای سەرسورمانە بۆ ئینسان. بەلام ئەمە تەقالایەکە کە هەر جارە نا جاریك لە لایەن قسەکەرانی رژیمی ئیسلامی وە یا هاودەستانی ئەو رژیمەوە کە ویستوویانە پاکانەی بۆ بکەن و جینایەتەکانی بۆ داپوشن، بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە کراوە. ئەو شتەی بەنیسەدر ئەمرۆ لە بابەت "ئاژاوە چیەتی" کۆمەڵە ئیددیعای دەکا تەنیا نیشاندەری ئەوەیە کە بە تەواوی پابەندی بنەماکانی جمهووری ئیسلامی و هەڵویستە سیاسییەکانی ئەو رژیمەیە و هەروەها نیشاندەری ئەوەیە کە بۆ دژایەتی و بەرانبەرکی لەگەل شۆرش و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش هیچ جیاوازییەکی بنەرەتی لە نیوان ئەم دووانەدا نیە. (٤)

لە هەمان دەورەی ئاگر بەسی چەند مانگەدا کە تەنانەت لەویش جمهووری ئیسلامی هەرگیز دەستی لە پیلانگیری و ئاژاوەی چەکدارانە هەڵنەگرت هەیئەتی تایبەتی دەوڵەت قەت حازر نەبوو هەنگاوی یەکەمی وت و وێژێکی جیددیش کە بریتییە لەوە کە لایەنی وت و وێژەکە وەك لایەنی وت و وێژ بە رەسمی بناسری هەڵگری و تەنانەت ئەوە قەبوول بکا کە گەلی کورد مافی ئەوەی هەیە نوینەرانی خۆی بو وت و وێژ هەڵبژیری.

کی هەیە لە بیری چووبێتەوە کە بە ناو وت وێژی رەسمی هەیئەتی تایبەتی دەوڵەتی جمهووری ئیسلامی لەگەل هەیئەتی نوینەرایەتی گەلی کورد تەنیا ٤٥ دەقیقەی خایاند کە ئەویش هەر یەکتر ناسین و قسەی ئیفتتاحیە ئەوەندەی پی چوو؟ تەواوی چاو پێکەوتنەکانی دواتر لە لایەن جمهوروی ئیسلامیشەوە تەنیا بۆ خۆ خافلاندن، پێك هێنانی حالەتی چاوەروانی لە خەڵکی کوردستاندا، لە خو لادانی حیزبی دیموکرات و شتیتری لەم چەشنە بوو. مەگەر پاش کوتایی پی هاتنی ئەم دەورەیەی رەوشتی سیاسی جمهووری ئیسلامی، یەکیك لەو تاوانانەی وە پال دەوڵەتی بازرگان دەنرا و پاش لەسەر کار لاچوونی ئەو دەوڵەتە گەلێك جار لە رادیو و رۆژنامەکاندا کاربەدەستانی رژیم باسیان دەکرد، هەر ئەم "وت و وێژ" و سیاسەتی وەعدە و بەلینە نەبوو کە رژیمی جمهووری ئیسلامی بە پێی زەروورەت لە دەورەی دەوڵەتی بازرگاندا رەچاوی کردبوو؟ مەگەر خودی خومەینی نەیگوت "ئەوەل محاسرە بەعد مزاکرە" و هێرشی نەکردە سەر "سازشکاری" و "سستی"ی سیاسەتی جمهووری ئیسلامی لەو دەورەیەدا؟

جا بەنیسەدر وەك ئەوەی قسە بۆ مندالان بکا دەلی: "وتم بچو تەلەفون لە ئاغای قاسملوو بکە پێی بلی ئێمە ئەوە خەریکین قەزیەی خودموختاری لە شوورای ئینقلاب دا دەبرینەوە" و ئەمە لە حالیکدایە کە جمهووری ئیسلامی هیچ کاتیك و تەنانەت لە دەورەی ئاگربەس و وت وێژە گورینەکەش دا، حازر نەبووە تەنانەت وشەی خودموختاری، جا بە هەر ناوەرۆکیکەوە، قەبوول بکا و بە کاری بەری.

بە راستی شوورای ئینقلاب خەریك بوو خودموختاری کوردستان، تەواو بە پێچەوانەی هەموو سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی بەرانبەر بە کوردستان و هەروەها سەرجەمی سیاسەت و کار کردی ئەو رژیمە، پەسند دەکرد و تەنیا چاوەری بوو ئەو ستوونە بگاتە پادگانی سنە هەتا کارەکە یەك لایی کاتەوە؟ و هەڵبەت چونکوو پێش بەم کارەیان گیرا خودموختارییەکەی لە بیر چووەوە هیچ دە ساڵە خەریکە کوردستان بە ناپالم و توپ و خومپارە دەکیلی و خەڵك شەلالی خوێن دەکا و بە درێژایی ئەو دە ساڵەش لانی کەم بۆ پاساو کردنی مەسەلەکە و بۆ حەقانییەت بەخشین بە کارەکەی خوشیان بووبی، کەس لە بابەت ئەو مەسەلەیەوە هیچی نەوتوە!

بە راستی زمان ئەم هەموو بی وێژدانییەی پی بەیان ناکری.

نە دەسپێکردنی شەر، نە کوتایی پی هێنانی وت و وێژ و نە سەر لە نوی هەڵگرسانەوەی شەری کوردستان هیچکامیان ویستی کۆمەڵە نەبوون و کۆمەڵە لە هیچکامیان دا دەست پێشکەری نەکردوە. کۆمەڵە هەتا بۆی کرا لە رێگەی سیاسییەوە و بە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی جەماوەر بەرانبەرکیی لەگەل پیلانگیرییەکانی جمهووری ئیسلامی کرد. ئاخرین نموونەشی پێش شەری سنە، مەسەلەی وەدەرنانی سپای پاسداران لەو شارە بوو کە بە بی دەسدانە زۆر و بە هێزی ئیعتیراز و خەباتی سیاسی و جەماوەری تەواو سەرکەوتوانە بەرەوپێش چوو. (٥) (ئایا ئەمەش پیلانی بەختیار و عێراق بوو؟) بەلام کۆمەڵە "تاوان" یەك بە دل و بە گیانی دەگریتە ئەستو: ئەوەکە چاوی هیوای نەبرییە جمهووری ئیسلامی و بەلینەکانی، بو وت و وێژ لەگەل نوینەرانی جمهووری ئیسلامی ئامادە بوو و هەولیدا وت و وێژەکە تەواو جیددی و بەدەربەستانە بەرەوپێش بەری، بەلام بۆ هیچ سات و سەودایەك بە پیچەوانەی بەرژەوەندی خەڵکی زەحمەتکێش و بە دوور لە چاوی ئەوان ئامادە نەبوو، لە مەبەستی کاربەدەستانی رژیمی جمهووری ئیسلامی گەیشت و بەردەوام زەحمەتکێشانی بۆ وشیاری و خوسازدان و چەکدار بوونی گشتی بانگەواز کرد، تەبلیغاتی ژەهراویی حکوومەتی مەرکەزی و بورژوازی مەحەللی تووشی سازشی نەکرد و داخوازەکانی پی دا نەشکاند، وە کاتیکیش کە شەرەکە خۆی داسەپاندەوە، ورەی بەر نەدا، بەڵکوو بە عەزمی قایم و پتەو لە ریزی پێشەوەی جەماوەردا راوەستا. هەموو ئەمانە هەڵبەت کۆمەڵەیان لە لای دوژمنانی خەڵکی زەحمەتکێش و کار بەدەستانی رژیمی جمهووری ئیسلامی کردبووە دوژمنێکی سەرسەخت کە بەهەر شێوەیەك بوایە دەبوو خراپترین تاوانی وە پال بنری و بەدناو کری. تەواوی قینی شیت گیرانەی بەنیسەدر لە کۆمەڵە و مفتەوێژی و هاتەران و پاتەرانی بیشەرمانە و هیستریکی لە دژی کۆمەڵە، تەنیا نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم هەست و غەریزە هاوبەشەی بورژوازی لە بەنیسەدر دا هەر زیندووە.

بۆ کۆمەڵە وەك رۆژ روشن بوو کە هێرشی بەرینی جمهووری ئیسلامی حەتمییە، سنە ئامانجی سەرەکییە و ئەگەر حیزبی دیموکرات مەیدان پەیدا بکا بۆ چاندنی تووی خوشباوەری، ئەمە تەنیا دەتوانی کۆمەلانی خەڵك داماو و وە دەستەوەستان بکا، تامی سووکایەتی و فریو خواردن و بی پەنایی و شکستیان پی بچێژی و نەسلیك لە شۆرش و حەرەکەتی شۆرشگێرانە دلسارد کاتەوە و تووشی سەرشکستەییان بکا.

داستانی ئەم موقاومەتە و دیمەنە جۆراوجۆرەکانی دوور و درێژە. بەلام هەتا ئەو جیگایە کە دەگرێتەوە بۆ شەری ٢٤ رۆژەی سنە لەو کات دا، بە راستی حەماسەیەك لە خەللاقییەت و ئازایەتی و فیداکاری شۆرشگێرانەی جەماوەر بوو. ئەوە شێوە راپەرینیك بوو کە بە بی مەیل و بەشداری و دەخالەتی راستەوخۆی جەماوەری شۆرشگێر، هیچ رێکخراوێکی جیاواز لە دەستی نەدەهات بیکا. ئەگەر ئیرادیك پێی کۆمەڵە بگرێتەوە، زەعفی کۆمەڵە لە رێکخستن و هڵخراندنی کافی جەماوەردا، نیشان نەدانی دەست و بردی کافی بۆ کەلك وەرگرتن لە خوروش و ئاخێزی شۆرشگێرانەی جەماوەر بۆ چەك کردنی هێزی نیزامی هەر لە رۆژی یەکەم دا و شتیتری لەم قەبیلەیە نەك ئەوە کە ئەم موقاومەتە شۆرشگێرانەیە کە لە تاریخی بزووتنەوەی کوردستان دا بیسابیقەیە، بە ناوی کۆمەڵەوە تەواو بووە.

جەماوەری شۆرشگێر و راپەریو، شەری سنەی وەك شەریکی موشەخەس، بە دوژمنیك کە توانایی و کەرەسە و چەك و چولی چەندین بەرابەر زیاتر بوو دوراند و ئەو رووداوە ئێستا لەگەل گەلیك حەماسەی دیکەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە ئێران و لە کوردستان چووەتە ناو مێژوو. بەلام وەك هەموو بزووتنەوە و راپەرینیکی رەسەنی خەڵکی زۆرلێکراو، تووی ترسێکی بی دەرمانی لە دلی دوژمناندا چاندوە و یادگاری خۆی بە رێگا خوشکردن بۆ پەروەردە بوونی چەند نەسل بە روحی ئازادەیی و سەرفەرازی و جەسارەت و بروا بە هێزی خەڵکی شۆرشگێر، کە بۆ خەباتی سەرکەوتوانەی چینە چەوساوەکان لە دژی کویلەتی پێویستە، بەجێ هێشتوە.

لەو کاتەوە هەتا ئێستا کۆمەڵە گەلیك ئاڵ و گۆری بەسەردا هاتوە، ویرای پاراستنی باشترین تەجرەبە و دەسکەوتە شۆرشگێرانەکان، کۆمەڵە ئاسوی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە شۆرشگێریەتی خەلقیەوە گواستوەتەوە بۆ سوسیالیزمی کرێکاری و وەك بەشێك لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران رێکخستنی چینی کرێکار و شۆرشی کرێکاری بە ئامانجی خۆی داناوە. لەسەر بناغەی ئەم ئامانجە گشتی‌یە، حیزبی کۆمۆنیست ستراتیژی‌یەکی روشنیشی بۆ سەرکەوتن لە بزووتنەوەی کوردستاندا دیاری کردوە کە رێکخستنی راپەرینی جەماوەری شارەکان تێیدا دەورێکی هەرچی بەرچاوتری هەیە. بورژوازی و دەست و پێوەندەکانی، لە حکوومەت دا بن یان لە ئوپوزیسیون دا، کورد بن یان فارس، دەتوانن موقاوەمەتی جەماوەری سنە بێننەوە بەرچاو و بە نەفرەت و رق و وەحشەتەوە یادی بکەن و هەول بدەن سیمای عادلانەی ئەو موقاومەتە شلوی بکەن. بۆ کۆمەڵە و جەماوەری شۆرشگێر، بەلام ئەو رووداوە جێگایەکی‌تری هەیە: موقاومەتی حەماسی و خوێناوی سنە، بە هەموو کەم و کووری‌یەکانیەوە، یەکێك بوو لەو پروڤە و تەمرینە سەرەتایی‌یە پێویستانە کە دەبی ئەوە زەمانەت بکا کە ئەو کایە سەرەکی‌یەی سبەینی دیتە سەر شانو بە دروستی و بی کەم و کووری بەرێوە دەچی.

یادداشتەکان!

(١) بەنی‌سەدر، هەروەها لەم تریبونە کەلك وەر دەگری و درویەکی گەورەی تریش بە سنگی خوێنەوە دا دەدا: گویا مەسەلەی بەرقی قڕی ژن تومەتیکە و شتی وا هەر نەبووە. بەنی‌سەدر کە نە دەویری ئەم چاوبەستی‌یە بیشەرمانە ئیسلامیەیەی خۆی تەئیید بکا و دیفاعی لی بکا و نە دەویری و نە بروای بەوە هەیە وەری گرێتەوە، رێگا چارەی تەنیا بەوە زانیوە بیشەرمانە حاشای لی بکا بە هیوای ئەوەی پاش تێپەرینی ئەم چەندین ساڵە کەس هیچ بەڵگەیەکی لەمە بەسدەتەوە نیە، و بەم جۆرە چەند و چونی کاراکتیری خۆشی نمایش دەدا.

(٢) ئەوە کە ئایا حیزبی دیموکرات حازر بووە ئەو کارە بکا یان نا، ئەوە با خوودی ئەو هاوکارە قەدیمی‌یانە لە نیوان خۆیاندا بیبرنەوە. بەلام ئەوە کە لە بابەت کۆمەڵەوە شتی‌وا هەر نەبووە هیچ پێویستی بە ئیسبات کردن نیە و ئەمەش لە خەیالاتی بەنی‌سەدرە.

(٣) ئەمە، یەکەمین "پێشینەی ئاشنایی"ی بەنی‌سەدر لەگەل خەڵکی سنە نەبوو. لە جەرەیانی نەوروزی خوێناوی سنەش دا (خاکەلیوەی ١٣٨٥) یانی کاتێك کە پادگان لە یەکەمین مانگەکانی‌پاش شۆرش دا شاری گولله باران کرد (بۆ پێش گرتن بە هێرشی کام ولات؟) و لە ئەنجامی هەستانی گشتی خەڵکی شار و پشتیوانیی گەرمی خەڵکی سەراسەری کوردستاندا سەرەنجام رژیم حازر بوو بۆ گفت و گو و پێك هاتن، بەنی‌سەدر لەگەل خەڵکی کوردستان "ئاشنایەتی" یەکی پەیدا کرد بوو: بەنی‌سەدر خۆی کاتێك کە وەك نوینەری ئەو رژیمە کە ئەمرۆ خەریکە هویەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی شی دەکاتەوە بۆ بەشداری لە وت و وێژەکەدا دەهاتە سنە، لە سەر رێگای خۆی لە هەمەدان نوتقیکی لە دژی خەڵکی کوردستان و داخوازەکانیان کرد و هەر بەم دەلیلە خەڵك تەحریمیان کرد، لە بەرانبەریدا شیعاریان دا و حازر نەبوون گوی بدەنە قسەکانی. رەنگە ئەوانیش لایەنگرانی "بیر و بۆچوونی ئیستبدادی" بو بن کە بەنی‌سەدر زال بوونی دەسەڵاتی رژیمی ئیسلامی دەخاتە ئەستوی ئەوان.

(٤) تاوانبار کردنی کۆمەڵە بە هەڵگرساندنی شەر یەکیك لە سەر خەتە تەبلیغی‌یە سەرەکی‌یەکانی حیزبی توودە بوو لە بابەت کوردستان و حیزبی دیموکراتیش بە پێی بەرژەوەندی ئەو کات، چ بۆ دامرکاندن و بە بەدناو کردنی شۆرشگێریەتی جەماوەر و چ بۆ نیشاندنی "دلپاکی"ی خۆی بە رژیمی ئیسلامی، کەلکی لی وەردەگرت. خوێنەر دەبی خۆی بۆی دەرکەتبی کە بۆ چی لە رووداوەکانی مەربووت بە شەری سنە دا حیزبی دیموکرات بە هەر تك دەلیل دەبوو پەنا بەرێتە بەر ئەم چەکە ژەنگاوی‌یە. بۆ وەبیر هێنانەوە هەر ئەوەندە بەسە باسی ئەوە بکەین کە رەوشت و هەڵویستی حیزبی دیموکرات لە شەری سنەدا کەوتە بەر ئیعتیرازی توندی خەڵکی شاری سنە و باقی شارەکانی کوردستان و دەفتەری حیزبی دیموکرات لە شاری سنە لەگەل خوپێشاندانی بەرین و پر لە توورەیی بەرەو روو بوو کە تەنیا بە بانگەوازی کۆمەڵە کە لە بەر هەلومەرجی ئەو کات داوای هێمنایەتی لە خەڵك کرد، پێش بە زەبر و زەنگ گیرا.

بەهەر حال یەك شت هەیە کە هیچ گومان هەڵناگری: حیزبی دیموکرات تەنیا لە بەرانبەر ویست و فشاری یەکجار زۆری خەڵك و ئیعتیرازی خەڵك دا بوو کە ناچار بوو نا بە دل و بە شێوەیەکی غەیرە موسر لە موقاومەتی حەماسی و جەماوەریی خەڵکی شاری سنەدا بەشداری بکا. ئەوەی شەری هەڵگرساند هیچکەس نەبوو بێجگە لە جمهووری ئیسلامی. بەلام ئەو شتەی لە روانگەی جەماوەرەوە تاوانیك بوو لەسەر شانی حیزبی دیموکرات بریتی بوو لە سازشکاری لەگەل جمهوروی ئیسلامی، هەوڵدان بۆ بەدناو کردنی موقاومەتی رەوای خەڵکی زۆر لێکراو و کارشکینی و دوو روویی.

(٥) هەر وەها زانینی ئەوەش پێویستە کە حیزبی دیموکرات بە هەموو هێز و توانایەوە هەولیدەدا بو تووشی شکست کردنی ئەم خەباتە جەماوەری‌یەی خەڵکی سنە کە خەڵکی کوردستان پشتیوانی یان لی دەکرد. حیزبی دیموکرات تەنانەت بە تەبلیغ و هەرەشە پێشی بەوە دەگرت بزووتنەوەی پشتیوانی و کاروانی پشتیوانی سیاسی و ماددی لە مهابادەوە بەرەو سنە بکەوێتە رێ

***

# باسێك سەبارەت بە ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان

سەرەتا

بوونی ستەمگەری میللی، خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس، خەبات بۆ هێنانە گۆر و ناساندنی سیمای میللی، ئامانجی سەربەخۆیی و پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و ...، لە سەدەی رابوردوودا بووەتە هۆی شکل گرتنی گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ناسیونالیستی لە کوردستان. لە جەرگەی ئەم گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یەدا حیزب و گورووهی سیاسی و رێبەرایەتی جۆراوجۆر پێك هاتوون کە ئەم گەرایشە بووتە سەرچاوەی هێزیان و نفووزی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستان داپەرەپێداوە.

ئەم هێزانە لە هەلومەرج و وەزعییەتی مێژوویی موساعیدا بە تایبەت بە سەرهەڵدانی زەعف و سستی لە بناغەکانی حکوومەتی مەرکەزیدا، خەباتی کەم تا زۆر جەماوەری یان ئەساسەن بە شکلی چەکدارانە بەرپا کردووە وە یا خۆی لە هەر شکلیك دا بەرپا بووبی بەشداریان تێدا کردووە.

لەوەتی بزووتنەوەی میللی و موقاومەت بەرانبەر بە سەرکوتگەری دەوڵەتی مەرکەزی لە کوردستان بووە، خەباتی چەکدارانەش لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بووە. حاشا کردنی ئەم دەوڵەتانە لە سەرەتایی‌ترین مافە ئینسانی‌یەکان، پەنا بردنیان بۆ لەشکرکیشی چەکدارانە، میلیتاریزە کردن و داگیرکردنی کوردستان، بەکار بردنی رەشترین زەبر و زەنگ و سەرکوت لە حاست چکولەترین جم و جوولی ئیعتیرازی و سیاسی، کوشتاری بە کۆمەڵ، تەبعید و کوچ پێکردنی خەڵك بە شێوەی بەرین و گەلیك شتی‌تری لەم چەشنە، بووەتە هۆی ئەوە کە کۆمەڵانی زۆرلیکراو لە خەباتی خۆیان دا، دەس دانە چەك وەك رێگایەك بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتی قەلاچو و زەبر و زەنگی حکوومەتی مەرکەزی بگرنە پێش.

خەباتی چەکدارانە بە درێژایی ئەو دەورە دوور و دێژە، بێجگە لە دەورەی ئەم دوایی‌یە لە کوردستانی ئێران، لە جەرگەی حەرەکەتی ناسیونالیستی دا و بە پێی سیاسەت و تاکتیکی حیزب و رابەرە سوننەتی‌یە ناسیونالیستەکان، هەڵگرساوە و حەرەکەتی کردوە. ئاسو و ئامانجی ناسیونالیستی، یانی هەوڵدان بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی هەر لە چوارچێوەی موناسباتی مەوجوود دا، سیاسەت و ریبازی بۆ خەباتی چەکدارانە دیاری کردوە. بەلام بوونی تەشکیلاتی کۆمۆنیستی لە بزووتنەوەی چەکدارانەی دەوری ئەم دوایی‌یەی کوردستانی ئێران، روخساریکی جیاوزمان پێشان دەدا. بە درێژایی ٩ ساڵی رابوردوو کۆمەڵە لە کێشەیەکی سەخت و دژواردا لە جەبهە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و چینایەتی‌دا، هەوڵیداوە ریبازیکی نوی بۆ خەباتی چەکدارانە لە بزووتنەوەی کوردستاندا داریژی و ئەم شکلەی خەبات، لە ئالقەی فەرهەنگ و نەریت و بۆچوونی ناسیونالیستی بترازینی و رزگاری بکا.

ئەو پێویستی‌یە کە ئەرکی پێك هێنانی هێزی چەکداری لە کوردستانی ئێران دەنایە سەر شانی کۆمەڵە پێش هەموو شتێك ئەوە بوو کە دەسدریژی کونەپەرستانی محەللی و فیئودالەکان و داورودەستەی جیرەخور و نوکەری رژیمی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر دەسکەوتەکانی و گوزەران و ئاسایشی خەڵکی زەحمەتکێش، بەرپەرچ بدرێتەوە.

هێزی چەکداری کۆمەڵە هەر لە سەرەتای پێك هاتنی خۆیەوە ئەرکی وەك: دیفاع لە ئازادی‌یە دیموکراتیکەکان و مافەکانی خەڵك لە بەرانبەر ملهوری داوردەستەی باجگر و کونەپەرست دا، دیفاع لە دەسکەوتەکانی خەبات، دیفاع لە ئورگانەکان و تشکیلاتی کۆمۆنیستی و ...ی لە سەر شانی خۆی هەست پێکرد. بۆ کۆمەڵە هێزی چەکدار ئامرازیك بوو بۆ بۆ قایم و پتەوکردنی جەبهەکانی خەباتێك کە دەسبەجی پاش شۆرشی ١٣٥٧ لە کوردستان وەخو کەوتبوون. بەلام هێرشی رژیم بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی مورداد (کەلاوێژی)ی ١٣٥٨دا گەلیك مەسەلەی نیو کۆمەڵی کوردستانی بەشێوەیەکی کاتی هێنایە ژیر سێبەری خۆی. لەو دەورەیەدا کۆمەڵە بە هەموو هێز و توانایەوە دەستی دایە رێکخستن و بەرەوپێش بردنی موقاومەت و خەباتی چەکدارانەی سەرسەختانە بەرانبەر بە هێرشی دەوڵەتی مەرکەزی و دەسدرێژی درندانەی ئەو رژیمە بۆ سەر ئازادی‌یەکان و مافەکانی خەڵك لە کوردستان. بوونی سوننەت و نەریتی مێژوویی خەباتی چەکدارانە و تەجرەبەی خەڵك چ لە کوردستانی ئێران و چ لە بەشەکانی‌تر ئیمکانی بە ئێمەدا کە ئەم خەباتە بە پشتیوانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش وەك وەسیلەیەکی قودرەتمەند لە دژی دەسدریژی دەوڵەتی مەرکەزی و لە دژی جیگیر بوون و سەقامگرتنی دەسەڵاتی ئەو رژیمە وە کار بخەین.

پشت بەستنی هێزی چەکداری لە کوردستان بە خەباتی کۆمەڵایەتی و هێزە کۆمەڵایەتی‌یەکان وەك خەباتی جووتیارانی هەژار لە دژی دەربەگەکان، دیفاع لە مافە دیموکراتیکەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، دیفاع لە داخوازە ئابووری و ریفاهی‌یەکانی کرێکاران، پەرەپێدانی و بڵاوکردنەوەی باوەری بەرابەری خوازانە و ئامانجی سوسیالیزم کە ئەم هێزە چکدارە لە کوردستان بەرە و پێشی دەبردن، ئەمانە یەکەمین نیشانە گرینگەکانی دابران لە سوننەتی ناسیونالیستی لە خەباتی چەکدارانەدا بوون و لەم بابەتەوە خەباتی چەکدارانە بۆ ئێمە درێژەی سوننەتی خەباتی چەکدارانەی ناسیونالیستی لە کوردستان نەبوو بەڵکوو حەرەکەتێکی بە دانستە و وشیارانە بوو کە هەولیدەدا پشت بە ئامانجی کۆمەڵایەتی بەرزی کرێکاران یانی بە سوسیالیزم ببەستی. بەلام کرێکاری بوونی حەرەکەتەکەی ئێمە کە لە لایەن سوننەتە خورسکە ناسیونالیستی‌یەکانی مەوجوود لە هەموو لایەکەوە بەشێوەی جەماوەری، وەك هێزی کۆمەڵایەتی و هەروەها هێزی مەوجوودی حیزبی ناسیونالیستەوە لە ژیر فشاردا بوو خۆی لە خویدا بە مەعنای ئەوە نەبوو کە تێکۆشانی چەکدارانەی ئێمە لە رەوشت و نەریتەکانی ناسیونالیزم بەری و بە دوور بی. هەرقوناغێکی تێکۆشانی هێزی چەکداری خۆمان لە ساڵەکانی پاش راپەرینی ٥٧دا بە چاوێکی رەخنەگرانەی دلسوزانە چاولی بکەین، نفووزی سوننەتە ناسیونالیستی‌یەکان لە کاری خۆماندا بەدی دەکەین. گەشەی کۆمەڵە و کرێکارانی کوردستان لەم مەیدانەدا هەنگاو بە هەنگاو و حاسلی رەخنەگرتنی وشیارانە لەم سوننەتانە بووە و حاسلی ئەوە بووە کە تێکۆشانی چەکدارانەی گونجاو لەگەل حەرکەتی سوسیالیستی مان هەڵبژاردوە. کەوایە رەخنەی ئەمرۆمان بەرانبەر بەم سوننەتانە، لە هەندیك بابەتەوە رەخنەیەکە بەرانبەر بە رەوشتە عەمەلی‌یانی کاری هەتا ئێستای خۆشمان.

مەبەستی ئەم نووسراوەیە دەس نیشانکردنی هەندیك لە لایەنە ناسیونالیستی‌یەکانی تێکۆشانی چەکدارانەیە و لەم رەخنەگرتنەدا حیزبە ناسیونالیستەکان و ئەو رەوشتە جی کەوتووانەی ئەو حیزبانە دیفاعیان لی دەکەن، بە نمونە دەگرین. بێگومان رەخنەگرتنیکی هەمەلایەنە پێویستی بە کاریکی زیاتر هەیە و ئەم نووسراوەیە تەنیا هەنگاویکە بەرەو لیکولینەوەی ئەم باسە گرینگە.

(١)

پێشتر وتمان کە خەباتی چەکدارانە شێوەیەکی موقاومەت و ئیعتیرازی خەڵکی زورلیکراو بووە بەرانبەر بە دەسەڵات و سەرکوتگەری دەوڵەتی مەرکەزی کە ئەم خەڵکە لە خۆیانیان بەبیگانە زانیوە. دەسدانە چەکیش لە کوردستان لەسەر زەمینەی ئەم حەقخوازی‌یە میللی‌یە بووە. ناسیونالیزمی میللەتی کورد گەرایشیکی کۆمەڵایەتی و جەماوەری بووە کە حیزب و گورووە و رەیبەرایەتی سیاسی و رەوشتی خەباتکارانەی تایبەتی خۆشی شکل پێداوە و خەباتی چەکدارانەی سوننەتی لە کوردستان دەبی لە جەرگەی ئەو گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یەدا بدرێتە بەر لیکولینەوە. بۆیە سەرەتا ئەو تایبەتمەندی‌یە بنەرەتی‌یانەی ناسیونالیزمی کورد کە لایەنە جۆراوجۆرە سیاسی‌یەکان و شیوەکانی خەباتی ئەو گەرایشە نیشان دەدەن دەس نیشان دەکەین و پاشان دەچینە سەر باسی رەنگدانەوەی ئەم تایبەتمەندی‌یانە لە کاری چەکدارانەدا.

**ئەلف:**

## ئامانجی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە چوارچێوەی وەدیهێنانی مافی میللی واوەتر نەچووە.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی قەت لە مەسەلەکانی نیو چوارچێوەی مافی میللی و خودموختاری و مافی دیاریکردنی چارەنووس و ئەم جۆرەشتانە واوەتر بەرەو هیچی دیکە نەچووە. هەموو ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یانە کە باسکردنیان وخوپیوە ماندووکردنیان، هێنانەگوریان و خەبات بۆ گورینیان و بەرەنگار بوونەوەیان، لەگەل بەرژەوەندی چینەداراکان نەهاتوتەوە و بە پێچەوانەی ئەخلاقییات و داب و نەریت و بیروباوەری ئەو چینانە بووە نەهاتوونەتە نیو ئالقەی خەباتی بزووتنەوەی ناسیونالیستی. ئەو بزووتنەوەیە هێزی خەڵکی بەرانبەر بە دسدریژی و ملهوری دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا بە تەمای داهاتوویەکی ناروشن بە ناوی گەیشتن بە مافی میللی هەڵخراندوە. بەرتەسك بوونی ئاسوی خەباتکارانەی ئەو بزووتنەوەیە و بازدانی بەسەر دەیان مەسەلەی کۆمەڵایەتی‌دا کە بەروکیان بە کۆمەڵانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراو گرتوە، هۆی بنەرەتی و سەرەکی هەموو ئەو هەرس و بە بن بەست گەیشتنانەیە کە بزووتنەوەی کوردستان بە درێژایی مێژووی خۆی تووشیان بووە. حزبە ناسیونالیستەکان نەیانتوانیوە بناغەی قودرەتمەندی کۆمەڵایەتی بۆ دەوام و خوراگرتنی ئەو بزووتنەوانە بەرانبەر بە فشار و زەخت و وەعدە و بەلینی دەوڵەتی مەرکەزی پێك بینن.

هینانە گۆری داخوازە میللی‌یەکان وەك خودموختاری و دەوڵەتی فیدرالی، مافی دیاریکردنی چارەنووس وشتی‌تری لەم تەرزە و، تەنیا پشت بەستن بەم داخوازە گشتی‌یە ئەگەرچی لە سەرەتاوە چوارچێوە و قالبی گرینگ یان بۆ بەرپا بوونی ئەو بزووتنەوانە و بۆ هێز کۆ کردنەوە پێك هێناوە. بەڵام بۆ پێشرەوی‌یەکانی دواتر و بۆ نزیك کردنەوەی بزووتنەوەکە لەسەر کەوتن هەر بەمەعنا میللی‌یەکەشی نەك هەر کافی نەبوون بەڵکوو گەرای سازش و تەسلیم بوونیان لە نیو خۆیان دا پەروەردە کردوە.

نەبوونی داخوازی هەرچەشنە دەسکەوتیکی ئابووری لە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی دا هەلومەرجێکی پێك هێناوە کە تەنانەت هەر چەشنە نیمچەریفورمیك و هەر پاشەکشەیەکی بچووکی دەوڵەتی مەرکەزی لە زەمینەی ئەم جۆرە مەسەلانەدا، هێزی لە دەوری ئەم بزووتنەوانە تەکاندوەتەوە و بڵاوەی پی کردوون.

بزووتنەوەی ناسیونالیستی، لەگەل هەرچەشنە عەدالەت خوازی‌یەکی ئابووری و لەگەڵ هەر چەشنە دیموکراتیزمیکی سیاسی بۆ جەماوەر، بیگانەیە و ئەم واقعییەتە پێش هەموو شتێك ئەمرۆ لە بیر کردنەوە و کردەوەی سیاسی حیزبە ناسیونالیستی‌یەکانی کوردستاندا بەروشنی بەدی دەکری. بەرانبەر بە هەموو ئەمانە تاقە ئامانجیك کە وەك هەڵخرێنەر و مەبەستی ئەم بزووتنەوانە باسی دەکری، داخوازی میللی‌یە لە قالبی جۆراوجۆردا و بە شیعاری وەك دەوڵەتی فیدرالی، مافی دیارکردنی چارەنووس و جیابوونەوە و، خودموختاری رادیکال بوونەوە و رادیکال مانەوەی بزووتنەوەکە لە روانگەی ئەمانەوە مەعناکەی تەنیا رادیکال بوونەوەی ئەم شیعارانە و، رادەی لیبراوی و کولنەدەری مەعناکەی تەنیا پەیگیر بوونە لە بەرەوپێش بردنی ئەم شیعارانەدا.

ئەگەر لایەنیکی مێژوویی واقیعی بزووتنەوەی کوردستان لە دەیان ساڵی رابوردوودا بریتی بووە لە موقاومەتی چەکدارانە بەرانبەر بە دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی، لە هەمان کاتدا دەسەڵاتی حیزبە ناسیونالیستەکان بەسەر ئەم بزووتنەوانەدا هاوتا بووە لەگەل پووچەل کردنەوە و لەبیر بردنەوەی داخوازە تایبەتە چینایەتی‌یەکانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش لە هەنگاوی یەکەم دا و، خەتابار کردن و سەرکوت کردنی ئەم داخوازانە بە بیانووی خەباتی میللی لە هەنگاوەکانی دواتردا. ئەو حیزب و هێز و رابەرانە کە پشتیان بەم گەرایشە کۆمەڵایەتی‌یە ناسیونالیستی‌یە بەستوە و هێزیان لێ وەرگرتوە، نەك هەر خۆیان هیچ مەیلیان لەوە نەبووە ئەم داخوازانە بیننە گور و بکەونە شوینیان و هیزیان لە دەور کو بکەنەوە، بەڵکوو راستەوخۆ قازانجیان لە مانەوەی سوننەت و نەریت و پەیوەندە چەوسێنەرانە و ناعادلانەکانی نیو کۆمەڵ دا بووە.

نەبوونی دیموکراتیزمی سیاسی و عەدالەت خوازی ئابووری لە کردەوەی سیاسی هێز و حیزبە سیاسی‌یەکاندا ریك لە خەسلەتی بورژوایی ناسیونالیزم لە بزووتنەوەی کوردستاندا سەرچاوەی گرتوە. ئەم هێزانە خۆیان لەگەل بورژوازی سەراسەری و دەوڵەتی بورژوایی مەرکەزی لە پاراستنی ئەم بناغە و بنەرەتانەی کۆمەڵی سەرمایەداری دا هاوبەش بوون و ترس لە وەخەبەر هاتنی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و هاتنە گوری شیعار و داخوازە تایبەتە چینایەتی‌یەکانیان، ئەو حیزب و هێزانەی خستوەتە کونەپەرستانەترین هەڵوێست لە حاست دیموکراسی سیاسی و مەسەلەکانی مەربووت بە ژیانی کۆمەڵانی زەحمەتکێش.

قەتیس مانی ئاسوی حیزبە سوننەتی‌یەکان لە کوردستان لە چوارچێوەی مافی میللی‌دا و کارکردەکانی ئەو حیزبانە لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی‌دا، لە جەوهەری بورژوایی ئەو هێزانەوە سەر چاوەی گرتوە و لەوەوە کە بەشە جۆراوجۆرەکانی بورژوازی بالادەست و بورژوازی میللەتی زۆرلیکراو بەرژەوەندی ئابووری یان لەبنەرەتی ترین ئاست دا یەك دەگرێتەوە. ئەوانە نەك هەر هیچ ناکوکی و دژایەتی‌یەکی قوول و بنەرەتی‌یان پێکەوە نیە بەڵکوو لە پاراستنی بناغەکانی کۆمەڵی سەرمایەداریشدا دەستیان هەیە و تێیدا هاو قازانجن. تویژ و چینە داراکان لە کوردستان لەم خەباتە گشتی‌یەدا لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی، پاراستنی بەرژەوەندە ئابووری‌یەکانی خۆیانیان لە هەموو شتێکی دیکە زیاتر مەبەستە و ئەو هێزە ماددی‌یەن کە رێگا نادەن دیموکراتیزمی سیاسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش ببێتە کاکلە و ناوەرۆکی خەباتی شۆرشگێرانەی جاری. حیزبە سیاسی‌یە بورژوا ناسیونالیستەکان تەنانەت لە خەباتی چەکدارانەی خۆیان بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی بێجگە لە وەدەست هێنانی ئیمتیازاتیك بۆ خۆیان هیچی تریان ناوی هەر بۆیە لەترسی ئەوەی رادیکالیزمی بزووتنەوەکە بەرەو مەسەلە کۆمەڵایەتی‌یەکانی واوەتر لە مەسەلەی میللی بچی و لە ئەنجامدا گەرایشی سوسیالیستی گەشە بکا و جێگا و شوینی چینی کرێکار قایم بی، لەگەل هەموو چەشنە کارکردەکانی کونەپەرستی لە کۆمەڵی کوردستاندا سازش دەکەن.

خەباتی کرێکاران بۆ داخوازە ئابووری و سیاسی‌یەکانی خۆیان، بەرپا بوونی بزووتنەوەی جەماوەری و حەقخوازانەی بەهێز وەك خەباتی ژنان بۆ بەرابەری مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکان و پچراندنی زنجیرەکانی کویلەتی سوننەتی، خەباتی جووتیارانی هەژار لە دژی دەرەبەگ و چەوسێنەرانی بورژوا ملکدار لە دێهات، خەباتی زەحمەتکێشانی شار بۆ باشبوونی هەلومەرجی کار و دەیان خەباتی دیکەی جەماوەری، هەموویان هێزی کۆمەڵایەتین بۆ گەشە کردنی گەرایشی سوسیالیستی کە حیزبە بورژوا ناسیونالیستەکان لە ترسی گەشە و پێشرەوی ئەمانە حازرن وردە حیسابانی خۆیان لەگەل بورژوازی بالادەست وەلا بنین و بە ئیمتیازاتی نیوە و نیوەچڵ تەنانەت لە مەسەلە میللی‌یەکەیاندا قەناعەت بکەن.

دەوری گەرایشی ناسیونالستی لە کۆمەڵی کوردستاندا پێش هەموو شتێك ئەوە بووە کە ستەمی میللی بەسەر چاوەی هەموو بی عەدالەتی و نابەرابەری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و بەسەر چاوی هەژاری و مالویرانی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و چەوساوە و بە سەر چاوی بی مافی‌یەکانیان لە قەلەم بدا و بەم جۆرە بە داپوشین و شاردنەوەی دژایەتی‌یە چینایەتی‌یەکان، خاك و خول بە چاوی کرێکاراندا بکا و نەهیلی بورژوازی و نیزامی سەرمایەداری وەك سەرچاوە و هۆی مانەوەی هەموو ستەم و نابەرابەری‌یەکان و یەك لەوانە ستەمی میللی، لە سەردەمی ئێستادا، بکەوێتە بەر ئیعتیراز و پەلامار. دەوری ناسیونالیزم ئەوەیە کە بورژوازی لەسەر دەمیك دا کە کرێکاران هاتوونەتە مەیدانی کیشە کۆمەڵایەتی‌یەکان لە مەترسی دوورخاتەوە، بەرابەری خوازی و عەدالەت خوازی کرێکاران حەوالەکاتە داهاتووی دووری "٢٥ ساڵ پاش خودموختاری" و هەروەها نەهیلی کرێکارانی کوردستان خۆیان لەگەل باقی هاوچینەکانیان لە جێگەکانی‌تر لە سەنگەری خەباتێکی هاوبەش دا ببێننەوە.

دەسەڵاتی درێژماوەی موناسەباتی ستەمگەرانەی فیئودالی بەسەر کۆمەڵی کوردستاندا و، خۆ لەگەل گونجاندن و تەنانەت پشتیوانی کردنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لەم موناسەباتە و پشت بەستنی بەم موناسەباتە، یەکیکە لە واقعییەتە حاشا هەڵنەگرەکانی تاریخی کوردستان لە سەد ساڵی رابوردوودا. لە حالێکدا جووتیارانی زەحمەتکێشی کوردستان لە ژێر باری ستەم و چەوسانەوەی فیئودالی دا ساڵەهای ساڵ پشتیان چەمابووەوە، بۆ بزووتنەوەی ناسیونالیستی خەبات لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی نەك هەر هیچ پەیوەندیکی بەم واقعییەتە کۆمەڵایەتی‌یەوە یانی بە مەسەلەی مەرگ و ژیانی میلیونەها جووتیاری زۆرلیکراوەوە پەیدا نەکردوە بەڵکوو خۆی دەبووە وەسیلە و ئامرازیك بۆ خاموش کردنی جم و جوولە خورسکەکانی زەحمەتکێشانی دێهات.

پلاتفورمی حیزبە سیاسەیە ناسیونالستەکان و لەوەش گرینگتر کارکردی عەینی ئەو حیزبانە پرە لە تەبلیغی بەردەوام لەسەر پێویستی سازشی کونەپەرستانە و دژی زەحمەتکێشی لە نیوان جووتیارانی هەژار و فیئودالەکان دا بە بیانووی خەباتی میللی. زەحمەتکێشی دێهات دەبوو لە حاست وەحشیانەترین فشاری فیئودالەکان بی دەنگە بکا چونکوو گویا خەباتی جەماوەری لە دژی دوژمنی سەرەکی پێی لاواز دەبی. لەوەها هەلومەرجێکدا تەنانەت ریفورمە بورژوا ئەمپریالیستی‌یەکانی دەوڵەتی مەرکەزی بۆ لاواز کردنی بناغەکانی نیزامی فیئودالی، لە سیاسەتی حیزب و هێزەکان و رابەرانی مەحەللی لەم بابەتەوە واوەتر چووە.

بۆ کرێکارانی کوردستان خەبات لە دژی ستەمگەری دەوڵەتی مەرکەزی هەمیشە مەعناکەی سازان لەگەل چەوسێنەرانی مەحەللی بووە. لەوەش گرینگتر لە دە ساڵی رابوردوودا نەفسی مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە لایەن ناسیونالیستەکانەوە حاشای لیکراوە و، حاشا کردن لە مەوجوودییەتی ئەو چینە سیاسەتێك بووە لە خزمەت پێشێل کردنی مافەکانی‌کرێکاراندا و لەبەر چاو نەگرتنی داخوازەکانی و خەابتی سەر بە خۆیان و تەنانەت هەڵدان بۆ سەرکوت کردنیان. حیزب و هیزە بورژوا ناسیونالیستەکانی کوردستان هەرکاتیك و لە هەر قوناغیك دا کە لە گۆر و تینی خەباتی چینایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان کەم دەبیتەوە، حاشا لە نەفسی وجوودی چینەکان و خەباتی چینایەتی دەکەن و هەرکات ئەو خەباتە گەشە دەکا دەکەونە لای دەستی بورژواکان و ملکداران و کونەپەرستان.

مەسەلەی ژنانی زۆرلیکراو لە کوردستان قەت وەك مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتی لە نیو ئەو بزووتنەوانەدا بە رەسمی نەناسراوە. لە بزووتنەوەی ناسیونالیستی سوننەتی دا لە کوردستان ژنان نەك هەر مەجال و مەیدانی خۆ نیشان دانیان پی نادری، بەڵکوو بە پێچەوانەوە بزووتنەوەی گشتی خۆی دەبیتە هێز و وەسیلەیەك بۆ درێژە پێدانی ئەو داب و نەریت و ئەخلاقییات و ستەمگەری‌یە غەیرە ئینسانی‌یە کە بەسەر ژنانەوەیە.

خورافات و ئەخلاقییات و فەرهەنگی عەشیرەتی و دواکەوتوو لە کۆمەڵی کوردستاندا نەك هەر ناکەوێتە بەر هێرشی بزووتنەوەی ناسیونالیستی، بەڵکوو بەشتێکی پیرۆز دادەنری و ریزی دەگیری. شوین هەڵگرتن و سەرکوت کردنی موخالەفەتی سیاسی، پێشێل کردنی مافە سەرەتایی‌یەکانی خەڵك، تەحەمول نەکردنی چکولەترین رەخنە و ناکوکی سیاسی، بە سووك چاولیکردنی زەحمەتکێشانی کوردستان بە بیانووی ئەوە کە "دیموکراسی هیشتا بۆ ئەمانە زووە"، لە مەیدانی هێز و قودرەتی ئەو حیزبە سیاسی‌یە ناسیونالیستانەدا کە لە حەرەکەتە سیاسی‌یە ناسیونالیستی‌یەکاندا دەسەڵاتیان بووە، یەکیکی ترە لە تایبەتمەندی‌یەکانی ئەم جەرەیانە. بە درێژایی چەندین ساڵ یەکیك لە داخوازە رەسمی‌یەکانی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵە، لە هەموو وت و وێژ و گفت و گوکانی نیوان ئەم دوولایەنەدا ئەوە بووە کە کۆمەڵە پولمیك و تەبلیغی سیاسی لە دژی حیزبی دیموکرات کوتایی پی بینی. هەمیشەش بەندیکی هەموو پەیمان نامە و بەلگەیەکی ئاشتیخوازانەی نیوان حیزب و گرووهە سیاسی‌یە ناسیونالیستەکان لە کوردستان ئەوە بووە کە بەلین بدەن و پابەند بن بەوەی رەخنە گرتن و قسە و تەبلیغی سیاسی لە سەر سیاسەت و رەوشتەکانی یەکتر، کوتایی پی بینن.

**ب:**

## نەبوونی ستراتیژی‌یەك بۆ پێشرەوەی و سەرکەوتنی بزووتنەوە

تاریخی بزووتنەوەی ناسیونالیستی‌یەکان لە کوردستان لە هەمان کاتدا کە تاریخی سەرکەوتگەری‌یە فاشیستیەکانی حکوومەتی مەرکەزی و تاریخی خەباتی ئازادیخوازانە و حەقخوازانەی میللەتی کورد لە دژی ستم و سەرکوت بووە، تاریخی شکست و هەرەس هێنانی یەك لە دوای یەك، تاریخی بی دەماری و بی لیاقەتی و لە نەهاتوویی رابەران و حیزبە ناسیونالیستەکان لە بەرەوپێش بردنی ئەم بزووتنەوە جەماوەری‌یانەش دا بووە. حیزبەکان و رابەرانی ناسیونالیست هیچکام نەیانتوانیوە بە کۆمەڵانی راپەریو بلین دەیانەوی بزووتنەوەکان چلون لە سەرکەوتن نزیك بکەنەوە، گویا کۆمەڵانی زۆرلیکراو هەر بۆ ئەوە دەبوون رەنج و مەینەتی خەباتی سەخت و دژوار بچێژن هەتا ئەم حیزب و رابەرانە بتوانن سەمەرەی خوێن و ئارەقیان بکەنە دەسمایەی سات و سەودا لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی. ئەم جەریانە هیچ ئاسویەکی نەبووە بێجگە لە چاوەروان مانەوە هەتا بارودوخیکی موساعیدی سیاسی هەڵدەکەوی و بێجگە لە هیوادار بوون بەوەی رەنگە ئاڵ و گور و رووداویکی سیاسی روودا و دەوڵەتی مەرکەزی لایەکیان لی بکاتەوە.

بی ئاسویی بزووتنەوەی ناسیونالیستی لە کوردستان و ئەوەکە جەریانی ناسیونالیستی قەت دیمەنیکی روشنی لە داهاتووی بزووتنەوەکان لە بەرچاو نەبووە، لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە ئەم جەرەیانە نەك هەر بروای بە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی هێزی بزووێنەری جەماوەری خۆدی بزووتنەوەکان نەبووە بەڵکوو لێی ترساوە.

هەڵخراندی خەباتی جەماوەری، ئیعتیرازاتی سیاسی، هەوڵدان بۆ وەدی هێنانی داخوازە ئابووری و سیاسی‌یە کورت خایەنەکان و بە کورتی هەوڵدان بۆ وەحەرەکەت خستنی شکلیك لە خو نیشاندانی جەماوەر هیچ جێگایەکی لە سیاسەتی عەمەلی بزووتنەوەی ناسیونالیستی سوننەتی لە کوردستان دا نەبووە و لە هەر جێگایەك کە ئەم حەرەکەتانە خۆیان بەرپا بوون، ئەگەر هێزە ناسیونالیستەکان نەیانتوانیبی بیهێننە ژیر رکیفی خۆیان و بیکەنە دەسمایەی سات و سەوداکانیان، لەبەرانبەری‌دا راوەستاون و راستەوخۆ موخالەفەتیان لەگەل کردوە. خەباتی چەکدارانە یانی تاقە مەیدانی خونیشاندانی بزووتنەوەی میللیش بۆ ناسیونالیستەکان تەنیا وەسیلەیەك بووە بۆ فشار خستنە سەر دەوڵەتی مەرکەزی بۆ پێك هاتن و وەرگرتنی ئیمتیاز. بۆیە ناسیونالیستەکان هەرگیز ستراتیژی‌یەکی روشن و دیاریکراویان لە بابەت قوناغەکانی تەکامولی سیاسی و نیزامی بزووتنەوەی جەماوەری و رەوتی بەرەوپێش چوون و چونیەتی وەدەست هێنانی سەرکەوتن لە دژی ستەمی میللی کە ناسیونالیزمی کورد ئامانجی خۆی بەوە داناوە ئەو ستەمە لەسەر خۆی لابەری نەبووە. ئەمانە ئەم بزووتنەوانەیان تووشی سازان و شکست دەکرد چونکوو بێجگە لەمە هیچ ئاسویەکی‌تریان لەبەر چاو نەبوو. ئەگەر بزووتنەوەی ناسیونالیستی پەیژەیەك بووە بۆ ئەوەی رابەران و حیزبە بورژوایی‌یەکان لە کوردستان پێی دا سەربکەون، لەهەمان کاتدا خۆدی ئەم بزووتنەوانەش قوربانیانی لی نەهاتوویی ئەم حیزبە و "رابەر"انە بوون. یەکیك لە نوینەرانی لە مێژینە و ناسراوی جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران بووە. ژیانی سیاسی ئەم حیزبە بە باشترین شێوە نیشاندەری لی نەهاتوویی و داماوی ناسیونالیزمە لە دەس نیشانکردنی هەرچەشنە

داهاتوویەکی روشن دا بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەکە کە لە روانگەی ئەم حیزبەوە بە دەس هێنانی خودموختاری‌یە لە کوردستان.

**ج:**

## خولادان لە رێکخستنی جەماوەر

بزووتنەوەی ناسیونالستی لە کوردستان هەرگیز نەیتوانیوە بە رێکخستنی توانایی خەباتکارانەی کۆمەلانی زۆرلیکراو لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی خەبات دا، قودرەتی هەلسوورانی خۆدی جەماوەر بەریتە سەر. پێك هێنانی شوورا، سەندیکا، یەکیەتی جووتیاران و بنکەکانی خەباتی توێژە زەحمەتکێشەکان نەك هەر هیچ جێگایەکی لە تێکۆشانی عەمەلی حیزبە ناسیونالیستەکاندا نەبووە بەلکوو بەهەر رادەیەك ئەم جۆرە رێکخراوانە نوینەرایەتی بورژەوەندی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێشیان کردبی، ئەم حیزبانە بوونەتە کوسپی سە رێگایان و رق بە رقەیان کردوون. حیزبە ناسیونالیستەکان بە درێژایی تاریخی ژیانی خۆیان هیچ خزمەتیکیان بە رێکخراو بوونی جەماوەر نەکردوە و لەم بابەتەوە خشتیکیان نەناوەتە سەر خشت. حاسلی سالەهای سال تێکۆشانی حیزبە ناسیونالیستەکان لە کوردستان نەیکرددوەتە پێك هاتنی تاقەیەك رێکخراوی جەماوەری و بەم مەعنایە هیچ سوننەتیکیان لە پاش خۆیان بە جی نەهیشتوە.

کارشکینی و کوسپ سازکردنی حیزبی دیموکرات لەسەر رێگای پێك هاتنی بنکەکانی گەرەکەکان لە شارەکانی سنە و مهاباد و... هەولدان بۆ پێش گرتن بە یەکیەتی‌یەکانی جووتیاران لە کوردستان، موخالەفەتی بە ئاشکرا و بە نهێنی لەگەل شوورا واقیعی‌یەکان و کۆبوونەوە گشتی‌یەکان کە حازر نەبوون چاو لەدەست و گوی لە مستی حیزبی دیموکرات بن وە تەنانەت چەند جار گرتنی ئەندامانی ئەو شوورایانە و، سەرئەنجام نەبوونی چکولەترین ئیشارە لە نیو نووسراوە و بلاوکراوەکانی ئەو حیزبەدا کە نیشانەدەری مەیلیان بە رێکخستنی جەماوەری بی، ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لە کارکردی ناسیونالیزم لە بزووتنەوەی کوردستاندا و تاریخی خەباتی خەلکی کورد لە کوردستان لە سەدەی رابوردوودا شاهدی حاشا هەلنەگری ئەم واقعییەتەیە.

ئورگانەکانی حکوومەتی داهاتوو (دەولەتی سەربەخۆ، حکوومەتی خودموختار و...)ی ئەم حیزبانە بێجگە لە رێکخراوی حیزبی و تەشکیلاتی چەکداری خۆیان هیچتر نیە. لە راستیدا ئەوشتە کە ئەمانە دەیانەوی قەوارەی سازمانی‌یەکەی داریژن ئورگانی ریبەرایەتی بورژوازی محەللی‌یە کە دەبی جێگای دام و دەزگاکانی ئێستا بگرێتەوە و لەم بابەتەوە سازمان و قەوارەی ئەو دەولەتەی ئەمانە داوای دەکەن هیچ جیاوازی‌یەکی نیە لەگەل سازمان و قەوارەی محەللی دەولەتی بورژوازی. هێزی چەکداری ئەمانە قەوارە جێگای هێزە چەکدارەکانی دەولەتی مەرکەزی بگرێتەوە و پلە و پایەکانی حیزب دەچنە جێگای دام و دەزگای بوروکراتیکی حاکم. تاقە جیاوازی‌یەك کە لەم نیوەدا هەیە ئەوەیە کە سیاسەتمەداران و دەست و پێوەندەکانی بورژوازی محەللی جێگای کاربەدەستانی پێشوو دەگرنەوە. لە راستیدا ئەو ئەرکە کە ناسیونالیستەکان بی‌وچان خەریکن بەریوەی دەبەن بریتی‌یە لە پەروەردە کردن و ئامادەکردنی "شەخسییەت" بۆ ئەوەی جێگای ئەو فەرماندار و کاربەدەستانە بگرنەوە کە ئێستا دەولەتی مەرکەزی دایناون. ئەمانە هەر لە بنەرەتەوە پابەندی پێك هینانی ریکخراوە جەماوەری‌یەکان و رێگا و رەسمی خەباتی یەکگرتوو نین.

**د:**

**پشت بەستن بە بیر و داب و نەریت و بنکە دواکەوتووەکانی کۆمەل**

لە بەر ئەوەی ئامانجی سەرەکی ناسیونالیزم، نەك پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و باشبوونی وەزعییەتی ئابووری و سیاسی و فەرهەنگی چینە ژێر دەستەکان، بەلکوو وەرگرتنی ئیمتیازە بۆ بورژوازی محەللی لە دەولەتی مەرکەزی کە بە ناوی داخوازی میللی بەیان دەکری ناسیونالیزم ئامادەیە بۆ پاراستن وە یا تەنانەت پشت گرتن و بەهێز کردنی دواکەوتوترین بنکە و بوچوونەکانی کۆمەلی مەوجوود و تەنانەت بە مەبەستی فشار هێنان بۆ دەولەتی مەرکەزی وە یا بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەك هەندیك لایەن بەرەوخۆی راکیشی، کەلکیان لی وەردەگری. ئەمە، بە تایبەت کاتی گەشە کردنی هێزە وشیاریدەر و پێشرەوە کرێکاری‌یەکان زەقتر دەبێتەوە و ناسیونالیزم دەکاتە مەنزلگەی هەموو ئەم دواکەوتوویی‌یانە. بۆ روشنتر بوونەوەی زیاتری ئەم واقعییەتەش دەروانینە نزیکترین نموونە لەم بابەتوە یانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کارکردەکانی ئەم حیزبە لەم زەمینەیەدا.

حیزبی دیموکرات بە پێی ئەوشتەی خۆی بەرەسمی رایەگەیاندوە حیزبیکی مەزهەبی نیە بەلام بەرنامە رادیویی‌یەکانی خۆی بە بلاوکردنەوەی چەند ئایاتیك لە قورئان دەست پێدەکا. لە بەرنامەی راگەیەندراوی خۆیدا بەلینی یارمەتی‌دان بە بنکە مەزهەبی‌یەکان و کومەك کردن بە بەرەوپێش چوونی کاروباری مەزهەبی داوە. لە تەبلیغاتی رادیویی‌دا لە دژی کۆمۆنیستەکان گەلیك جار ئەم ئامرازە ئیدئولوژیکەی بەدەستەوە گرتوە و لە تەبلیغاتی محەللی‌یەکەی دا بە دنەدان و بزواندنی دەماری مەزهەبی جەماوەر، پەنای بردوەتە بەر پیس ترین و بیشەرمانەترین تەبلیغاتی مەزهەبی لە دژی کۆمۆنیستەکان. رایەل و پوی پرتووکاوی مەزهەب و دەزگای مەزهەب هەر لە ئێستاوە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە تەقویەت دەکری و بە دەستەوە دەگیری. لە سالانی ٥٨ و ٥٩دا کە لە پال ناوچە تورك نشینەکان هەندیك ناوچەی ئازاد لە ژێر کونترولی هێزەکانی پیشمەرگەدا بوون، ئەم حیزبە بە پەرە پێدانی رقەبەری مەزهەبی و جیاوازی میللی لە ناوچەکانی "میاندواو"و "نەغەدە" بە کردەوە دەستی دا بووە پێش برکی لەگەل ئاخوندە کونەپەرستە شیعە مەزهەب حیزب اللهییەکان سەر بە دەزگای جمهووری ئیسلامی و گەلیك جار بە هەلخراندنی ئیحساساتی دواکەوتوو و بزواندنی هەستی تولە ئەستاندنەوەی قەومی هەولی دەدا هێز لە دەوری خۆی کو بکاتەوە و پاشماوەی ئەم کیشە و ناکوکی‌یانە ببووە سەرچاوەیەك بۆ هێز کوکردنەوەی ئەم حیزبە. چەند جار دەستیان دایە توپ باران کردنی خەلکی دێهاتی تورك نشین و کوشتاری گەلیك ئینسان لەو شوینانە.

تەئیید کردن و تەنانەت بەهێزکردنی سوننەتە کۆمەلایەتی‌یە دواکەوتووەکان لە زەمینەی ستەمگەری لەسەر ژنان دا و تەبلیغاتی رەزیلانە و بیشەرمانە لە دژی کۆمۆنیستەکان لەم زەمینەیەدا، لایەنیکی هەمیشەیی کارکردەکانی حیزبی دیموکرات بووە. زۆر قانوون و یاسا و داب و رەسمی نیو کۆمەل وەك داب و رەسمی ژن هێنان و شووکردن و مافەکانی ژن لە خانەوادەدا لەم بابەتەوە، لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە بەدەستەوە گیراوە و کەلکی خۆی لی وەرگرتوە. پەیوەست بوونی ژنانی تێکۆشەر بە ریزی هێزی پێشمەرگایەتی‌یەوە، هەتا ماوەیەکی زۆر، لە لایەن ئەم حیزبەوە هێرشی دەکرایە سەر و ئەم حیزبە هەولی دەدا بە هەلخراندنی دەماری مەزهەبی و ئەخلاقییاتی سوننەتی، سیاسەتی کۆمەلە کە بانگەوازی ژنانی دەکرد بێنە نیو ریزی خەباتی چەکدارانەوە، تووشی شکست بکا.

لەیەك کەلام دا مەزهەب، خورافات، جیاوازی و کیشە قەومی و عەشیرەیی‌یەکان و تەعەسوباتی محەللی، ئەخلاقییاتی دواکەوتوو و داب و نەریتی پرتووکاوی نیو کۆمەل، نابەرابەری و بی عەدالەتی‌یەکانی مەوجوود لە بابەت ژنان و تەعەسوباتی جنسی، نەخویندەواری و بی ئاگایی جەماوەر لە مافەکانی خۆیان، ئەمانە هەموویان لە لایەن جەرەیانی ناسیونالیستی و حیزبەکان و رابەرانی ناسیونالیستەوە نەك هەر هەریگز هێرشیان نەکراوەتە سەر بەلکوو ناسیونالیزمی سوننەتی لە کوردستان خۆی هۆی مانەوەیان بووە و پشتی پی بەستوون.

(٢)

ئەوشتانەی باسیان کرا، هەموو ئەو تایبەتمەندی و لایەنانە نین کە جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستانمان پی دەناسینن و هیشتا گەلیك تایبەتمەندی و خەسلەتی تریش هەن کە دەکری باسیان بکەین: پەرە پێدانی شوڤینیزمی میللی و پێك هێنانی کەلەبەر و نیوان ناخۆشی لە نیوان زەحمەتکێشانی کورد و غەیرە کورددا، بی پرەنسیبی لە خەباتی سیاسی‌دا، پەرەپێدانی درو و دووروویی و گورینی حەقیقەتە ئاشکراکان، داشکاندنی خەباتی سیاسی و نزم کردنەوەی هەتا ئاستی هونەری پیلانگیران و حیلە و چاوبەستن، بەندوبەست لە پەیوەندە تەشکیلاتی‌یەکان دا و دلرەقی لە وەدەرنان و لی خستنی موخالفینی حیزبی‌دا و...، بەلام مەبەستی ئێمە لەم نووسراوەیەدا هێنانە گۆری ئیددیعانامەیەکی هەمەلایەنە لە دژی جەرەیانی ناسیونالیستی لە بزووتنەوەی کوردستاندا نیە بەلکوو هەول دەدەین هەر لەم چوارچێوەیەدا کە تا ئێستا ئیشارەی پێکراوە، رەنگدانەوەی ئەم لایەنانەی تاریخی دورودریژی ناسیونالیزمی کورد لە سوننەتەکانی کاری چەکدارانەدا کە بە شێوەی خۆد بە خۆدی جاری وابووە تەنانەت وەك "ئوسوولی نیزامی" یان "بنەماکانی کاری چەکدارانە لە کوردستان" بە فەرز دانراون، بدەینە بەر لیکولینەوە.

**الف:**

**نەبوونی ناوەرۆکی چینایەتی بە قازانجی زەحمەتکێشان لە داخوازەکانی ناسیونالیزم دا**

پێشتر ئیشارەمان پێکرد کە جەرەیانی ناسیونالیستی لە کوردستان هیچ ئامانجیك بێجگە لە وەرگرتنی ئیمتیاز بۆ بورژوازی محەللی لە دەولەتی مەرکەزی کە تەنیا وەك داخوازی میللی بەیان دەکری بۆ خۆی دیاری ناکا و تێکۆشانی خۆی لەم زەمینەیەدا ناباتەوە سەر هیچ مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی دیکە. ئەم واقعییەتە، هەندیك تایبەتمەندی بە شێوەیەکی چار هەلنەگر لە رێکخراوی چەکدار و خەباتی چەکدارانەی حیزبە ناسیونالیستەکاندا پێك دینی کە گرینگترین یان ئەمانەن:

– ئەو هێزە چەکدارە کە هەموو ئامانج و مەبەستی تەنیا بریتی‌یە لە رزگاری میللی جا خۆی هەرچوونیکی تەعبیر کا هیچ ئەرك و وەزیفەیەك لە بابەت کاری وشیاری دەرانە لە نیو جەماوەردا و لە بابەت هەولدان بۆ باشبوونی وەزعییەتی ژیان و گوزەرانی جەماوەر بۆ خۆی دانانی و ئەرکی وا هەر بە پێویست نازانی. بە ناچار داهاتووی هێزیکی چەکداری لەم چەشنە، لە زەینی جەماوەردا و لە ئاسوی سیاسی خۆدی ئەو هێزەش داهیچی تر نیە بێجگە لەوەی ببیتە جی نشینی ئەرتەشی مەرکەزی.

هێزێك کە ئەمرۆ لە نیو کۆمەلانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراودا هیچ دەوریکی وشاریدەرانەی نەگرتوەتە ئەستوو بە ئەرکی خۆی نازانی هیچ هەولیك بدا بۆ زەررەیەك باشبوونی ژیانی جەماوەر، وە بۆ سبەینیش هیچ هیوا و ئاسویەکی نیە بیجگە لەوەی ببیتە هێزی چەکداری حکوومەتێکی مەسەلەن خودموختاری محەللی، هەر ئەم واقعییەتە "ئەرتەشی خودموختاری خواز" هەر ئەمرۆ دەکاتە هێزێکی غەیرە پێشرەو و ملهور. ئەگەر ستەم و سەرکوتگەری بی سنووری دەولەتی بورژوایی مەرکەزی دەبیتە هۆی ئەوە کە خەلك لە حاست ئەم جۆرە رەوشت و تایبەتی‌یانەی نیو ئەم هێزە چەکدارە کەم تا زۆر چاوپوشی بکەن یان مودارای لەگەل بکەن، ئەمە زەررەیەك لەم واقعییەتە کەم ناکاتەوە کە هێزێکی ئاوا، هێزی سەرباری جەماوەرە. سووکایەتی و ئێهانەت کردن بە خەلکی زەحمەتکێش، لە بەرچاونەگرتنی مافە شەخسی و فەردی‌یەکانیان، کەمتەرخەمی لە حاست مال و دارایی و بەرژەوەندیان و بە کەیفی خوبیربەوی دادان و خەسار کردنی دارایی یان، کە شێوەی جۆراوجۆری لە رەفتاری جەرەیاناتی ناسیونالیست دا بەرانبەر بە جەماوەر دەبینری، لەو مەوقعییەت و جیگا و شوێنەوە سەرچاوە دەگری کە هێزی چەکداری بزووتنەوەی ناسیونالیستی تێیدایە. سەرهەلدان و گەشەکردنی ئەم خسووسییەت و رەوشتانە سەرچاوەکەی لە تەماوخواستی دەروونی شەخسییەتی کەسەکان دا نیە بەلکوو سەرچاوەکەی لە ئامانج و ئاسو سیاسی و کۆمەلایەتی‌یەکەیاندایە. بۆ هێزی "خودموختاری خواز" جەماوەر بۆ هیچی‌تر نیە بێجگە لەوەی پێویستی‌یە جەنگی‌یەکان و کاروباری پشتی جەبهەی بۆ جێ‌بەجێ بکەن و ئەو "هێزەش لە حاست ئەوان هیچ ئەرکیکی نەگرتوەتە ئەستو بێجگە لە وەرگرتنی خودموختاری وەك ئامانجی نیهایی و ئەوپەری ئامانجی سیاسی خۆی

– بوونی ئەم رەوشت و خوسووسیاتە، نەك هەر پەیوەندی هێزی چەکداری پێشمەرگە لەگەل کۆمەلانی زەحمەتکێش و زۆرلیکراو دەکاتە پەیوەندیکی ملهوورانە و غەیرە دیموکراتیك، بەلکوو شێوەی ژیان و رەفتار و ئەخلاقییاتی ناوخۆی هێزی پێشمەرگەش بەرەبەرە تووشی گەندەل بوون دەکا. سەرهەلدانی مەیلی ماجەراجویانە و نیزامی گەرایانە و غەیرە سیاسی، بەر و پەیدا کردنی ئەخلاقییاتی لومپەنی و...، ئەمانە حاسلی چارە هەلنەگری ئەوەن کە ئەو هێزە چەکدارە خاوەنی هیچ ئامانجیکی بەرزی کۆمەلایەتی نیە و ئاسو و مەبەستی سیاسی‌یەکەی بەرتەسك و تەنگەبەرە.

– ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگەی ناسیونالیست لە باری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی‌یەوە لە دواکەوتوویی‌دا دەمێننەوە چونکوو هێزی نیزامی خۆ خەریك کردن بەم مەسەلانەوە بە ئەرکی خەباتکارانەی خۆی نازانی. ئەمانە گویا ئال و گۆریکن کە "٢٥ سال پاش خودموختاری" تازە دەبی بیریان لی بکرێتەوە! قسە لەسەر ئەوە نیە کە هێزی پێشمەرگە بە قودرەت و ئیمکاناتی حیزبی و سازمانی خۆی هەتا چەندە دەتوانی لەم مەیدانەدا راستەوخۆ ئال و گۆر پێك هێنەر بی، بەلکوو مەسەلەکە ئەوەیە کە ئایا هێزی نیزامی کە خۆی لە نیو ئەم خەلکەدا دەژی، چ هەولیك دەدا بۆ هەلخراندن و رێکخستنی پێك هێنانی ئال و گۆر لە هەلومەرجی ژیانیان دا؟ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دەسەلاتدارەتی خۆی هەر بەوە دەزانی کە کیشە و ناکوکی‌یەکانی خەلك "حل و فەسل" بکا ئەوەیش بە ئەستاندنی جەریمە بە قازانجی خۆی! شووراکانی زەحمەتکێشانی دێهات لە جیاتی ئەوەی ئورگان و بنکەی جەماوەری بن بۆ بەرێوە بردنی دەسەلاتدارەتی خەلك و ئامرازی پێك هێنانی ئال و گۆر بن بۆ باشبوونی ژیانی گشتی بە هێدایەت و رینوینی هێزی چەکدار، دەکرێنە ئامراز و وەسیلەیەك بو جێ‌بەجێ کردنی پێویستی‌یە گەورە و چکولەکانی هێزی چەکدار و دەبنە پاشکوی ئەو هێزە.

– سازش لەگەل عەشایر و هەولدانی هەمیشەیی بۆ راکیشانی هێزی چەکداری ئەوان، بۆ حیزبە ناسیونالیستەکان هەمیشە ئارەزوویەك بووە، عەیار و پیوانەی سەرکەوتنیان بووە و حیزب و گورووهە جۆراوجۆرەکان لەسەر ئەمە رەقابەتیان کردوە. هیشتنەوەی پەیوەندە زالمانەکانی فیئودالی، چاوپوشی کردن لە جینایەتەکانیان و تەئیید کردنی ئەم جینایەتانە، نرخیك بووە کە ناسیونالیستەکان هەمیشە لە پێناو ئەوەدا کە عەشایر پشتیان بگرن، حازر بوون بیدەن بە سەروك عەشیرەتەکان.

– خەباتی نیزامی تەواو بە دوور لە پێویستی‌یە ماددی‌یەکان و داخوازەکان و ئارەزووەکانی رۆژانەی زەحمەتکێشان رێگەی خۆی دەگری. بۆ نموونە کاتێك هێزی پێشمەرگە ناوچەیەکی گوندنشین دەگرێتەوە، مەعناکەی ناکاتە راونانی کونەپەرستان، ناکاتە موسادەرە کردنی زەوی و

چاله دەغل و ئەنباری ملکدارەکان، ناکاتە پێك هێنانی "تەعاونی دێهات"، ناکاتە پێك هێنانی شووراکانی خەڵك یان هیچ هەنگاوێکیتری لەم چەشنە، بەڵکوو تەنیا مەعناکەی ئەوەیە کە هێزی خودموختاریخواز، سەربەخۆیی خواز و ...، جێگای ئەرتەشی مەرکەزی دەگرێتەوە و خەڵك لەم دەستاو دەست پێکردنەدا دەسکەوتێکی وایان پی نابری.

– لە منتقی هێزی نیزامی ناسیونالیست دا، جەماوەری خەڵك بۆ ئەوە نابن هیچ دەورێکی راستەوخۆ و سەربەخۆیان هەبی چونکوو خەباتەکەیان لە چوارچێوەی تێکۆشانی چەکدارانەدا نەبی هیچ بایەخیکی نیە. ئەمانە پێیان وایە جەماوەریان دەبی بینە ناوریزی هێزی پێشمەرگەیان کاروباری پشتی جەبهەی بۆ بکەن و دەنگ و باسی بۆ کۆبکەنەوە و ئازووقەی پی بگەیەنن. لە بەر ئەوەش کە لە ژیانی واقیعی کۆمەڵی کوردستاندا ئیمکانی ئەوە نیە زۆربەی خەڵك بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ خەباتی چەکدارانە بکەن، کە وایە سیاسەتی ناسیونالیستی لە راستیدا مەعناکەی ئەوەیە ئەم زۆربەیە لە حاشیەدا رابگری و گوێ نەداتە ئەو مەیدانە واقیعیيانە کە ئەم جەماوەرە بەرینە دەکری تێیدا هەڵسوورین. بۆیە بزووتنەوەی ناسیونالیستی کە تەنیا پشت بە خەباتی چەکدارانە دەبەستی، ناتوانی لە جەرگەی ئەم خەباتەی خۆیدا بزووتنەوەیەکی سیاسی و جەماوەری هەڵخرێنی.

بەڵام مەسەلە تەنیا ئەوە نیە کە هێزی چەکداری بزووتنەوەی ناسیونالیستی بۆ هەڵخراندنی بزووتنەوەی سیاسی جەماوەری هیچ هەولیك نادا، بەڵکوو لە دنیای واقیعی دا ئەم بزووتنەوانە لە لایەن هێزی چەکداری ناسیونالیستەوە سووکایەتیيان پێکراوە، بەبی بایەخ دانراون و تەنانەت سەرکوت کراون. چونکوو لەبەر ئەوەی حیزبە ناسیونالیستەکان پێیان وایە هەرکات جەرەیاناتی ئیعتیرازی و سیاسی گەشە بکەن، جەماور لە کۆنترۆل و ئالقەی نفووزی ئەم حیزبانە دەچنە دەر و، لە گەشە کردنی رادیکالیزمی ئەو بزووتنەوانە دەترسن، نەك هەر هیچ هەولیك نادەن بۆ هەڵخراندن و رێکخستنی ئەو بزووتنەوانە، بەڵکوو تەنانەت بۆ خاموش کردن و بی دەنگ کردنیشیان هەول دەدەن. گەلیك نموونە لەم زەمینەیەدا لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانین ئیشارە پی بکەین. کاتیك لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨دا مانگرتنی گشتی و تحەسنی یەك مانگەی خەڵکی شاری سنە بۆ ئیعتیراز بە حوزووری پاسدارانی ئیسلامی لە نیو شار دەستی پێکرد، حیزبی دیموکرات نەك هەر خۆی لە تەقویەت کردنی ئەم حەرەکەتە بەرینە جەماوەرییەدا هیچ دەورێکی نەبوو بەڵکوو هەموو هێزی خۆشی بۆ پێش گرتن بە پشتیوانی خەڵکی باقی شارەکانی کوردستان و بە تایبەت شاری مهاباد لەم حەرەکەتە شۆرشگێرانەیە بە کار دەبرد. لە جەرەیاناتی سیاسی و ئیعتیرازی گرینگی دیکەش دا وەك خۆپێشاندانی گشتی خەڵکی شاری مهاباد لە سەروبەندی گەرانەوەی پێشمەرگە بۆ نیو شار لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨دا کە بە بانگەوازی کۆمەڵە و شیخ عزالدینی حسینی بەریوە چوو، لە کوچی مێژوویی خەڵکی شاری مەریوان دا و لە دەیان رووداوی گەورە و چکولەی دیکە دا حیزبی دیموکرات هیچ ئەرکیکی نەگرتوەتە ئەستو. لەم جۆرە نموونانە لە مێژووی بزووتنەوەی ناسیونالیستیدا لە کوردستان گەلیك زۆرن.

ب:

## نەبوونی ستراتیژی و تیگەیشتنی روشن لە قوناغەکانی تەکامولی سیاسی و نیزامی بزووتنەوە

بۆ هێزی پێشمەرگەی ناسیونالیست، قوناغەکانی تەکامولی خەباتی چەکدارانە و سەرئەنجام سەرکەتنی نیزامی، هیچ مەعنایەکی کونکریتی نیە. روشنترین ئاسوی ستاتیژیك بۆ حیزبە سوننەتییە ناسیونالیستییەکان بریتییە لە شەر کردن بۆ نزیك بوونەوە لە هەلومەرجی رێك کەوتن و سازان و ئیمتیاز وەرگرتن لە دەوڵەتی مەرکەزی. پێشرەوی نیزامیش هەر بۆ ئەوەیە خزمەت بەم مەبەستە بکا. میزانی دووری و نزیکی لەم ئاسو سیاسییە، هومید و ناهومیدییەکان لە نیو ریزی چەکداری ئەم حیزبانەدا شکل پێدەدا و ئەگەر ئەم دەرفەتانە هەڵنەکەون، ئیتر شایعە و دەنگوو وەعدە و بەلین لە بابەت وت و وێژ و رێك کەوتن دەست پێدەکا و بیروزەینی هێزی چەکداری دادەگری و ئەمە بۆی دەبێتە مایەی پشت ئەستووری و توانایی و وزەی پی دەبەخشی.

حیزبی دیموکرات یەکیك لە نموونە زەقەکانی ئەم چەشنە سیاسەتەیە لە کوردستان. هیچکام لە ئەفرادی ئەو حیزبە، لە ژیانی ٩ ساڵی رابوردووی ئەم حیزبەدا پێیان شك نایە جارێك ٦ مانگ تێپەر بی و دەنگویەك لەم بابەتەوە نەکەوتبێتە نیو ریزەکانیان. لە ساڵی ١٣٦٤دا ئەو حیزبە لەسەر پاراستنی مافی وت و وێژ کردن بۆ خۆی لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی لە هاوپەمانەکانی خۆی کە پێکەوە لە شوورای میللی موقاومەت دا بوون جیا بووەوە. موجاهیدین دەیانەویست حیزبی دیموکرات لەو مافە کە هەمیشە ستراتیژی و ئاسوی سیاسی و عەمەلی هێزی چەکداری ئەم حیزبە بووە مەحرووم بکەن. مەعلووم نیە ئەگەر ئەم ئاسو سیاسییە کویر بێتەوە ئیتر خەباتی چەکدارانەی هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە دەبی هەتا کوی بچێتە پێش؟ حیزبی دیموکرات چلون و بە پشت بەستن بە کام هێزەکان و بە تێپەرین لە کام قوناغانەوە ئەو خودموختارییە وەدەست دینی؟ ئەوە کە حیزبی دیموکرات ستراتیژییەکی روشنی بۆ پێشرەوی و سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی نیە، بە روشنترین شێوە لەوەدا خۆ دەنوینی کە هێزی پێشمەرگەی خۆی لە تاریکی دا رادەگری و بە وەعدە و بەلینی چەند مانگە لەم رووداوە سیاسییەوە هەتا رووداوێکیتر لەم دەرفەتەوە هەتا دەرفەتێکیتر، دلگەرمییان پی دەبەخشی.

لە وەزعییەتیکی ئاوادایە کە شکل و شێوەی جۆراوجۆری تریش بۆ هاندانی هێزی چەکدار وەکار دەخرین هەتا ژمارە و ورەی هێزی چەکدار بە هر قیمەتێك بووە بپاریزری. پێك هێنانی رەقابەت لە نیو بەشە جۆراوجۆرەکانی هێزی پێشمەرگەدا لە شەرەکاندا و دەنەدانی ناوچەگەرایی و شتیتری لەم بابەتە دەکرێنە هۆیەك بۆ هاندانی هێزی چەکدار و، هەر ناوچەیەك، بەستە بەو رووداو و مەسەلە موشەخەسە مێژوویيانە کە لەو ناوچەیە روویان داوە "شانازی"یەکی تایبەتی لە ژیر گل بودەردەهێنریتەوە. شەرەکان و دەسکەوتەکانی شەری چەکدارانە چەندین بەرابەر گەورە دەکرێنەوە و هەول دەدری نەفسی سەرکەوتنی نیزامی لە عەمەلیاتە جیاجیاکاندا بکرێنە مایەی دلگرمی بۆ هاندان و پال پێوەنانی هێزی چەکدار بەرەو کارێکی چەکدارانەی هێزی ناسیونالیست بە بی هیچ حیکمەتێك بەرەوپێش دەبری. کاری نیزامی نەك بە پێی بەرەوپێش بردنی سیاسەتێکی گشتی کە تێیدا پێشرەوی جەماوەری و ورەی خەباتکارانەی خەڵك و فاکتوریتر لەبەر چاودەگیری، بەڵکوو بە پێی هەندیك پێوانەی کاتی و فەننی وەك میزانی دەسکەوتەکان زیانی دوژمن و ژمارەی دیلەکان و شتی لەم چەشنە بەراورد دەکری.

پەرەپێدانی "کیشی پێشمەرگە"، وەك "قارەمان" بەرچاو خستنی و هەروەها وەك مەوجوودیك پیرۆز و باتر لە ئینسانی ئاسایی، هاندانی ئیحاسات و تەمای فەردی بە قیمەتی پەرە پێدانی ئەخلاقییاتێکی خۆ پەرستانە و ملهورانە، لە تایبەتی هەمیشەییەکانی تەبلیغاتی حیزب و گورووهە ناسیونالیستەکان بووە. ئەگەر قەرارە خەبات لە دەسرەسی جەماوەر دووربی و کراسیك بی تەنیا بە بەری پێشمەرگە برابی، دیارە هەرکەسێکی نیو ئەو هێزەش دەبی وەك مەوجوودیکی باتر لە ئینسانی ئاسایی بەرچاو بخری، بەم جۆرە لە تەبلیغاتی ناسیونالیستیدا سیمایەکی غەیرە واقیعی و غەیرە کۆمەڵایەتی لە پێشمەرگە بەرچاو دەخری. بەڵام سەیر ئەوەیە هەر ئەم "قارەمان"ە لە پەیوەندەکانی نیو خۆی تەشکیلات دا تەحقیر دەکری و بە سووك چاوی لیدەکری و لەسربازیکی سادەی ئەرتەشی خودموختاری خواز واوەتر هیچ بایەخێکی پی نادری. ئەو کەسە کە بە پێی قاعیدە بۆ ئامانجیکی سیاسی یانی بۆ وەدی هێنانی مافی میللی هاتوەتە مەیدان، لیرەدا دەبێتە شەرکەریکی نیو رێکخراوی چەکدار. بە پێچەوانەی بزووتنەوەی کرێکاری کۆمۆنیستی کە ریزی خۆی بە ریزی پێشرەوانی خەباتیکی بەرینی کۆمەڵایەتی دەزانی و هەموو کەسیکی نیو ئەم ریزە وەك سەرمایەی ئینسانی ئەم خەباتە چاو لی دەکا و بۆیە ئینسانەکان بەلایەوە بایەخیکی زۆر زیاتر لە بایەخی سەربازیکی سادەی ئەرتەشیان هەیە، لە ریزی خەباتی ناسیونالیستیدا هەر ئەم ئینسانانە کە رووبە دەرەوە لە حاست جەماوەر وەك قارەمانانی بەرزەفر و مەوجووداتیکی پیرۆز و موقەددەس بەرچاو دەخرین، لە پەیوەندەکانی نیو خۆی تەشکیلات دا و لەو رەفتارەدا کە سازمانی حیزبی لەگەلیان دەکا، ئەوپەری بی دەربەستی و کەمتەرخەمی لە حالت پاراستنیان و لە حالەت پەروەردە کردن و بارهێنانیان بەرچاو دەکەوی. پێشمەرگە لە تەشکیلاتی ناسیونالیستیدا لە چاو بەرپرسان و ریزەکانی سەرەوەتر بە سووك چاوی لیدەکری. موناسەباتی غەیرە دیموکراتیك لە نیو تەشکیلاتی چەکدار دا و هێنانە خوار و داشکاندنی شەخسییەتی پێشمەرگە لە چاو فەرماندەکان و ریزەکانی سەرەوەی تەشکیلات، یەکیکە لە تایبەتمەندییەکانی موناسەباتی ناوخۆی حیزبە ناسیونالیستەکان. بۆ ئەمانە بەرابەری خەباتکارانە و دیموکراسی ناوخۆی تەشکیلات لەگەل جەنگاوەر بوونی هێزی چەکدار ناکوکی هەیە. موناسەباتی غەیرە دیموکراتیك و جیایی نیوان پێشمەرگە و فەرماندەکان و مەسئوولین لە تەشکیلاتی نیزامیدا کە ئەم کەلین و جیاییيە لە باری شێوەی ژیان و تەنانەت بەهرەمەندی لە ئیمکانات و ئیمتیازات و گوزەرانەوە هەتادی زیاتر دەبی بەشێکی جیا نەبووەوەی ئەخلاقییاتی نیو ئەو رێکخراوانەیە کە بەرەبەرە بووەتە شێوە و دەقی ئاسایی ژیان و ستانداردیکی سەلمیندراو لە نیو ئەو حیزبانەدا.

هەرتك لایەنی ئەم ئەخلاقییاتە سازمانییە، یانی قارەمان سازکردن لە پێشمەرگە رووبە جەماوەر و داشکاندنی و هێنانە خواری بایەخی پێشمەرگە هەتا ئاستی شەرکەریکی چەکدار و هیچیتر لە نیو تەشکیلات دا، بۆ ناسیونالیزمی بورژوایی زەرووڕەتیکە بەرانبەر بە جەماوەر، مەرجی پێویستە بۆ ئەوەی پێشمەرگە ببێتە ئامرازیکی کارا لە دەست ناسونالیستەکاندا بۆ رێکخستنی دەزگایەکی نیزامی و بوروکراتیکی خودموختار کە قەرارە جێگەی کاربەدەستانی دەوڵەتی مەرکەزی بگرێتەوە. بۆیە هەر لە ئێستاوە ئاوا پەروەردە دەکرین: یانی هەم بە فەرهەنگ و ئەخلاقییاتیکەوە کە پێشمەرگە خۆی بەبان سەری خەڵك بزانی، وەهەم بۆ ئەوەی ببیتە ئینسانێك کە بی ئەم لاو ئەولا سیاسەت و بریارەکانی دەزگای رێبەرایەتی حیزبی و بەرژەوەندی بورژوایی ئەم حیزبانە بەریوە بەری پێویستە گوێ لەمست و سەرکویر و کەم تەوەقوع فیر بی، لەمەسەلە سیاسییەکانی مەربووت بە چارەنووسی ئەو خەباتە کە لە پێناویدا چەکی هەڵگرتووە دەخالەت نەکا و لە حاست "هونەرنمایی"یە سیاسییەکانی "رابەران" زمانی نەگەری، بۆیە پاراستن و جێگیر کردنی ئەم موناسەبات و پەیوەندییانە لە نیو حیزبە ناسیونالیستەکاندا پێویستە.

– حیزبە ناسیونالیستەکان بی سیاسەتی و بی ئاسویی لە خەباتی چەکدارانەدا، ئەغلەب بە ماجەراجویی بۆ پاراستنی پریستیژی نیزامی خۆیان و جاری وایە بە رەقابەت لەگەل هێزی "رەقیب" قەرە بوو دەکەنەوە. عەمەلیاتی نیزامی پەراکەندە و حیساب نەکراو و کویرانە جێگای نەقشەی لە پێشدا دارێژراو و کاری بە دانستە کە خزمەت بە وەدی هێنانی ئامانجی روشن و قوناغ بو دیاریکراو بکا دەگرێتەوە و نەفسی شەر کردن و زەربە لیدان خۆی لە خۆیدا دەبیتە ئامانجی نیزامی.

ئەو شتە کە باسی کرا بو هێزی چەکداری ناسیونالیست بە هیچ شێوەیەك شتیکی سەیر و بەهەڵکەوت نیە. ئاسوی سیاسی و ستراتیژی خەباتکارانەی حیزبە بورژوا ناسیونالیستەکان، نەبوونی ئاسو و ستراتیژی خەباتکارانەی روشن، هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبانە بە شێوەیەکی چارەهەڵنگری بەرەو ئەم چارەنووسە دەبا.

ج:

## خولادان لە رێکخستنی جەماوەر

کاری نیزامی لە بزووتنەوەی ناسیونالیستیدا بە بی ئەوەی هیچ پەیوەندیکی لەگەل شێوەکانیتری خەباتی جەماوەری هەبی، ریگەی خۆی دەگرێتە پێش. هێزی ناسیونالیست کە هیچ رێگایەکی نیە بۆ هەڵخراندنی بەشە بەرینەکانی خەڵکی غەیرە چەکدار و هیچ مەیلیشی لە هەڵخراندن و هێنانە مەیدانی ئەم خەباتە نیە، ناتوانی پەیوەندی نیوان خەباتی نیزامی لەگەل بزووتنەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری و شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی خەڵك لە شارەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و ... پێك بینی. بۆیە تەبیعییە کە رێکخستنی خەڵك بۆ ئەم خەباتە بە ئەرکی خۆی نەزانی و خەباتی چەکدارانەش بە هیچ شێوەیەك ری ناباتەوە سەر باقی شکلەکانی خەباتی جەماوەری. خەباتی غەیرە چەکدارانەی جەماوەر بە سووك و بی بایەخ دادەنری، کاری رابەرانی خاوەن نفووزی محەللی بۆ هێدایەت کردنی خەباتی رۆژانە بە بی بایەخ دادەنری، ئەو چەشنە رابەرانە ئەگەر نەیەنە نیو ریزی خەباتی چەکدارانە بێجگە لەوەی ئازووقە و پێویستییە جەنگییەکانی هێزی پێشمەرگە دابین بکەن لە سوننەتی ناسیونالیستیدا هیچ جیگایەك بۆ خۆیان نابیننەوە. هەر بە پێی ئەم سوننەتەیە کە لە نیو رێکخراوی چەکداری ئەمانەوە (کە تەواوی مەوجوودییەتیانە) ئاژیتاتوری عەلەنی و رابەرانی ناسراوی سیاسی جەماوەری لە ئاستی محەللیدا سەر هەڵنادەن. لەوەها تەشکیلاتیك دا کادرەکان تەنیا لە سوننەت و نەریتی نیزامیدا پەروەردە دەبن و ناودەکەن. بارهێنان و ناساندنی فەرماندە نیزامییەکان و ئوتوریتە نیزامییەکان لە باشترین حالەت دا تەنیا حاسلی تێکۆشانی ناسیونالیستەکانە لە زەمینەی پەروەردە کردنی ئەفرادی سازمانیدا.

لەو سوننەتەدا تێکۆشانی هێزی چەکدار ناتوانی ببیتە هۆی پەرەگرتنی تەشکیلات لە نیو کۆمەڵانی زەحمەتکێش دا و تواناییيەکان و ئیمکاناتی خەباتی نیزامی لە خزمەت رێکخراو بوونی جەماوەر و تەنانەت پەرە گرتنی تەشکیلاتی حیزبیدا ناخرێتە کار و ئەم جۆرە رێکخستنە تەحقیر دەکری و ئەگەر بە هەر دەلیلیکیش شکل بگری، ئەرکەکەی نەك بەرەوپێش بردنی خەباتی ئیعتیرازی جەماوەر و پەرەپێدانی رێکخراوە جەماوەرییەکان لە محەل دا بەڵکوو تەئمینی پێویستییەکانی پشتی جەبهەی هێزی پێشمەرگەیە.

بەڵام ئەگەر هێزی ناسیونالیست ناتوانی خەباتی نیزامی خۆی لە خەباتی سیاسی و ئیعتیرازی کۆمەڵانی غەیرە چەکدار گری بدا و جەماوەر تەنیا بە پشتی جەبهەی خۆی دەزانی، بە مەعنای ئەوە نیە کە گویا هەر ئەم پشتی جەبهەیە واریك دەخا بتوانی درێژە بە کاری خۆی بدا. یارمەتی دان بە هێزی پێشمەرگەش تەنیا بە شێوەی نارێکخراو و فەردی و تاکە تاکە دەکری. کۆکردنەوە و رێکخستنی جەماوەر بۆ یارمەتی دانی خەباتی

چەکدارانە و ڕێکخستنی هێزی یارمەتی دەری پشتی جەبهە بە شێوەیەك کە بتوانی کاری خۆی درێژە پی بدا لە سوننەتی ناسیونالیستیدا هیچ جێگایەکی نیە. کاتیك شاری سنە لە ساڵی ١٣٥٩دا لە لایەن هێزەکانی جمهووری ئیسلامییەوە گەمارو درا و موقاومەتێکی ٢٤ ڕۆژەی تاریخی کرا، بوونی زنجیرەیەکی بەرین لە بنکەکانی گەرەکەکان کە ئەساسەن بە هێدایەتی کۆمەڵە ڕێکخرا بوون ئیمکانی بە هێزی پێشمەرگەدا کە ئەم موقاومەتە گرینگە بەرەوپێش بەری. حیزبی دیموکرات هەتا ماوەیەکی زۆر دوای ئەوەش، هەر پێی دەگوت "چەپرەوییەکانی کۆمەڵە". هێزی چەکدار لە سوننەتی ناسیونالیستیدا نەك هەر هیچ ئامادەییەك بۆ خزمەت بە ڕێکخستنی ئورگانەکانی دەسەڵاتدارەتی جەماوەری وەك شووراکان لە خۆی نیشان نادا بەڵکوو لە بەر ئەوەی خۆی گەلیك بە باشتر لەوانە دەزانی، نایەوی و ناتوانی لەگەل ئەو ئورگانانە هەڵکا و مودارایان لەگەل بکا. ئەم ئورگانانەیان دەبی تەواو گوێ لەمستی هێزی پێشمەرگە بن و لە خزمەت پێویستییەکانی ئەو هێزەدا هەڵسوورین یان بە شێوەی پیلانگیرانە و تەنانەت بە زەبروزەنگ لە مەیدان دەردەکرین. لە ساڵانی رابوردوودا لە هەندیك ناوچەی کوردستان کە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات حوزووریان بووە گەلیك جار شاهیدی کیشەی پێشمەرگەی ئەو حیزبە لەگەل ئەو شوورایانە بووین کە نەیان ویستوە جلەوی ئیرادەی خۆیان بدەنە دەست چەکدارەکانی ئەو حیزبە. لەو ناوچانە چەکدارەکانی حیزبی دیموکرات کوسپیان دەخستە سەر ڕێگای پێك هاتنی شوورا واقیعییەکانی پشت بەستوو بە کۆبوونەوەی گشتی کە کۆمەڵە تەبلیغی دەکردن. لە هەر جێگایەك چەکدارەکانی ئەو حیزبە لەدەستیان هاتبی هەولیان داوە بەزەبروزەنگ و هەرەشە ئەو شوورایانە هەڵوەشیننەوە.

د:

### کەوتنە شوێن دواکەوتوویی و پەرەپێدانی

– پێشتر ئیشارەمان پێکرد کە بۆچوون و داب و رەسمی دواکەوتوانە و مەزهەب و شتی لەم چەشنە ئەو ئامرازە ئیدئولوژیکانە بوون کە جەرەیانی ناسیونالیستی پشتی پی بەستوون. هەروەها وتمان کە مەبەست و ئامانجی سیاسی ناسیونالیزم لە سنووری وەدەست هێنانی مافی میللی تی ناپەری. لەبەر ئەم تایبەتمەندییانە، توێژە پێشرەوەکانی کۆمەڵ ناچنە نیو ریزی خەباتێکی لەم چەشنەوە. ئەو کرێکارە پێشرەوانە کە لە چەوسانەوە و ژێر دەستەیی چینە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان ئاگادار دەبن و ئیعتیرازیان بەرانبەر بەوە هەیە، ئەو کرێکارانە کە بۆچوونی ناسیونالیستی و مەزهەبی حەقیقەتەکانی کۆمەڵی چینایەتی لەبەر چاویان گوم ناکا، ئەو ژنە پێشرەو و تێکۆشەرانە کە لە جیگە و شوێنی غەیرە ئینسانی ژنان و ستەم لیکراوی خۆیان لە کۆمەڵی کوردستاندا ئاگادار دەبن و خەبات لە دژی ئەو ستەمە بە ئەرکی شۆرشگێرانەی خۆیان دەزانن، ڕووناکبیرانی شۆرشگێر و ئەو ئینسانە شرافەتمەندانە کە ئامانجی بەرزتری کۆمەڵایەتی و بەرابەری و سوسیالیزم و عەدالەتی ئابووری هانیان دەدا بۆ خەبات، ئەمانە هیچکامیان بۆ خەبات لە دژی ستەمی میللی بە پێی قاعیدە ناچنە نیو ریزی بزووتنەوەی چەکدارانەی <u>ناسیونالیستی</u>. بە وتەیەکیتر بزووتنەوەی ناسیونالیستی ناتوانی جێگایەکی باش بی بۆ ئەوەی ئەم توێژانە وجوودی سیاسی خۆیان تێدا نیشان بدەن و ئەگەریش بەهەر دەلیلیك بەو جەرەیانەوە پەیوەست بن، خەباتی ناسیونالیستی بە پێی جەوهەری خۆی ناتوانی رایانگری و بیان خەملینی بۆیە پاش ماوەیەکی نەك دوور و درێژیش یان لە نیو سوننەتەکانی خۆیدا دەیان توینیتەوە یان پەسیو و لاکەوتەیان دەکا و وەلایان دەنی. وجوودی ریزی خەباتی چەکدارانەی کۆمۆنیستی لە کوردستان بە هەر ئەندازەیەك لە توز و خەوشی ناسیونالیستی بە دوور بووە و لەسەر هەڵویستە کرێکاری و پێشرەوەکانی خۆی سوور بووە، زیاتر توانیویەتی ئەم جۆرە کەسانە بەرەو خۆی بینی و بووەتە شوێنی کۆبوونەوەی ئەم جۆرە ئینسانانە.

– پێش گرتن بە بەشداری ژنان لە خەباتی چەکدارانەدا یەکیك لە نموونە ئاشکراکانی ئەو واقعییەتەیە کە گەرایشی ناسیونالستی لە کوردستان هەولیداوە بۆ پەرەپێدان و بە هێز کردنی دواکەوتوویی. نایسونالیزمی کورد لە حاست تەحقیری مێژوویی و ریشەداری ژنان لە کۆمەڵی کوردستاندا، بی دەنگەی کردوە و سەری دانەواندوە. هەولدانی کۆمەڵە لەم زەمینەیەدا ئەگەرچی لە سەرەتاوە هەندیك دوودلی تێدا بوو کە نەکا بەگژدا چوون و بەرانبەرکی لەگەل سوننەتێکی جی کەوتوو هێشتا زوو بی کە بە بروای من ئەو دوودلیە بی جی بوو بەڵام بە هەر حال هەر لە سەرەتاوە حیزبی دیموکرات بە دەندانی کونەپەرستانی محەللی بەرەسمی و غەیرە رەسمیموخالەفەتی لەگەل ئەم هەول و هەنگاوانەی ئێمە دەکرد. لە نووسراوەکانی حیزبی دیموکرات دا گەلیك جار ئەوە دەبینری کە گورەوی و پووزەوانە و دەسکیش چنین بۆ پێشمەرگە و پەزیرایی لە پێشمەرگە بە ئەرکی ژنانی کوردستان دانراوە. ئەمرۆ کە کۆمەڵە ڕێگای هاتنە مەیدانی ژنانی تێکۆشەری تەخت کردوە و لە لایەن زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پشتیوانی لیکراوە، حیزبی دیموکرات شەرمینانە بە شەلەشەل بە هەندیك تی بینییەوە خەریکی ڕێکخستنی ژمارەیەك لە ژنانە لە ریزەکانی خۆیدا و ئەمرۆ گویا سەرئەنجام تی گەیشتوە "ژنان نیوەی کۆمەڵن"!

– هێزی چەکداری ناسیونالیست پشتیوانە و پالپشتی کونەپەرستانی محەللییە لە حاست خەباتی شۆرشگێرانە و هێزی پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیست. وە نەبی بە حوزووری هێزی چەکداری ناسیونالیست کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان هەست بە قودرەت و لە خورادیوی بکەن بەڵکوو ئەو بەشەی کونەپەرستانی محەللی کە بە هەر حال لەگەل دەوڵەتی مەرکەزی بە ئاشکرا یان راستەوخۆ هاوکاری ناکەن، ئەوانە بە حوزووری ئەو هێزە چەکدارە هەست بە دلنیایی و لە خورادیوی دەکەن. ئەم جۆرە کونەپەرستانە (شیخەکان، جووتیارانی دەوڵەمەند، ملکدارەکان، سەرمایەداران و ...) بە تایبەت لەو ناوچانەی ئەو حیزبانە حوزووریان هەیە، لە دێهات نزیکایەتی و نیوان خوشی خۆیان لەگەل ئەو هێزە چەکدارە دەکەنە گوپالیك بۆ هەرەشە لە زەحمەتکێشان و بۆ ئەوەی بی دەنگەیان پی بکەن. ئەم تایبەتمەندییانە، هێزی پێشمەرگەی ناسیونالیست بەرەبەرە لەبەر چاوی جەماوەر دەکەنە سەربار و ملوزمیکیتر لە چەشنی ژاندارم و داروەدستە چەکدارەکانیتری سەربە رژیمی مەرکەزی و بناغەی متمانە و هاوکاری خەڵك لەگەل ئەو هێزە دەر دێنی.

هاودەستی هێزی چەکداری حیزبی دیموکرات لەگەل کونەپەرستانی محەللی بە تایبەت لە دژی کۆمۆنیستەکان لە دەورەی رابوردوودا لە کوردستانی ئێران نموونەی گەلیك زۆرە. هاودەنگ بوون لەگەل هەموو کونەپەرستێك لە دژی کۆمەڵە و بوون بە دار دەستی ئەو کونەپەرستانە، سیاسەتی هەمیشەیی هێزی پێشمەرگەی ئەو حیزبە بووە.

– رارایی و زەعفی شەخسییەت و بی مایەیی و دواکەوتوویی سیاسی لە ریزەکانی هێزی چەکداری ناسیونالیست دا یەکجار زۆرە. تەبلیغاتی دوژمن و لەوەش خراپتر قەول و بەلینی دوژمن بۆ دانی ئیمتیازاتی فەردی و تەماع وەبەرنان، یەکیك بووە لە شێوە کار سازەکانی رژیم بۆ کز کردنی ریزی ناسیونالیستەکان. لە ریزە چەکدارەکانی ئەم جەرەیانانەدا گەلیك کەس هەن کە لە ماوەیەکی نەك درێژیش دا چەندجار لە نیوان ریزی جاشەکان و ریزی پێشمەرگەکاندا هات و چوویان کردوە. ئەمرۆ لە ریزی ئەو حیزبەدا مەسئوولییەتی نیزامی لە ئەستویەتی، سبەینی لە ریزی گورووهی زەربەتی رژیم دا خزمەت دەکا و لەویش فەرماندەیە. سەیر ئەوەیە کاتیك دیسانیش دەگەرێنەوە نیو ریزی پێشمەرگە بە نیشاندانی هەندیك توانایی دیاریکراو لە زەمینەی کاری چەکدارانەدا، دەبرێتەوە سەر جێگاکەی جارانی خۆی. سوننەتی ناسیونالیستی بە ئاسانی دیاردەیەکی وەك نورەنیگابانی لە مقەرەکانی دوژمن (سیاسەتێك کە لە دوو ساڵی رابوردوودا لە هەندیك بەشی کوردستان رژیم بۆ راکیشانی کەسانی چاولەدەستی خۆی بەرەو هاوکاری لەگەل هێزە چەکدارەکانی دەستی داوەتی) وشتیتری لەم چەشنە لە خۆیدا هەزم دەکا و مودارای لەگەل دەکا و تەنانەت تەبلیغیکی ئەوتوش لە دژی ناکا.

(٣)

هەتا ئەو جیگایە کە دەگرێتەوە بۆ گرینگی و جیگا و شوێنی خەباتی چەکدارانە لە خەباتی کۆمۆنیستەکاندا لە کوردستان کونگرەی ٥ لەم بابەتەوە جیهەتگیرییەکی روشن و راشکاوی هەیە. لە کونگرەی ٥دا لەم بابەتەوە وتمان:

"خەباتی چەکدارانە یەکیکە لە بناغەکانی وەدی هاتنی ستراتیژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان و بە تایبەت لە دەورەیەکی ئاخیزی جەماوەری دا بەرینایی جەماوەری دەگرێتە خۆی و ئامرازیکی سەرەکی دەبی بۆ یەك لاکردنەوەی کاری جمهووری ئیسلامی لە کوردستان... خەباتی چەکدارانەی ئێمە بەشێکە لە تێکۆشانی ئێمە وەك حیزبێکی لە حالی شەردا ... (ئەم خەباتە) پێش بەوە دەگری جمهووری ئیسلامی دەسەڵات لە کوردستان یەك کاسە کاتەوە، تەئسیریکی گرینگ دەکاتە سەر ئیعتیرازاتی جەماوەری و سەنگ و سووکییەکی عەمەلی لە کوردستان لە نیوان هێزی خەڵك و جمهووری ئیسلامی بەسەر رژیم دا دەسەپێنی و ناچاری دەکا بەرانبەر بە بزووتنەوەی سیاسی و جار لەگەل جار پاشەکشە بکا... پاراستن و پەرەپێدانی ئەم قابلییەتە و بەم پییە بلیسەدار هێشتنەوەی ئاگری خەباتی چەکدارانە، بۆ بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان ئەهمییەتێکی حەیاتی هەیە... لە دەورەی داهاتووی تێکۆشانی نیزامیمان، دەبی بەشێك لە تێکۆشانی سیاسی هەمەلایەنەمان بی بۆ وەگەر خستنی هێزە چارەنووس سازەکانی ئەو بزووتنەوەیە و پێداویستییەکانی. تێکۆشانی نیزامیمان دەبی کارکردی تا ئێستای خۆی کە پێشتر ئیشارەی پێکرا بپاریزی و هەنگاو بە هەنگاو بە پێی توانایی خۆی پەرەی پی بدا...".

نامیلکەی باسەکانی گونگرەی ٥، گولانی ١٣٦٦

بەڵام بێگۆمان ئەو هەلومەرجە کە خەباتی چەکدارانەی ئێمەی تێدا بەرێوە دەچی تەئسیر دەکاتە سەر کاری ئێمەش و تەنیا بە کرێکاری بوون و کۆمۆنیستی بوونی ئەو حەرەکەتە کە بەرەوپێشی دەبەین ناتوانین لە تەئسیری گەرایشی ناسیونالیستی بە دوور بین. ناسیونالیزم گەرایشێکی کۆمەڵایەتی ریشەدارە لە کۆمەڵی کوردستاندا کە ئەخلاقییات و فەرهەنگ و رەوشتی خۆش لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا دەبووژێنێتەوە، حیزبە سیاسییە بورژواییەکان بە پشت بەستن بەم گەرایشە لە نیو جەماوەردا جێگە پێی خۆیان دەکەنەوە و بە پێی بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ئەو گەرایشە ئیدەئالیزە دەکەن. مادام کە مەسەلەی میللی هەیە و بورژوازی محەللی هەیە ئەم گەرایشە جا بە هێز بی یا لاواز و کەم هێز لە نیو جەماوەردا عەمەل دەکا.

خەباتی چەکدارانەی ئێمە وەك یەکیك لە مەیدانە گرینگەکانی بزووتنەوەی ئێمە لەم گەرایشە تەئسیر وەردەگری. سرێنەوەی تەئسیراتی جەرەیانی ناسیونالیستی لە ریزی خەباتی چەکدارانە وەك باقی مەیدانەکان، پێویستی بە هەوڵدانی بەردەوام و تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە هەیە. ئێمە بەرانبەر بە تەئسیراتی جەرەیانی ناسیونالیستی لەسەر ریزەکانی هێزی چەکداری خۆمان، راوەستاوین و لە پێشدا هێزیکی چەکدارمان پێك هێناوە کە ئامانج و ئاسوی خەباتکارانەی خۆی لە بەرژەوەند و ئامانجی چینیکی دیاریکراو چینی کرێکار گری داوە. خەباتی چەکدارانە و هێزی چەکداری کۆمەڵە بۆ ئێمە ئەو مەیدانە و ئەو ئامرازەی خەباتن کە ریزی کرێکارانی کوردستانیان بەرانبەر بە بورژوازی قودرەتمەندتر کردوە و سەنگ و سووکییەکی موساعیدتریان لە نیوان هێزەکاندا بە قازانجی چینی کرێکار لە خەباتی ئەو چینەدا پێك هێناوە. ئامرازی ئێمە لەم ڕێگایەدا رەخنەگرتن بووە و ئەم خەباتە بۆ ئێمە کونگرە بە کونگرە بە رەخنەگرتن بەرەوپێش چووە و لەمەو دواش پی بە پێی تێکۆشانی عەمەلی خۆمان و بۆ روشنتر کردنەوەی مەسەلەکانی مەربووت بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی مەیدانەکانی خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان، دەبی بەردەوام بنەما فکرییەکان و پایگای چینایەتی ئەم گەرایشە بدەینە بەر رەخنە و رەوشت و سوننەتەکانی خۆمانی لە جێگا دانیین.

چینی کرێکار لە کوردستان لە چەند ساڵی رابوردوودا لە باری ژمارەوە بە شێوەیەکی بەرچاو زیادی کردوە و هەر بەم بۆنەوە لە کیشە کۆمەڵایەتییەکاندا لە کوردستان جێگە پێی قایمتر بووە. ئەم واقعییەتە چارەنووس سازە ئیمکان بە کۆمۆنیستەکان دەدا کە لە کیشەی نیوان کۆمۆنیزم و ناسیونالیزم دا بە پشتیوانەیەکی کۆمەڵایەتی قایمتر پشت ئەستوور بن. خەبات بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس و کوتایی هێنان بە ستەمگەری دەوڵەتی مەرکەزی، بێگۆمان یەکیك لە حاسل و بەر ئەنجامەکانی خەباتی رزگاری بەخشی چینی کرێکارە بۆ هەڵچنینی نیزامی سەرمایەداری. میللەتیکی زۆرلیکراو کە لە تەحقیر و بی مافی و لە سەرکوتگەری حکوومەتی مەرکەزی بیزارە و خوازیاری هەلومەرجیکە کە تێیدا بتوانی ئازادانە و بە دلخوازی خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکا، بە پەیوەست بوون بە ریزی کرێکارانەوە لە دژی ئەم نیزامە پێچەوانە و ناعادلانەیە، لە کەم دەردی سەرترین ڕێگاوە دەتوانی ئەم مافەی خۆی وەدی بینی. بۆیە خەبات بو دەرکیشانی بزووتنەوەی جەماوەری کوردستان لە ژیر دەست و بالی گەرایشی ژەهراوی و روو لە پاشەی ناسیونالیزم خەباتێکی تەنیا تەشکیلاتی لە نیو ریزەکانی هێزی پێشمەرگەدا نیە. لایەنە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم خەباتە بۆ ئێمە گەلیك بەرینتر و گەورەترن و ئێمە لەم خەباتە مەزنە کۆمەڵایەتییەدا پێش هەموو شتێك بە هێزی ماددی چینی کرێکار پشت ئەستوورین کە بە پێێ هەلومەرجی عەینی ژیانی خۆی، رادیکالیزمەکەی لە چوارچێوەی بەرتەسکی بزووتنەوەی میللیدا نامێنێتەوە و گەلیك واوەتر دەچی.

لە کاتیکەوە کرێکار و زەحمەتکێشی کورد پێی ناوەتە مەیدانی خەباتی ئاشکرا و بەرین و هەولّ دەدا ڕێبەرایەتی سەرجەمی خەباتی دیموکراتیك وە یەك لەوانە خەبات بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی وە ئەستو بگری، ناسیونالیزمی کورد مەیدانی لی تەنگەبەر دەبێتەوە و رەوتی کزبوون و پووکانەوەی رۆژ لە رۆژ زیاتری دەست پێدەکا. بەرەوپێش بردنی هەتا سەری ئەم پروسەیە و بەهێز و تواناتر کردنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی پشت ئەستوور بەریزی سوسیالیستی کرێکاران ئەرکی ئێمەیە. وەلانان و بە تاك خستنەوەی ناسیونالیزم و میراتی بەرتەسك و سوننەت و نەریتی دواکەوتووی ئەو جەرەیانە، یەکیکە لە مەیدانەکانی ئەو خەباتە.

***

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٥    ڕێبەندانی _ ١٣٦٨    فوریەی _ ١٩٩٠

پێشڕەو

# پەیامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بە بۆنەی ٢٦ی ڕێبەندان _ ڕۆژی کۆمەڵە

ڕۆژی ٢٦ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٨ سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران کۆمەڵە، پی دەنیتە ناو دوازدەهەمین ساڵی هەڵسووران و خەباتی ئاشکرای خۆیەوە. یازدە ساڵ لەوەپێش لە وەها ڕۆژێکدا و پاش تێپەر کردنی نزیک بە ١٠ ساڵ هەڵسوورانی شۆڕشگێرانە و نهینی، ئەویش لە هەلومەرجی دژواری زەبر و زەنگی ڕژیمی سەرمایەداری سەلتەنەتیدا، کۆمەڵە بە بۆنەی گیان بەخت کردنی یەکیك لە هاورییانی دامەزرینەرەوە، هاوری محەمەد حسێن کریمی، لە ڕاگەیاندنیکدا مەوجوودییەتی ئاشکرای خۆی بە کۆمەڵ ڕاگەیاند. لەو کاتەوە تا ئێستا پتر لە ١٠ ساڵ لە ژیانی پر لە خەباتی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی کۆمەڵە تێپەر بووە. بی گومان کۆمەڵە وەك ڕابەر و بەریوە بەری بزووتنەوەی جەماوەری و شۆڕشگێرانە لەم دەورەیە دا زۆر قوناغی ئاستەم و چارەنووس ساز و پر لە هەلس و کەوتی ناوەتە پشت سەر و زۆر دەسکەوت و تەجرەبەی شۆڕشگێرانەی وەدەست هێناوە و سەختی و دژوارییەکی زۆری دیوە و لە سەر ڕێگای خۆی لای بردوون.

ڕاگەیاندنی ئاشکرای خەباتی کۆمۆنیستی سەرەتای دەورەیەکی نوی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش و کرێکارانی کوردستانە. ئێستا مێژووی خەباتی کۆمەڵە لەگەل مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان وەها لیك هەڵپێکراوە کە لیك جیا ناکرێنەوە و ئەمە جێگا و شوێنیکە کە بە هۆی ساڵەها هەول و تێکۆشانی بی وچان بۆ کۆمەڵە وەدەست هاتوە.

ئەمرۆ هەر کەس بیەوەی چاو لە هەڵسوورانی تا ئێستای کۆمەڵە و ئاڵ و گۆڕەکانی بکا، ناچار دەبی لە جەرگەی ئەو ئاڵ و گۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بنەرەتییانەدا چاوی لی بکا کە لە ٢٠ ساڵی ڕابوردوودا لە کۆمەڵی ئێران و کوردستان ڕووی داوە.

کۆمەڵەش وەك هەموو دیاردەیەکی زیندووی دیکە، مەوجوودییەتێکی لە حالی ئاڵ و گۆڕ و گەشە و هەلدان و تەکامول دا بووە. هەڵسەنگاندنی جێگا و شوێنی ئێستای کۆمەڵە لە هەر باریکەوە و لە یەکەمین ساڵەکانی شکل گرتنی ئەم ڕێکخراوە سیاسییە و تەنانەت یەکەمین ساڵەکانی پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و ڕاگەیاندنی مەوجوودییەتی ئاشکرای ئەم ڕەوتە ڕوو لە گەشە و هەڵدانەمان بە ڕوشنی پی نیشان دەدا و ئەم گەشە و هەلدانە لە ناو دلی کۆمەڵیکدا پێك هاتوە کە خۆی بەر دەوام و بی ڕاوەستان لە حالی جم و جوول و ئاڵ و گۆڕ دا بووە و ئاڵ و گۆڕەکانی ئەم کۆمەڵگایە دەورێکی چارەنووس سازی لە چارەنووسی تا ئێستای ئەم جەرەیانە دا گیراوە. ئەم واقعییەتە نەك هەر بۆ کۆمەڵە بەڵکوو بو هەموو جەرەیانە سیاسی چینایەتییەکانی هەڵسووراوی ئێران کە توانیویانە بە شێوەیەك ژیانی سیاسی و مەوجوودییەتی خەباتکارانەی خۆیان لەگەل مەسەلە واقیعییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵی ئێران لیك هەڵپێکن، هەر وایە.

تەبدیل بوونی کۆمەڵی ئێران بە کۆمەڵێکی سەرمایەداری، بەرین بوونەوەی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتری کاری کری گرتە و گەشە و هەڵدان و زیاد بوونی چینی کرێکار لە چەند دە ساڵی ڕابوردوو دا، ویرای ئەوەی حیزبە ناسیونالیست و ریفورمیستە سوننەتییەکانی خستوەتە حاشیەوە پێداویستییەکانی سەر هەڵدان و قەوارە گرتنی هێزە سیاسییە تازەکانیشی پێك هێناوە. کۆمەڵەش وەك ڕێکخراوێکی سەر بە کرێکاران و پشتیوانی کرێکاران لە ئاخر و ئوخری ساڵەکانی ٤٠دا و بۆ وەڵامدانەوە بەم پێویستییە مێژووییە دادەمەزری.

شۆڕشی ڕێبەندانی ١٣٥٧و ڕووداوەکانی دەسبەجیی دوای ئەم شۆڕشە، وجوودی ستەمی میللی لە کوردستاندا و خەبات لە دژی ئەم ستەمە و داخوازی خودموختاری، هێرشی چەکدارانەی ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بو سەر کوردستان لە ساڵی ٥٨ دا و پێك هاتنی موقاوەمەتێکی چەکدارانە بەرانبەر بەم هێرشەی ڕژیم و بەشداری هەڵسووراوانەی کۆمەڵە لەم مەیدانانەی خەباتدا و دەخاڵەت کردنی لە مەسەلە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵی کوردستاندا، زۆر زوو کۆمەڵەی گەیاندە ڕیزی پێشرەوی بەشێکی گەورەی موقاوەمەتێکی جەماوەری و گشتی. کۆمەڵە بووە هێزیکی چارەنووس ساز بو پێش گرتن بە پەرەسەندنی پایگای کونەپەرستیی مەزهەبی و دامەزران و پتەو بوونی ئورگانەکانی دەسەڵاتدارەتی ڕەشی جمهووری ئیسلامی.

بەڵام بزووتنەوەی کوردستان لە چوارچێوەی بزووتنەوەی گشتی و خودموختاری خوازانە و چەکدارانەدا نەمایەوە، چونکوو کوردستان کۆمەڵێکی چینایەتییە و خەبات لەم کۆمەڵگایەدا سەرەرای هەموو مەیدان و شکلە جۆراوجۆرەکانی بە پێی قازانجی واقیعی چینەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە نەبی ناچێتە پێش. ئێمە لە دە ساڵی ڕابوردوودا، لە مەیدانی خەباتی هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی خەڵکدا و لە وجوودی نوینەرە سیاسییەکانی ئەواندا و لەو وەڵامانەدا کە دەیانداوە بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان و بۆ نموونە بە مەسەلەی میللی، دەتوانین ئەم کیشمەکیشە چینایەتییە ببینن و لە دە ساڵی ڕابوردوودا لە کوردستان، خەباتێکی جەماوەری و هەمەلایەنە لە مەیدانە جۆراوجۆرەکان دا لە ئارا دا بووە: موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەر بە سەرکوتی نیزامی، موقاوەمەتی هەموو ڕۆژە بەرانبەر بە ملهووری مەئموورەکان و بەکریگیراوانی دەوڵەتی، بۆ باش بوونی هەلومەرجی ژیان لە کارخانەکان و کوورەخانەکان و کارگاکان لە شار و دێهات، خەباتی کرێکاران لە دژی خاوەن کارەکان و دەوڵەت بۆ وەدەست هێنانی ماف و داخوازەکانیان، هەول و تێکۆشانی کرێکاران لە مەیدانی وەك هەوەڵی مانگی مەیدا بو نیشاندانی مەوجوودییەتی چینایەتی خۆیان، خەباتی زەحمەتکێشانی دێهات لە دژی خاوەن ملکەکان و سەرمایەداران، خەباتی ژنان لە دژی داب و نەریتی کونی فەرەنگی و سیاسی و بۆ بە دەست هێنانی مافی بەرابەری ژن و پیاو لە کۆمەڵدا، خەبات بۆ وەدەست هێنانی دیموکراسی لە کۆمەڵی کوردستاندا و دەیان مەیدان و شکلی تری خەبات.

لە هەموو ئەو مەیدانانەدا کە باسمان کرد مێژووی واقیعی کوردستان ئەوە نیشان دەدا کە گەرایشێکی ڕادیکالی کرێکاری لە هەر دەورەیەکدا بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە هەولیداوە ئەم خەباتە لە پێناوی قازانج و بەرژەوەندی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش دا بەرێتە پێش و بە شێوە و ڕەوشتی چینایەتی خۆی بیهێنێتە گۆڕ و جیی بخا. هەر مێژوو نووسیك کە نەیەوی واقعییەتەکانی ئەم کۆمەڵگایە بشارێتەوە، ناتوانی چاوپوشی لەوە بکا کە مێژووی کوردستان بەر لە هەموو شتێك مێژووی خەباتێکی چینایەتییە.

بەم جورە وجوودی چینی کریکار لە کومەلێکی سەرمایەداری لە کوردستان دا بووەتە هوی گەشە و هەلدانی گەرایشی سوسیالیستی لەم کومەڵگایەدا و واقعییەتە تازەکانی خەباتی زیندووی چینایەتی هیز وئامرازە هەلخرینەرە کومەلایەتییە نوییمیەکانی بۆ بەرەو پیش چوونی ئەم خەباتە هیناوەتە گور. کومەڵە جەرەیانیکە کە بە هەر ڕادە پشتی بەم ئامراز و هیزانەوە بەستبی بزووتنەوەی چینایەتی ی بە قازانجی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرەو پیش بردوە و پەرەی پیداوە و لە هەمان حالدال لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە ئەم واقعییەتە نوی یانەی کۆمەلی کوردستان خویان هۆی گەشە و هەلدانی نەزەری وسیاسی وتەشکیلاتی و بناغەی نفووزی کومەلایەتی وجەماوەری کومەلە بوون. کومەلە بە بەشداری هەڵسووراوانەی لە مەیدانی خەباتی بو وەدەست هینانی داخوازە میللی یەکانی گەلی کورد دا و بە چەك هەلگرتن دەبیتە ڕابەری بەشیکی گەورە لەموقاوەمەتی جەماوەری وبزووتنەوەی گشتی وەلامی شورشگیرانەی کومەلە بەم مەسەلانە دیفاع کردنی لەم داخوازە ڕەوایانە دەرفەتی دەداتی کە بچیتە سەر کیشمەکیشە چینایەتییەکان و نەهیلی بورژوازی کوردستان بە پژاندنی ژەهری ناسیونالیزم و دواکەوتوویی بە تەواوی بیر و بۆچوون و خەباتی چینی کرێکار ئالوودە بکا. لەمە بە دوا بزووتنەوەی کوردستان تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەرێتەوە سەر دەور و نەقش و کردەوەی کۆمەڵە ئیتر تەنیا بزووتنەوەیەك بۆ وەدەست هێنانی داخوازە میللییەکان نیە، بە دەستەوە گرتنی هەلخرینەرە کۆمەڵایەتییە نوییەکان وەك هێنانە گۆڕ و خەبات بۆ داخوازە ئابووریەکانی کرێکاران، داخواز و مەسەلەکانی ژنان و جووتیارانی دەستەنگ، ڕاگەیاندن و دیفاع لە بەیاننامەی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، خەبات لە دژی خورافات و کونەپەرستی مەزهەبی، دیفاع لە شووراکان و دەسەڵاتدارەتی خەڵك و ئازادییە دیموکراتێکەکان، هەموویان مەسایلیك بوون کە ئیتر لە ڕەوتی مێژوو دا لە چوارچێوەی داخوازە میللییەکاندا نەبوون و هەر ئەم مەسەلانەش بوون کە ناکوکیە بنەرەتییەکانی حیزبی بورژوازییان لە کوردستان لەگەل کۆمەڵە پێك دەهێنا و ڕێکخراوی کۆمۆنیستی پێی بەهێز دەبوو و بە پشت ئەستووری ئەمانە بوو کە کۆمەڵە دەیتوانی لە بەرانبەر فشارە کۆمەڵایەتی و سیاسی و نیزامییەکانی ناسیونالیزمی کورد دا موقاوەمەت بکا و وەك هێزێکی سوسیالیستی لە مەیداندا بمێنێتەوە.

بەڵام بزووتنەوەی میللی و گشتی و سوننەتەکانی خەباتی ناسیونالیستی لە کوردستان پێشێنەیەکی لە مێژینەی هەیە و لە سەردەمی شۆڕشی ساڵی ٥٧دا و چەند ساڵ پاش ئەویش چوونە لای سەرووی مەسەلە سیاسییەکانی ناو کۆمەڵ. سەرەکی بوونەوەی مەسەلەی میللی و خودموختاری و زەق بوونەوەی داخوازە گشتییەکان، زەق بوونەوەی تەنیا شێوەیەکی خەبات یانی هەڵسوورانی چەکدارانە، لە هەمان حالدا سەر هەڵدانی عارزەی وەك لە بیر بردنەوەی هەڵسوورانی وشیاری دەرانە و ڕێکخرانە لە نیو کرێکاراندا و هەڵخراندن و ڕێکخستنی ڕیزی سەربەخۆی کرێکاران، وە فەرعی بوونەوەی خەباتی زیندووی چینایەتی لە کوردستان و کەند و کوسپی لەسەر ڕێگای جەرەیانی سوسیالیستی بە شوێنەوە بوو. کۆمەڵە سەرەرای تەئکید کردن لە سەر کومونیزم و دیفاع لە کرێکاران، خۆی جەرەیانێك نەبوو کە ڕاستەوخۆ لە دەروونی بزووتنەوەی کرێکارییەوە سەری هەڵدابی، بەڵکوو لە سوننەتی بزووتنەوەی گشتییەوە هاتبووە دەر و بە رە بەرە و بە پشت ئەستووری ئەو هێزە ماددییانە توانی ڕوانگە و سیاسەت و تاکتیکە کرێکارییەکانی خۆی گەشتر و ڕوشنتر بکاتەوە. لە نەتیجەدا سوننەت و ڕەوشت و عەمەلکردی خەباتی گشتی و ناسیونالیستی لە دەورە و قوناغی جۆراوجۆردا کاری کردوەتە سەر تێگەیشتن و سوننەت و ڕەوشت و پراتێکی ئەم جەرەیانەش و جم و جوولی جەرەیانی سوسیالیستیی بە شێوەیەکی پر ئازار شێنەیی کردوەتەوە.

بەڵام سەرەرای ئەوە و سەرەرایی ئەم کوسپانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای بەرەوپێش چوونی جەرەیانی سوسیالیستی، کۆمەڵە بە هۆی ئەو وەڵامانەی کە بە هەر ڕادە و میزانێك لە ڕوانگەی چینی کرێکارەوە، هەر چەند درەنگ، داویەتەوە بە کوللی مەسەلەکانی ئەم کۆمەڵگایە، هەلیداوە و گەشەی کردەوە و بە پشت ئەستووری ئەم پایە ماددییە واقیعییەیە کە توانیویەتی زەخت و فشاری سوننەتە بەر چاو تەنگ و دواکەوتوو و ناسیونالیستییەکان پووچەل کاتەوە و حاسلی ئەم خەباتە بە درێژایی ئەم دە ساڵەی دوایی بووەتە هۆی پاشەکشەی بەردەوامی سوننەتی ناسیونالیستی بەرانبەر بە سوننەتی سوسیالیستی. ئەساسەن لیبراوی کۆمەڵە بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزی، هەول و تێکۆشانی بۆ پووچەل کردنەوەی سات و سەودای حیزبی بورژوازی لەگەل ئەم دەوڵەتە، خەباتی بەرانبەر بە خورافاتی مەزهەبی، خەباتی بۆ ڕزگاری ژنان لە کوت و زنجیری سوننەتە کونەکان و نابەرابەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، شەر و بەرانبەرکیی لەگەل حیزبی بورژوایی و بۆ دیفاع لە دیموکراسی و مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش نەدەکرا بە هیچ شتێك جگە لە هەڵخراندن و سازدانێکی چینایەتی و جگە لە پشتیوانی ماددی و مەعنەوی و سیاسی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان و ئێران بە هیچی تر پشت ئەستوور بی و ئەم هەڵخراندن و سازدانە چینایەتییەش بە بی ئەوەی کۆمەڵە لە سەنگەر و جەبهەی کرێکاردا بی ئیمکانی نەبووە. هەر لە بەر ئەوەیە کە سەرەرای هەر کەم و کووریيەکی هەڵسوورانی کۆمەڵە، ئەم جەرەیانە ئەمرۆ جیگا و شوێنێکی مێژوویی لە خەباتی کرێکاراندا هەیە. مێژووی واقیعی چینی کرێکار لە کوردستان و ئەو کێشمەکێشە بنەرەتییەی کە ئەمرۆ کرێکاری بەرانبەر بە سەرمایە و سەرمایەدار ڕاگرتووە بە هۆی کۆمەڵەوە دەچێتە پێش. ئەمرۆ گەشە و هەڵدانی خەباتی کرێکاری لە کوردستان، بەرەوپێش چوون یان ڕاوەستانی لە سەر جێگای خۆی، بە کۆمەڵەوە گری دراوە.

کۆمەڵە تەنیا هەنگاوێکی ماوە بگاتە ئەو ئاڵ و گۆڕە گەورەیە کە دەتوانی لە مێژووی سیاسی کوردستاندا پێکی بینی، هەنگاوێکی ماوە بگاتە گەورەترین و گرینگترین خزمەتێك کە دەتوانی بە سوسیالیزمی کرێکاری ئێرانی بکا و ئەمە جیگا و شوێنیکە کە هیچ جەرەیانێکی کۆمۆنیستی لە ئێراندا تا ئێستا نەیتوانیوە پێی بگا.

کاتێك گرینگی جیگا و شوێنی ئێستای حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە کوردستان و زەمینەی لە باری پەرە گرتن و ڕێکخراو بوونی سوسیالیزمی کرێکاری زیاتر دەر دەکەوی کە ببینین ئەمرۆ سوسیالیزمی بورژوایی هەلدیران و تێدا چوونی خۆی بە ڕۆشنی نشان دەدا و لە سەراسەری جیهان دا دوژمنانی چینی کرێکار ڕادەگەیەنن شۆڕشی کرێکاری و کۆمۆنیستی کوتایی پی هاتوە. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو شتە کە ساڵیانی ساڵ بە ناوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم بە سەر چینی کرێکاری جیهانی دا داسەپێندرا، ئەو دام و دەزگا حکوومەتییە فاسید و دیکتاتورییانەی کە ساڵیانی ساڵ چینی کرێکاریان لە ژێر نیوی "کرێکار"دا چەوساندوە، جگە لە نەوعە سەرمایەدارییەکی دیکە، سەرمایەداری دەوڵەتی بەرنامە بۆ داڕێژراو، هیچیتر نەبوو. ئەوەی کە ئەمرۆ ڕووی داوە و بە ئاشکراترین شێوە لە بلووکی ڕۆژهەڵاتدا دەی بینین، بن بەستی ئەم سیستمە ئابووری و سیاسییەیە کە مارکسیستە شۆڕشگێڕەکان و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مێژ ساڵە سیما بورژوایی و ئەمپریالیستییەکەیان ڕیسوا کردوە و ڕووداوەکانی ئێستاش هەر ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن و تەئکیدی دەکەنە سەر. بەڵام سەرەرای دارووخان و لەبەریەك ترازانی سوسیالیزمی بورژوایی و خۆشی و شادمانی کردنی سەرانی بورژوازی جیهانی، کۆمۆنیزم وەك ئیعتیرازی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار لە دژی کوللییەتی سەرمایەداری، لە ڕۆژهەڵاتەوە تا ڕۆژئاوای ئەم جیهانە، ڕیك لە وڵاتانی بلووکی ڕۆژهەڵاتی مودەعی "کۆمۆنیزم"ەوە تا وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و وڵاتانیتری ئەم گوشە و ئەو گوشەی جیهان، زیندووە و ئێمە شاهیدی بزووتنەوەی زیندوو و ئیعتیرازی ڕێکخراوی کرێکارانین لە دژی هەموو سیستم و شکلەکانی چەوساندنەوەی سەرمایەدارانە کە بیزاری خۆیان لەم نیزامە جەهەننەمییە بە هێنانە گۆڕی داخوازە کۆمەڵایەتییەکانیان ڕا دەگەیەنن. لە ئێران و کوردستانیش ئەم کێشمەکێشە

⇦

چینایەتی‌یە بەردەوامە و بە چاوی خۆمان گەشە و هەڵدان و نفووزی گەرایشی سوسیالیستی لە دەروونی بزووتنەوەی کرێکاری‌دا دەبینین.

لە هەلومەرجیکدا کە لە سەراسەری دنیا نەفرەت و بیزاری لە کۆمۆنیزمی بورژوایی و دروینە گەیشتوەتە ئەو پەری خۆی، لە کوردستان کۆمۆنیزم و سوسیالیزمی دژی چەوسانەوە، کۆمۆنیزمی کرێکاران، نفووز و ئیعتیبارێکی کۆمەڵایەتی و خوشەویستی‌یەکی ڕۆژ لە ڕۆژ بەرینتر وەدەست دینی. لیرەدایە کە سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، ئەرکیکی زۆر ئەساسی و گرینگی بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کرێکاری لە ئێران دەکەوێتە سەر شان و سەرەرای فشارێك کە بن بەستی سوسیالیزمی بورژوایی پێکی دینی، دەتوانی دەور و نەقشێکی بەرچاوی لە هەڵدان و هەڵکردنی ئالای سوسیالیزمی کرێکاری لە ئێران دا هەبی.

بە تێگەیشتن لەم واقیعییەتانە و پشت ئەستوور بوون بەم هەلومەرجە لەبارەی کە پێك هاتوە، بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە بۆ چینی کرێکار و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکەی کارێکی عەمەلی‌یە و دەکری ئەنجام بدری. ئێستا پاش تێپەر بوونی ١١ ساڵ بەسەر شۆڕشی ریبەندانی ساڵی ٥٧دا، موناسەباتی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری لە کوردستان بەردەوامە و پتر لە جاران پەرەی سەندوە. کاری کری گرتە وەك شکلیکی زاڵ بە سەر کار و ئیشتیغال دا زیاتر جی کەوتوە، شارەکان یەکجار زۆر گەورە بوونەوە و ئابووری دواکەوتوو لە دێهات، بە قازانجی ئابووری بازار و کرین و فرۆشتنی هێزی کرا سست و لەرزوك بووە. کوردستان ئێستا کۆمەڵێکی زۆر شاری ترە و جیابوونەوەی چینایەتی و دابەش بوونی بە کرێکار و سەرمایەدا لە جاران زیاتر و ئاشکراترە. چینی کرێکار بەژمارە زۆر لە جاران زیاترە و جیاوازی‌یەکی زۆریش لە باری کەیفی‌یەوە لە نەوعی کاری چینی کرێکار دا دەبیندری.

پی بە پی ئەم ئاڵ و گۆڕە ئابووری‌یە، پولاریزاسیون و قوتب بەندی‌یەکی سیاسی جیاوازیش پێك هاتوە. چینی کرێکار حوزووریکی بەرچاوتری لە مەیدانی سیاسی دا هەیە و چینی کرێکار و ئیعتیرازی کرێکاری، چ بە شێوەی ئیعتیرازی ڕاستەوخۆی کرێکاری و چ بە شێوەی خەباتی حیزبی، جێگا و شوێنیکی گرینگی لە مەیدانی سیاسی‌دا وەدەست هێناوە. ئەم ڕەوتە بووەتە هۆی ئەوەی شۆڕشگێڕیەتی‌یەکی نوی کە ڕەنگدانەوەی مەوقعییەت و داخوازەکانی کرێکاری کوردستاندا، شکل بگری و جێگای خەباتگیری میلی‌ی لە دەورەکانی پێشوودا بگرێتەوە. ئەحزابی وەك حیزبی دیموکرات، کە نوینەرایەتی ئەم خەباتگیری‌یە بەرتەسکە میللی‌یە دەکەن، تووشی زەعف و پرژو بلاوی دەبن، وە لە لایەکی‌ترەوە جەرەیانێ:ی وەك کۆمەڵە، کە نوینەری ئەو شۆڕشگێڕیەتی‌یە نوی‌یە چینایەتی‌یەیە، بە هێز دەبی. هەر چی کۆمەڵە زیاتر پێی لە سەر خەسلەتی چینایەتی و کرێکاری خۆی داگرتوە، توانیویەتی سەرنج و لایەنگری کرێکاران پتر بو لای خۆی ڕاکیشی و ئەو کرێکارەی کە کۆمەڵەی خۆش دەوی بە هەموو کۆمۆنزیمەکەیەوە و لەبەر کۆمۆنیزمەکەی خۆشی دەوی. ئەمە ئاڵ و گۆڕێکی سیاسی گەورەیە لە کوردستاندا. لە دلی ئەم واقعییەتە گرینگە دایە کە بە پێچەوانەی خەیاڵی خاو و بەرتەسك و ئەو خەیاڵەی کە دوژمنان لە کوردستان پێیان خۆشە لە بارەی ئێمەوە بیکەن، کۆمەڵە تەنیا بە بەشی حیرفەیی و چەکدار و عەلەنی‌یەوە مەحدوود نابێتەوە بەڵکوو کۆمەڵە بزووتنەوەیەك و هێزیکی بەرینی کۆمەڵایەتی‌یە کە بەشە ئەسلی و هەرە زۆر و بەرینەکەی لە شارەکان و لە شوینەکانی کار و ژیانی کرێکاراندایە.

بۆشایی و کەم و کووری ئەساسی کاری ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا ڕێکخراو نەبوون و یەکگرتوو نەبوونی ئەم هێزە بەرینەیە لە ڕێکخراوە جەماوەری و حیزبی‌یەکانی کرێکاراندا. تێکۆشانی ماندوویی نەناسانە بۆ پر کردنەوەی ئەم بۆشایی‌یەو بۆ ڕێکخراو (کردن و یەکگرتوو کردنی کرێکاران لەموحیتی کۆمەڵایەتی‌دا و تەبدیل کردنی کۆمەڵە لە کوردستان بە ڕێکخراوی ئیعتیرازی ئابووری و کۆمەڵایەتی‌ی چینی کرێکار، سەرەکی‌ترین ئەرکی حیزبی کۆمۆنیستە لە کوردستان.

سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، کۆمەڵە، وەك کوللییەتی حیزب فاسلەیەکی زۆری لە چەپی سوننەتی و لە رادیکالیزم و سوسیالیزمی غەیرە کرێکاری گرتوە بەڵام بۆ ئەو کۆمۆنیستانە کە ئەرکی شۆڕشی کرێکاری یان لەسەر شانە ئەم جیاوازی و جیایی‌یە دەبی هەتا وەدەست هێنانی جێگایەکی کۆمەڵایەتی_ چینایەتی جیاواز کە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی کرێکاری دەبی بیبی درێژەی پی بدری و لە نەتیجە دا کۆمەڵە دەبی لە ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی‌یەوە کە نفووز و خوشەویستی‌یەکی بەرینی کۆمەڵایەتی لە نیو کرێکاراندا هەیە، لە ڕێکخراویکەوە کە سەر بە کرێکاران و لایەنگری کرێکارانە ببیتە ڕێکخراوی خۆدی کرێکاران و لە خەباتی ئابووری ڕۆژانە و بەردەواما بۆ باش بوونی هەلومەرجی کار و بەری چوون، ببیتە ڕێکخراوی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران لە دژی ستەمە کۆمەڵایەتی‌یە جۆراوجۆرەکان و لە هەمان کاتدا ببیتە سازمانی ئیعتیراز و خەباتی یەکگرتووی کرێکاران بەرانبەر بە کوللییەتی کۆمەڵی سەرمایەداری مەوجوود. ئەمە ناوەرۆك و جەوهەری ئەو گورانکاری‌یە ئەساسی‌یەیە کە دەبی لەم دەورەیە لە حەیاتی سیاسی و خەباتکارانەی کۆمەڵە دا لە کوردستان پێك بی.

ئێستا کۆمەڵە لە درێژەی دە ساڵ بەشداری هەڵسووراوانە لە بزووتنەوەی جەماوەری و لە خەباتی توندی چینایەتی‌دا، ئاسوی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی لە شۆڕشگێڕیەتی خەلقی‌یەوە گواستەوە بۆ سوسیالیزمی کرێکاری و بە دیاری کردنی ستراتیژی‌یەکی ڕوشن لە ئەرکەکان و ئاسوی داهاتووی خۆی لە کونگرەی شەشەمدا، لەسەر ئەم ریبازە هەنگاو هەڵدەگری. ستراتیژی ئێمە لە کوردستان بەشێکە لە هەڵسوورانی گشتی‌ی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بۆ ڕێکخستن و بە سەرەنجام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری لە ئاستی سەراسەری‌دا. لەم بابەتەوە ریبازی گشتی و ئولگووەکانی ئوسوولی تێکۆشانی سەراسەری حیزب بۆ ڕێکخستنی شۆڕشی کۆمۆنیستی و بۆ هێنانە مەیدانی چینی کرێکار وەك هێزی بزوینەری ئەسلی و ڕابەری هەر گورانکاری و ئاڵ و گۆڕێکی شۆڕشگێڕانە لە مەیدانی سیاسی‌دا، دەروانیتە سەر تێکۆشانی تەشکیلاتی حیزبی ئێمە لە کوردستانیش.

سەرخەتی ئەرکە سەرەکی‌یەکانی ئێمە لە دەورەی ئێستادا بە کورتی بریتنی لەمانە:

گرتنە پێشی خەباتێکی هەمە لایەنەی ئابووری، سیاسی و نیزامی دەتوانی جمهووری ئیسلامی لە کوردستان بخاتە ژێر گیر و گاز و سەرەتاکانی هەستانێکی ئیعتیرازی‌ی جەماوەی‌ر و پەلامارێکی گشتی بۆسەر مەوجوودییەتی جمهوری ئیسلامی لە کوردستان پێك بینی هەڵکیش کردنی ئەم شکلانەی خەبات لە سیاسەتێکی هاوئاهەنگ دا بۆ فشار هێنان و ئیعتیراز لە دژی ڕژیم لە کوردستان، میحوەری ئەرکەکانی ئێستای حیزبی ئێمەیە لە کوردستان.

شارەکان مەیدانی سەرەکی هەڵسوورانی ئێمەن. ڕێکخراوی ئێمە لە شارەکان و بە گشتی بربرە پشتی کۆمەڵە لە کوردستان دەبی ڕێکخراوە کرێکاری‌یەکەی بی. ڕێکخستنی ڕێکخراوە جەماوەری و حیزبی‌یەکان لە سەر زەمینەی پەرەگرتن و پەرە پێدانی بزووتنەوەی ئیعتیرازی و ئابووری کرێکاران ئامراز و ئەهرومی ئەسلی هەڵسوورانی ئێمەن.

هێزی چەکداری کۆمەڵە و خەسلەتی چەکداری حیزبی ئێمە دەسکەوتێکی گرینگە کە بە جیددی بو پاراستنی تێدەکوشین. ئێمە تەئکیدمان کردوە کە خەباتی چەکدارانە تاکتێك و ڕەوشتێکی خەباتکارانەی ئێمەیە کە بە پێی بریاریکی شۆڕشگێڕانە دەستمان داوەتی و بە تەشخیسی خۆمان لەسەر ئەبعاد و بەرینایی ئەم خەباتە تەسمیم دەگرین. ڕاگەیاندنی شەڕمان لەگەڵ جمهووری ئیسلامی هەر وا لە سەر جێگای خۆیەتی و لە حاڵی حازریش دا لە هەموو توانایی و زەرفییەتی مومکین ئەم مەیدانەش لە حزمەت ئامانجی شۆڕشگێڕانە و کرێکاریمان دا کەلك وەر دەگرین. خەباتی چەکدارانە و هێزی چەکدار بۆ ئێمە بە پێچەوانەی هێزە ناسیونالیستەکان لە کوردستان، مەیدان و ئەهروم و هێزی فشار هێنان بۆ ئەستاندنی ئیمتیازاتی بچووك و بەرتەسك، یان سازش و سات و سەودا لە سەر میزی وت و وێژ نیە بەڵکوو حیزبی ئێمە وەك حیزبێکی چەکدار، یان دەقیقتر بلیین حیزبێك کە لقیك یان باسکێکی چەکداری هەیە، حیزبێك کە لەم مەیدانەی خەباتیش دا بە هێزە و حوزووری هەیە، توانایی ئەم خەباتە ئەمرۆ دەنیتە خزمەت داسەپاندنی سەنگ و سووکی‌یەکی لەبارتری نیوان هێزەکان و پەرەپێدانی نفووزی جەرەیانی سوسیالیستی و سبەینی دەنێتە خزمەت هەڵخراندنی گشتی و ئازاد سازی و ڕاپرینی گشتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، وە بە پایداری و خو ڕاگری تەواوەوە دەسکەوتە سیاسی و چینایەتی‌یەکانی کرێکاران لە کوردستان کە بە شۆڕش و بە قیمەتی خوێناوی وەدەست هاتوون دەپاریزی.

کۆمەڵە لەهەمان کات دا وەك رابەر و بەرەوپێش بەری بزووتنەوەی شۆشگێرانە و جەماوەری لە کوردستان وەڵامدانەوە بە مەسەلە گشتی‌یە سیاسی‌یەکانی بەردەم کۆمەڵە لە کوردستان بە ئەرکی ئەساسی سەرشانی خۆی دەزانی. سیاسەتەکانی ئێمە لە حاست مەسەلەی وەك مەسەلەی ژنان مەسەلەی میللی، جووتیاران، دەسەڵاتدارەتی شۆڕشگێڕانە و مەیدانەکانی دیکەی ئیعتیرازی جەماوەری، ڕوشن و ڕاگەیەندراون. ئێمە دەخاڵەتگەری لەم مەیدانەدا، هێدایەتی زەرفییەت و توانایی شۆشگێرانەیان لە پێناو ئامانجی شۆڕشگێرانە و کرێکاری‌دا و بۆ نەهیشتنی هەر چەشنە ستەمیکی کۆمەڵایەتی بە ئەرکی شۆڕشگێرانەی خۆمان دەزانین و بۆ چارەسەرکردنی یەکجاری ئەم گیر و گرفتە کۆمەڵایەتی‌یانە تێدەکوشین.

ئێستا لە دوازدەهەمین ساڵی هەڵسوورانی ئاشکرای کۆمەڵەدا بە ڕوشنی بۆمان دەردەکەوی ئەو شتە کە لە قوناغە جۆراوجۆرەکانی بزووتنەوەی چینایەتی‌دا سەرکەوتنی بە کۆمەڵە بەخشیوە، هێز و قودرەتی چینایەتی چینی کرێکارە. چینیك کە هاتنە مەیدانی، ئاڵ و گۆڕێکی بنەرەتی لەم کۆمەڵگایە دا پێك هێناوە و موری خۆی بە هەموو گورانکاری‌یەکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەوە ناوە. بێگومان کرێکارانی کوردستان، شان بە شانی چینی کرێکاری ئێران بە دامەزراندنی حکوومەتی کارگەری لە ئێران چارەنووسی داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە دیاری دەکەن.

بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری!

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران _ کۆمەڵە

٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٦٨

***

# وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی

ئەو دوو نووسراوەیەی لیرەدا دەیانخوێننەوە:

یەکەیمان "وەڵامی چەند پرسیاری سەرەکی" بەشێك لە قسە و باسی هاوری ئیبراهیم عەلیزادە لە کونگرەی شەشەمی کۆمەڵەدا _ مانگی گولانی ١٣٦٧.

دووهەمیان "ناسیونالیزم و کاری نیزامی لە کوردستان" نووسراوەیەکی هاوری ئیبراهیم عەلیزادەیە کە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٦ لە درێژەی باسەکانی کونگرەی پێنجەمی کۆمەڵەدا نووسراوە.

ئەم دوو نووسراوەیە پێشتر هەرتکیان لە نێو ڕیزەکانی تەشکیلات دا بلاوکراونەتەوە و ئێمە چاپکردنیانمان لەم پێشڕەوەدا لە بەر گرینگی ناوەروکەکەیان سەرەرای وەدرەنگ کەوتنیان بۆ ئاگاداری خوێنەران بە پێویست زانی.

## هەڵویستمان سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان

هەڵویستی ئێمە سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە کوردستان چیە؟ ئەمە چ جێگا و شوێنێکی لە کوللی ڕوانگە و ئەرکە سەرەکی‌یەکانماندا هەیە؟ خودموختاری یانی چی؟ ئەو خودموختاری‌یەی ئێمە دەمانەوی چ جیاوازی‌یەکی لەگەل داخوازی خودموختاری حیزبە بورژوایی‌یەکان هەیە؟

دامەزرانی نیزامی سەرمایەداری لە ئێراندا و پێك هاتنی بازارێکی واحید و سەراسەری بۆ بورژوازی لە چوارچێوەی وڵاتێکدا، پایەی ئابووری سوننەتی‌ی میللی_ پێك هێنانی دەوڵەتی میللی و بازاری واحیدی لە نیو بردوە بەڵام سەرەرای ئەوەش، ئەم گورانکاری‌یە ئابووری‌یە نەبووەتە هۆی نەمانی مەسەلەی میللی لە ئێراندا. واقعییەتی عەینی کۆمەڵی کوردستان پێمان نیشان دەدا مەسەلەی میللی موشکیلیکە کە لە ڕەوتی مێژوودا لەو کۆمەڵگایەدا چارەسەر نەکراوە و هەر بۆیە مەسەلەیەکی ماددی و واقیعی‌یە و پێویستە ئەم کۆمەڵگایە لە ڕەوتی بەرەوپێش چوون و تەکامولی خۆیدا ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکا و بێنێتە پشت سەر.

واقعییەتی بوونی ستەمی میللی لە کوردستاندا دەرفەتی داوە بە حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان تا پاشماوەی وزە و توانایی‌یەکانی ئەم کۆمەڵگایە لە زەمینەی ستەمی مللی‌دا بە دەستەوە بگرن و بیکەنە خۆراکی خۆیان. چونکوو ئەو مەسەلەیە لە هەمان حاڵدا کاری کردوەتە سەر چارەنووسی چینی ئێمەش، بۆ ئەوەی نەهیلین زەین و میشکی کرێکاران بە ژەهری ناسیونالیزم ئالوودە بی و بۆ ئەوەی نەهیلین کرێکاران ببنە هێزی زەخیرە و پاشکوی بورژوازی مەحەللی و وەسیلەی حیساب لیك پاك کردنی نیو خۆی بورژوازی ئێران، بۆ پێك هێنانی هەلومەرجێکی دیموکراتیك کە تێیدا پەردەی عەوامفریوی لە سەرو ڕووی دوژمنانی چینایەتی کرێکاران لابدری و خەباتی چینایەتی کرێکاران لە دژی سەرمایەداران و دەوڵەتەکان و هێزە پشتیوانەکانیان بە ئاشکرا و لیبراوانە و بی هیچ بەر هەلستێك بچیتە پێش، بۆ پێك هێنانی سەنگ و سووکی‌یەکی باشتری نیوان هێزەکان بە جۆرێك کە لە باری پلەی وشیاری و ڕێکخراو بوون و نزیك بوونەوە لە دەسەڵاتی سیاسی بە قازانجی چینی کرێکار بی، کۆمۆنیستەکان خۆیان بە خاوەن هەق دەزانن بۆ لابردنی ستەمی میللی بەشداری لەو خەباتەدا بکەن و بە دەخالەتی وشیاریدەرانەی خۆیان تیدەکوشن کۆمەڵی کوردستان لە چنگ ئەم موشکیلە مێژوویی‌یە ڕزگار کەن.

بەڵام کوللی ئەم خەباتە بۆ کۆمۆنیستەکان تەنیا مەیدانێکی تاکتیکی‌ی هەڵسوورانیان دەژمێردری کە تێدا سەرکەوتنی دەبی کرێکاران هەنگاوێك بە ڕزگاری لە کوت و زنجیری چەوسانەوەی سەرمایەداری و کاری کری گرتە_ بۆ ئێمە لە ئاستی ئێراندا_ نزیکتر بکاتەوە. بەشداریی کۆمۆنیستەکان لەم خەباتەدا دەبی ببێتە هۆی پتەو بوونی کۆمۆنیزم لە نیو چینی کرێکاردا، هێنانە گۆڕ و هێنانە ڕووی داخوازەکانی سەربەخۆی کرێکاران، هێنانە مەیدانی ئەوان وەك هێزی ماددی و سەرەکی لە خەباتی زیندووی سیاسی ئێستادا و... بوونی ئەم خەسلەت و تایبەتمەندی‌یانە لەم خەباتەدا دیاردەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی ئێمە لە پێناو خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی شدا بزووتنەوەیەکی کرێکاری‌یە.

ستەمی میللی یەکیك لەو بیعدەالەتی‌یانەیە کە ئەمرۆ لە چوارچێوەی کۆمەڵی سەرمایەداری ئێراندا دەرهەق بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان دەکری. هەڵوێستی ئێمە سەبارەت بەم مەسەلەیە لە لایەکەوە و هەڵوێستێکی ڕزگاری بەخش و ئازادیخوازانەیە، ئێمە خوازیاری دابین کردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستانین، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵوێستێکی خەباتکارانە و دەخاڵەتگەرە، هەر خەباتێك کە بۆ ئەو داخوازە دیموکراتێکانە وەری بکەوی کە بارێك لە

سەرشانی بی بەشان و ستەم لیکراوانی کۆمەڵ هەڵگری و هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ پێشرەوی‌یەکانی داهاتووی کرێکاران پێك بێنی، ئێمە بەشداری تیدا دەکەین. کە وابی بە لەبەر چاو گرتنی ئەم دوو پایە بنەرەتی‌یەی سەروو ئێمە لە هەڵوێست گرتنی کۆمۆنیستی ماندا بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتە نەقشەدادەرێژین و بۆ ئەوەی کرێکاران رابەری لەم خەباتەدا وەدەست بینن تیدەکوشین. شۆرشی ساڵی ٥٧ و بوونی بزووتنەوەیەکی دیموکراتێك و شۆرشگێری سەراسەری لە ئێران و لە دژی دیکتاتوری‌ی پەهلەوی، زۆر شیعاری هاوبەشی سەراسەریی پێك هێنا و روحیەی هاو پشتی خەباتکارانەی لە هەموو ئێراندا بەهێز کرد. مەسەلەی میلی‌ی لە ماوەی شۆرشی ٥٧دا تارادەیەکی زۆر کەوتە ژێر تێشکی کوللی مەسەلەی دیموکراسی لە ئێران. بەڵام بە هاتنە سەر کاری رژیمی جمهووری ئیسلامی و پاش هێرشی بەرینی نیزامی بۆ سەر کوردستان و پاشەکشەی بەرەبەرەی بزووتنەوی سەراسەری لە داخوازە دیموکراتێکەکانی خۆی، کوردستان لە سەنگەری خەبات بۆ خودموختاری دا دەستی دایە موقاوەمەت و داخوازی خودموختاری چووە سەرووی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە.

کۆمۆنیستەکان بۆ پاراستنی سەر بەخۆیی چینی کرێکار و پێك هێنانی یەکیتی چینایەتی ئەم چینە، بۆ بە تاك خستنەوەی بورژوازی کورد، لە حاست مەسەلەی تایبەتی خودموختاری خوازی، تەرحی خودموختاری خۆیان رادەگەیەنن. خودموختاری بەمانای بەرتەسك بوونەوەی رادەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزی‌یە و مانا عەمەلی‌یەکەی پێك هاتنی هەلومەرجێکە کە خەڵکی کوردستان تێیدا بە دەربرینی رەئی ئازادانەی خۆیان ئەوە بسەلمێنن کە ئیتر ستەمی میللی یان لی ناکری و بەم جۆرە چارەسەر کردنی مەسەلەی چلونایەتی بەرێوە بردنی کۆمەڵی کوردستان و مەسەلەی دەسەلاتدارەتی لە کوردستاندا بە سەنگ و سووکی نیوان هێزە چینایەتی‌یەکانی خودی کوردستان بسپێرن.

تەرحی خودموختاری بە هیچ جۆر داخوازە پرولتیری‌یەکانی ئێمە بە مانای تایبەتی وشە ناگرێتە بەر. بەرنامەی کۆمەڵایەتی ئێمە بۆ کۆمەڵی کوردستان، شکل و شێوەی دەسەڵاتداری‌یەکەی، مەسەلەی کێشمەکێشی نیوان پرولیتاریا و بورژوازی‌یە. لە حالێکدا کە خودموختاری تارادەیەك دەتوانی خالی پێك هاتن و سازش کردنی تاکتیکی‌ی ئێمە و بورژوازی محەللی بەرانبەر بە دەوڵەتی مەرکەزیش بی. جیاوازی‌یەکانی ئێمە و بورژوازی لەسەر مەسەلەی خودموختاری لەوە دایە کە وەدی هاتنی تەواو و کەمالی ئەو خودموختاری‌یەی ئێمە داوای دەکەین هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ پرولیتاریا پێك دینی کە بەرنامەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی پەی بگری. سەرخەتەکانی ئەم جیاوازی‌یانە بە بروای ئێمە ئەمانەن:

یەکەم: دامەزرانی خودموختاری دەبی بە مانای واقیعی، لابردنی ستەمی میللی و بەم ئیعتبارە بە مانای سەرکەوتنی خەباتی خەڵکی کوردستان بی لە دژی دەسەڵاتی ستەمگەرانەی حکوومەتی مەرکەزی. ئێمە خوازیاری جی گیربوون و پایدار بووی ئەم سەکەوتنە و دەسکەوتەکانی ئەم سەرکەتنەین. لەم رووەوە بەرنامەی سیاسی ئێمە بۆ خودموختاری دەبی هێندە زەمانەتی عەمەلی تیدابی کە دەوڵەتی مەرکەزی نەتوانی بە هاسانی بی ئەستێنێتەوە و ئەم دەسکەوتانە بە هاسانی نەبنە دەسکایە بۆ سازدان و سات و سەودای حکوومەتی مەرکەزی و بورژوازی محەللی. تەئکید لەسەر پێویستی چوونە دەری هێزە نیزامی و ئەمنییەتی‌یەکانی رژیم لە کوردستان و سپاردنی کاروباری پاراستنی ناوخۆی کوردستان بە میلسی جەماوەری و هەروەها قەدەغەبوونی گورین و هات و چووی هێزی نیزامی لە کوردستان بە بی موافەقەتی ئورگانە دەسەڵاتدارە محەللی‌یەکان ئەو زەمانەتانەن کە ئێمە دەمانەوی.

دووهەم: بۆ چارەسەر کردنی یەکجاری مەسەلەی میللی و کورت کردنەوەی دەستی پورژوازی محەللی لە هەر جۆرە مانوریکی هەڵپەرستانە لە پێناو بەرژەوەندە چینایەتی‌یەکانی خۆیدا بەرانبەر بە کرێکاران، لە روانگەی ئێموە دەبی پالپشتی هەر تەرحیك (خودموختاری یان هەر شکلیکی دیکەی خوازراوی خەڵکی کوردستان) کە لە لایەن حکوومەتی مەرکەزی‌یەوە قەبوول دەکری، سەرئەنجام رەئی ئازادانەی خەڵکی کوردستان مەسەلەن لە ریفراندومیکی گشتی دابی.

تەنیا لەو حالەتەدایە کە لە روانگەی خەڵکی کوردستانەوە ئەو تەرحە دەبێتە تەرحیکی قانوونی.

سێهەم: ئێمە لە ئەساسدا خوازیاری یەکیتی و یەکگرتوویی گەلانی ئێرانین لە چوارچێوەیەکی شوورایی و شۆرشگێر لە سەراسەری ئێراندا و ئەم یەکیتی‌یە بەردەوام تەبلیغ دەکەین و پیمان وایە ئازادی و مافە ئینسانی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لە نیزامیکی ئاوا دا و لە یەکیتی و هاوخەباتی لەگەل کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران زۆر لەوەی کە بورژوازی بە هەر نیویك بیهێنێتە گۆر زیاتر دەبی و بزووتنەوەی کرێکاری لە هەلومەرجیکی ئاوا دا دەتوانی خوازراو بوونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رێگا چارەکانی خۆی بە تەئییدی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بگەیەنی.

## پەوەندی بزووتنەوەی کوردستان و شۆرشی سەراسەری

بزووتنەوەی کوردستان و شۆرشی سەراسەری چە پەیوەندیکیان پێکەوە هەیە؟ ئایا سەرکەوتنی بە جیا لە کوردستان دا ئیمکانی هەیە؟

بو روون کردنەوەی نەزەرمان سەبارەت بەم پرسیارە پێویستە پێشەکی دوو روانگەی جیاواز سەبارەت بەم مەسەلەیە بە کورتی باس بکەین و بیناسین.: یەکەم روانگەی ناسیونالیستی، ئەم روانگەیە خەباتی شۆرشگێرانەی مەوجوود لە کوردستان بە ئیدامەی سادەی بزووتنەوەی مێژوویی‌یەکانی گەلی کورد بۆ وەدەست هێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەزانی و ناوەرۆکی ئەم خەباتە بە تەواوی لە چوارچێوەی مەسەلەی میللی‌دا باس دەکا. ئەم روانگەیە، ئاڵ و گۆرە عەینی‌یەکانی کۆمەڵی کوردستان لە چەند دە ساڵی رابووردوودا، بوونی هێزە کۆمەڵایەتی‌یە نوی‌یەکان کە بە داخواز و ئامانجی تایبەتی خۆیانەوە هاتوونە مەیدانی خەباتی شۆرشگێرانەی کوردستانەوە نابینی، دور و نەقشی کۆمەڵە لە دە ساڵی رابوردوودا، بۆ هێنانە گۆر و پەی گرتنی داخوازە کرێکاری‌یەکان، مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش، مافەکانی ژنان و ... لە پال مەسەلەی خودموختاری و پەرەگرتنی گەرایشی سوسیالیستی بەرانبەر بە ناسیونالیزمی سوننەتی بە حیساب ناهێنی، پەرە گرتنی هەستی هاوچارەنووسی و داخوازە ماهییەتەن هاوبەشکانی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێران کە بە پەی گرتن و کاری کۆمەڵە رەواج دراون نابینی و لە نەتیجەی هەمووی ئەمانەدا، باسی پایەی کۆمەڵایەتی تەواو سەر بەخۆ بۆ "بزووتنەوەی کوردستان" دەکا. بەڵام چونکوو بە کردەوەش ناتوانی نەقشەیەك بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی درایژی، لە "رادیکال" ترین حالەتی خۆی و لە راستی‌دا تەنیا "درێژە پێدانی بزووتنەوە" دەبیتە ئاماندی و لە کردەوە دا بەم سیاسەتەوە جگە لەوەی "ستراتیژی چاوەروانی" بکاتە پێشە و، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی چاوەروانی ئاڵ و گۆرە بە هەڵکەوتەکانی موعادەلاتی مەنتەقەیی و بین المللی بی، چارەیەکی نابی.

دووهەم، روانگەی شوڤینیستی، ئەم روانگەیە مەوجوودییەتی بزووتنەوەی کوردستان بەبی بزووتەوەی سەراسەری بە رەسمی ناناسی و سەر بە خۆیی نیسبی‌ی بزووتنەوەی کوردستان نابینی و واقعییەتی عەینی بەردەوام بوونی خەباتی شۆرشگێرانەی چەکدارانە و جەماوەری لە حالێکدا کە بزووتنەوەی سەراسەری روو لە نشێو بوو ئینکار دەکا. بە خەیالی ئەم روانگەیە ستراتیژی کوردستان لە عەمەلدا ئەوەیە تا ئەو کاتەی بزووتنەوەی سەراسەری فریای دەکەوی "درێژەی پی بدری". وە چونکوو بۆ بە سەرکەوتن گەیاندنی هیچ نەقشەیەکی داریژراوی نیە، ناتوانی هیچ هێزیکیش لە دەوری "ستراتیژی چاوەروانی" یەکی هەڵخرینی و لە نەتیجەدا بی عەمەل و نا هەڵسووراو دەبی و بە تاك دەکەوێتەوە.

بێگومان پەرە گرتن و بەرین بوونەوەی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان، کە لە چەند سالەدا دەیان مەیدانی خەباتکارانەی دیموکراتیك و سوسیالیستی‌ی تێدا بە دی هاتوە، زۆر هەلومەرجی لەبار بۆ پەرە پێدانی خەباتی جەماوەری لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش پێك دینی و بەم مانایە دەتوانی رەوتی شۆرشی کرێکاری لە ئێراندا هاسانتر بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە، ئاخیزێکی جەماوەری و سەر هەڵدانی بەرینی خەباتی جەماوەری لە شوێنەکانی‌تری ئێران، وەزن و سەنگیکی چارەنووس ساز، وەك پالپشتی خەباتکارانە، بە بزووتنەوەی کرێکاری و شۆرشگێرانە لە کوردستان دەبەخشی. بەڵام سەرەرای ئەم واقعییەتە، بۆ ئەوەی "ستراتیژی چاوەروانی "لە ژێر هەر ناویکدا، تەنیا ستراتیژی‌یەك نەبی کە لە دەسرەسی ئەم بزووتنەوەیە دایە، دەبی شکل و شێوەی ئەم سەرکەوتنە، بە جۆرێك کە بە پشت ئەستوری و بە وسیلەی هێزە کۆمەڵایەتی‌یە مەوجوودەکانی ئەم کۆمەڵگایە بکری و ئیمکانی هەبی، مانا بکریتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، لەم کونگرەیەدا لیکدانەوەی خۆمان سەبارەت بە جیگا و شوێنی ئێستای بزووتنەوەی کوردستان و قوناغە جۆراوجۆرەکانی تا گەیشتن بە سەرکەوتن، لە بریارنامەیەکدا پێشکەش دەکەین.

بەڵام لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکە دا دەڵین تا ئەو جیگایەی هەڵدەگەریتەوە سەر دامەزراندنی خودموختاری، <u>دەکری</u> بە شێوەی سەر بە خۆ و جیاواز لە شوێنەکانی‌تر، لە کوردستاندا سەرکەوتن وەدەست بی. ئاشکرایە کاتێك دەڵێین دەکری بزووتنەوەی کوردستان بە جیاواز سەرکەوی لازم ناکا وەك گونجاوترین رەوتی بزووتنەوەی کوردستان مانا بکرێتەوە. بەڵام چینی کرێکاری بی ئەوەی تیگەیشتن و لیکدانەوەی خۆی سەبارەت بە شکلی سەرکەوتنی بزووتنەوەی ناسیونالیستی‌ی ئەم مەسەلەیە رەت کاتەوە و لە نەتیجەدا دەبێتە شوێن کەوتووی ئالترناتیوی ناسیونالیستی.

## ئەو ئەسلانەی دەروانیتە سەر خەباتی چەکدارانەمان

ئەو ئەسلانەی دەروانیتە سەر خەباتی چەکدارانەی ئێمە کامانەن و خەباتی چەکدارانە چ جێگا و شوێنێکی بۆ ئێمە هەیە؟ بۆچی و تا چ رادەیەك شەری چەکدارانە دەکەین؟ ئەسلە نیزامی‌یەکانی ئێمە چ جیاوازی‌یەکی لەگەل ئەسلە نیزامی‌یە سوننەتی‌یەکانی پێشمەرگایەتی یان نیزامی گەری ناسیونالیزمی کورد هەیە؟

هەڵسوورانی نیزامی ئێمە بەشێك لە خەباتی ئێمەیە لە دژی سەرمایەداری و مالکییەتی خوسووسی و بودامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری. ئەمە ئەو حوکمە بنەرەتی‌یەیە کە پێش هەموو شتێك دەروانیتە سەر هەڵسوورانی نیزامی ئێمە. لە هەمان حالدا خەباتی چەکدارانەی ئەمرۆوی ئێمە هیشتا خەباتی چەکدارانە و هەستانی قەهراوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، کە دەبی وەك ئاخر زەربە لە هێزەکانی دوژمن بدری، نیە. بەڵکوو خەباتی نیزامی حیزبیکە کە بەشێکی چەکدارە و خەریکی پێك هینانی هەلومەرجی ئاخیز و هەستانێکی جەماوەری‌یە. بەم جۆرە چەکدار بوون و چەکدار مانەوە خاسییەت و جیگا و شوێنێکی واوەتر لە مەسەلەی میللی‌ی بۆ ئێمە هەیە. رادەی پر رەنگ بوونەوە و کەم رەنگ بوونەوەی مەسەلەی میللی ئاڵ و گۆرێکی ئەساسی لە پەیوەندی نیوان ئێمە و بزووتنەوەی چەکدارانەی کوردستان و جیگا و شوێنێك کە ئێمە لە کوللی خەباتی سوسیالیستی و دیموکراتیك_ شۆرشگێری کرێکاران دا بۆ ئەم بزووتنەوەیەی دادەنین پێك ناهینی. کەم رەنگ بوونەوەی مەسەلەی میللی نەك هەر بەڵگەیەك بۆ کەم کردنەوەی دەور و نەقشی خەباتی چەکدارانە نیە، بەڵکوو بە هەر رادەیەك کە مەسەلەی میللی ببێتە مەسەلەیەکی لاوەکی‌تر لە کوللی داخوازە شۆرشگێرانە و سوسیالیستی‌یەکانی کرێکارانی کوردستان، بە هەمان رادە ئەم واقعییەتە دەردەکەوی کە بزووتنەوەی چەکدارانەی ئێستا لە کوردستان پالی بە زۆر داخواز و مەبەستی چینایەتی روشنترەوە داوە و بەم بۆنەوە هەڵسوورانی ئێمە لەم بزووتنەوەیەدا و دەور و نەقشی ئەم بزووتنەوە چەکدارانەیە گرینگتر و حەیاتی تر دەبی. ئەگەر شەری ئێستامان دژ بە جمهووری ئیسلامی تەنیا لە سەر مەسەلەی میللی نیە بەڵکوو شەرێکە بۆ دیموکراسی و سوسیالزم بە گشتی، ئەو حوکمە کە کۆمۆنیستەکان دەبی رابەری ئەم خەباتە و هۆی بەردەوامی و بەرین بوونەوەی بن، سەد بەرابەر زەقتر دەکەوێتە بەرچاو. بە وەتەیەکی‌تر وەبیر هێنانەوەی مەسەلەی میللی لەگەل خەباتی چەکدارانە و سوسیالیزم لەگەل کاری بەکاو خۆی سیاسی تەنیا ناتیگەیشتوویی و سەردانەواندنە بۆ تەبلیغاتی بنج دا کوتاوی ناسیونالیستی.

لە وەڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەدا دەبی بکوتری، بۆ هێزی شۆشگێر تەکلیفی سەرکەوتنی نیزامی تەنیا لە مەیدانی نیزامی‌دا دیاری ناکری. ئەم سەرکەوتنە لە هەلومەرجێکی سیاسی تایبەتدا وەدەست دی. بە بی ئەو هەلومەرجە سیاسی‌یە، هێزی نیزامی ئێمە توانای پێویستی بۆ دەست رەسەرکەوتنێکی راستەوخۆی نیزامی نابی و لەم حالەتەدا هێزەکانی دوژمن هەروا قەوی‌تر دەبن و ساز و بەرگ و ئیمکاناتیکی نیزامی باشتریان دەبی. بەم بۆنەوە لە هەلومەرجێکی وا دا ناکری سەرکەوتنی راستەوخۆی نیزامی بەسەر هێزەکانی رژیم دا وەدەست بی. ئەوەی دەرفەتی دەست رەسەرکەتوویی نیزامی بە هێزێکی شۆشگیر دەبەخشی، لایەنە سیاسی‌یەکانی هەلومەرجیکە کە شەری تێدا دەکری. مەسەلەن لە هەلومەرجیکدا کە هێزەکانی رژیم بە کاریگەر بوونی فشارە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ناکوکی‌یەکانی نیو خۆ تووشی رارایی بی و نەتوانی وەك هێزیکی پتەو لە بەرانبەرماندا راوەستی، هەلومەرجیکی وا کە جەماوەری بەرینی خەڵکی تێدا هاتبیتە مەیدانی خەبات و ئیعتیرازی سیاسی و بە پەیوەست بوونی جەماوەری خۆیان بە ریزی خەباتی چەکدارانە، لە باری کەمایەتی‌یەوە، دەستی هێزی نیزامی‌ی شۆرشگێر و رەسەر خەن و... بەم مانایە سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لە جەرگەی ئاخێزێکی جەماوەری‌دا هاو کات دەبی لەگەل سەرکەوتنی نیزامی. تا ئەو کاتەی ئەم هەلومەرجە سیاسی‌یە پێك نەهاتبی، هەڵسوورانی نیزامی ئێمە ناتوانی سەرکەوتنی نیزامی بە سەر دوژمندا بکاتە ئامانجی خۆی، بەڵکوو لایەنە سیاسی‌یەکانی کاری نیزامی لە بەر چاو دەگری. کاری ئێمە ئەوەیە کە بە هەڵسوورانی خۆمان لە هەموو مەیدانەکاندا هەلومەرجەکانی ئاخێزێکی جەماوەری ئاوا پێك بێنین و رەوتی روودانی خیراتر بکەینەوە.

سەبارەت بە بەشی ئاخری پرسیارەکە بە کورتی دەبی بڵێین ئوسوولی پێشمەرگایەتی بۆ ئێمە لە بنەرەتەوە لەگەل خەباتی چەکدارانە بۆ ناسیونالیستەکان جیاوازە. بە گشتی دەتوانین بڵێین سەر چاوەی ئەم جیاوازی‌یە لە ئامانج و ئارمانە

پێشڕەو

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٥ ڕێبەندانی _ ١٣٦٨ فوریەی _ ١٩٩٠

کۆمەڵایەتی‌یەکاندایە ئارمان و ئامانجە کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەکانی ئێمە دیمەنێکی جیاواز لە دیمەنی ناسیونالیستەکان دەنیتە بەر هێزی پێشمەرگەی ئێمە.

هێزی نیزامی ئێمە هێزیکە کە لە ئەساسدا دژ بە مالکییەتی خوسووسی‌یە و لە ریزی زەحمەتکێشان و بی بەشاندایە، هێزیکی وشیاریدەر و پێشکەتن خوازە، دژی جەهل و نەزانی، دژی مەزهەب و خورافات، دژی هەڵاواردنی میللی و مەزهەبی و جنسی‌یە، هێزێکی ڕێکخەرە کە بەرەو ڕێکخراو کردن و لە دەوری یەک کۆ کردنەوە و یەکگرتوو کردنی جەماوەری زەحمەتکێش هەنگاو هەڵدەگری نەک لە جهەت سەقامگیر کردنی داماوی و لاوازی ئەوان لە کانالی زل کردنەوەی خەبات قارەمانانەوە، هێزێکە کە بۆ هەڵخراندن و ڕێکخراو کردنی جەماوەر بەرەو بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتدارەتی خۆیان تێدەکوشی نەک بۆ پەروەردە کردنی تووی دەسەڵاتدارەتی‌یەک کە لە سەر سەری خەڵکەوە بی و لە دژی ئەوان بی، وە سەرئەنجام هێزێکە کە لە کەسانێکی ئازاد و شۆرشگێر و بەرابەر و بە مافی یەکسانەوە پێک هاتوە نەک لە دوو جور ئینسان کە جورێکیان رابەران و فەرماندەکان بن و جۆرەکەی تریان ژێر دەستان و پێشمەرگەکان.

## هەڵوێستمان سەبارەت بە وت و وێژ لەگەل رژیم

هەڵوێستی ئوسوولی ئێمە سەبارەت بە وت و وێژ لەگەل رژیم چیە؟

راگەیاندنی هەڵوێستی ئوسوولی ئێمە لە حاست وت و وێژ بە تایبەت بە هەرا و هوریایەك کە موجاهیدین سەبارەت بە قایل نەبوونی مافی وت و وێژ لەگەل رژیم لە دژی حیزبی دیموکراتی وەری خستوە، گرینگی‌یەکی تایبەتی وەدەست هێناوە و پێویستە جاریکی دیکەش هەڵوێستە ئوسوولی‌یەکانی پێشووی کۆمەڵە لەم بارەیەوە نادروستانەی کە لە سیاسەتی چەشنی موجاهیدینەوە سەر چاوە دەگری پووچەل بکرێتەوە.

لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەکری بە کورتی باسی ئەو خالانەی خوارەوە بکەین:

١- هەر جۆرە مەیلیکی رژیم بۆ وت و وێژ ئەگەر تەنیا پیلانێکی کەم دەوامی رژیم نەبی، ناکری حاسلی شتێکی‌تر بی جگە لە فشاری خەباتی شۆرشگێرانە و قەهراوی و پێک هاتنی سەنگ و سووکی‌یەکی دیاریکراوی نیوان هێزەکان کە وت و وێژی تێدا مومکین بووە. بە لە بەر چاو گرتنی ماهییەتی بورژوازی بە گشتی و لەم دەورەیەدا بە تایبەت شناختمان لە سەر جمهووری ئیسلای داخوازەکانمان بێگۆمان هەر لە ڕێگەی قەهراوی یەوە وەدەست دین.

٢- دەکری وەك هەنگاوێکی دیاریکراو بۆ وەدی هاتنی ئامانجە تاکتیکی، تەبلیغی و ئاموزشی‌یەکان وت و وێژ بکری. وت و وێژ لەگەل فاسدترین دوژمنان، بەشێکی جیا نەکراوەی خەبات لە دژی ئەوانە. ئوسوولی مەرجە راگەیندراوەکانی ئێمە لە هەر وت و وێژیکدا دەکری ببیتە بناغەیەك بۆ بردنە سەری رادەی ئاگاهی و وشیاری جەماوەر. وت و وێژ دەرکی ببێتە وەسیلەیەك کە بە شێوەی رەسمی پێشرەوی‌یەکانی ئێمە سەقامگیر دەکا و پاشەکشەکان بە دوژمن دەسەلمێنی.

٣- وەڵامدانەوەی کونکریت بە مەسەلەی وت و وێژ لە هەر برگە و دەورەیەك دا بو هەلومەرجە سیاسی‌یەوە گری دراوە کە وت و وێژی تێدا دەکری. بۆچوونی ئێمە لە هەر هەلومەرجێکدا دەبی ئەوەبی کە دەرفەتی پیلانگیری، وە دەست هێنانی وەخت بۆ هێرش سەر لە نوی، پێك هێنانی خوشباوەری، پێك هێنانی تەفرەقە لە ریزەکانی جەماوەردا و چاندنی تووی شك و رارایی و شتی لەم چەشنە، تا رادەیەکی زۆر لە رژیم بستێنێتەوە و بۆ ئەم مەبەستە:

٤- یەکەم، رژیم دەبی مەیلی خۆی بو وت و وێژ کردنی راستەوخۆ، بە ئاشکرا و لە زمانی کار بە دەستە مەسئوولەکانیەوە راگەیەنی.

دووهەم، پێشەکی وە پێش دەست پی کرانی هەر چەشنە وت و وێژێك تعهداتێك لە حاست خەڵکی کوردستان وە ئەستو بگری و عەمەلی پی بکا. ئەم تعهداتە پێش ئەوەی کە ئیمتیازاتێك بی بۆ حیزبی ئێمە دەبی مەسلەحەتی گشتی خەڵکی تێدا گونجا بی، بە جۆرێك ئەگەر ئەم پێش شەرتانەی نایە ژێر پی سیمای دژی خەڵکی‌یەکەی زیاتر ئاشکرا بی و مەسئوولیەتی قەبوول نەکردنی سازش و وت و ویژ بکەوێتە ئەستوی. بۆ نموونە، دەکری داواکاری ئەوە بین کە رادەی میلیتاریزە کردنی کوردستان کەم کاتەوە، هێزە چەکدارەکانی لە نیو خەڵك بکێشێتە دەر و بیانگەرێنێتەوە پادگانەکان، غەرامەت بدا بەو کەسانەی لە شەر دا زەرەر و زیانی گیانی و مالیان ویکەوتوە، کردەوەی سەرکوتگەرانە وەك چەکدار کردنی زۆرە ملی، کوچ پی کردنی زۆرە ملی و سیاسەتی لەم چەشنە هەڵوەشێنێتەوە، هەڵسووراوان و تێکۆشەرە سیاسی‌یە زیندانی‌یەکان ئازاد کا و شتی لەم چەشنە.

سێهەم، هەر جۆرە وت و وێژێك دەبی بە ئاشکرا و بە ئاگاداری جەماوەری خەڵك بکری.

***

# پاشماوەی وت و ویژەکانی حیزبی دیموکرات،....

## -٢-

## بەم بار و بەو باردا کەوتنی سیاسی لە سوننەتی حیزبی دیموکرات دا:

دەبی وەبیری بێنێنەوە کە حیزبی دیموکرات ئەم شیعارە نوێ‌یەی بە شەویك نەدوزیتەوە بەڵکوو لە راستیدا حاسل و هاوتای سیاسی‌ی ئەم وەزعییەت و تەنگە بەری‌یانەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا حیزبی دیموکرات پەلەقاژەی تێدا دەکا. هێنانە گۆری شیعاریکی ئاوا لەم وەختەدا تەنیا لە درێژەی ئەو هەول و تەقالاو هەلبەز و دابەزانەی ئەم چەند ساڵەی ئاخری حیزبی دیموکرات دا دەکری دەرك بکری. بە درێژایی چەند ساڵی رابوردوو تا هاتوە مەیدانی خۆ نیشان دانی سیاسی و رادەی تەئسیر و دەخالەتی سیاسی ئەم جەرەیانە تەنگ تر و بەرتەسك تر بووەتەوە و لە هەر دەورەیەکدا بە پێی هەلومەرجێك کە هاتوەتە گۆر بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵیداوە بەرۆکی لەو دەردی سەر و بوحرانە سیاسی‌یەی کە تێی کەوتوە و ئەمانی خستوەتە مەترسی‌یەوە رزگار بکا.

راگەیاندنی شەری سەراسەری لەگەل کۆمەڵە و بەرێوە بردنی لە پایزی ساڵی ٦٣وە، لە هەلومەرجیکدا کە بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان کەوتە بەر هێرشی بەرینی جمهووری ئیسلامی، یەکیك لەم مەوریدانە بوو. رەوتی روو لە داشکانی ئیعتیبار و تەئسیری سیاسی‌ی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵی کوردستاندا کە لە چەند ساڵ پێشترەوە دەستی پێکردبوو، بەردەوام ئەم حیزبەی بەرەو جێگا و شوێنی جەرەیانێکی سیاسی پال پێوە دەنا کە فری بە سەر بنەرەتی‌ترین داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانی خەڵکی کوردستانەوە نیە. حیزبی دیموکراتیش بە تەواوی هەستی بە فشار و گرانی ئەم رەوتە کرد، لە راستیدا راگەیاندنی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە هەولێك بوو بۆ راوەستاندنی رەوتی داشکانی نفووز و ئیعتیباری ئەم جەرەیانە لە کوردستان. دەنا راگەیاندنی فتوای خەزای حیزبی "ئەکسەرییەت" لە دژی کۆمەڵەی کەم نفووز! بەو جۆرەی کە ئیددیعای دەکرد دەبیتە هۆی پێکەنین و لەو هەموو هەرشە و خەت و نیشان کیشانە لە دژی کۆمەڵە لە لایەن حیزبیکەوە کە خۆی بە هێزی ئەسلی و سەرەکی لە قەلەم دەدا سەر دەر ناهێنی. لە راستیدا ئەم خەزایە و راگەیاندنی شەری سەراسەری لە دژی کۆمەڵە بۆ کەم کردنەوەی ئەم فشار و تەنگەبەری‌یانە بوو کە وەزن و ئیعتیباری سوننەتی‌ی ئەم حیزبەی خستبوە مەترسی‌ی جیددی‌یەوە و ئەم حیزبە بە ناهومیدی هەوڵیدەدا هەر چەند بۆ ماوەیەکیش بووە ئەم رەوتە راوەستینی و لە هەمان حالدا بە وەری خستنی هەرا و هوریای ماخولیایی دژ بە جەرەیانی سوسیالیستی و کۆمەڵە پێشەکی‌یەکانی نزیك بوونەوەی لە جمهووری ئیسلامی فەراهەم بکا و ئەم خاسیەتەی خۆشی لە هەنگاو هەڵگرتن دژ بە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی زەحمەتکێش نیشان دا.

دەست پی کردنی ئەم شەرە دژی شۆرشە و درێژە پێدانی لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە نە تەنیا بەرۆکی ئەم حیزبەی لە چنگ بوحرانی سیاسی رزگار نەکرد و ئەم بوحرانەی دانەشکاند، بەڵکوو بە هۆی هەڵسەنگاندن و لیکدانەوەی واقیع نەبینانەی رابەرانی ئەم حیزبە لە راستی‌یەکانی کۆمەڵی کوردستان و پی دا گرتنیان لەسەر درێژە پێدانی شەر بوحران و ناکوکی‌یە دەروونی‌یەکانی قووڵتر بووە و کێشرایە لیك جیا بوونەوەیەکی گەورە. ئەم لیك جیا بوونەوەیە لەبەر ئەو لایەن و نەتیجە سیاسی‌یانە کە بە دوایەوە بوو، پتر لە هەمیشە مان و مەوجوودییەتی ئەم جەرەیانە سیاسی‌یەی خستە مەترسی‌یەوە.

لە راستی‌دا هەرچەند کە مەیدانی خۆ نیشاندانی ئەم جەرەیانە لە کوردستاندا بەر تەسك تر دەبووەوە و بە هەر رادەیەك کە بی رەبت بوونی ئەم جەرەیانە بە چاوەروانی و داخوازە دیموکراتیك و شۆرشگێرانەکانی خەڵکی کوردستان زیاتر ئاشکرا دەبوو و بە هەر میزانیك هەلومەرجی سیاسی و ئاڵ و گۆرە سیاسی‌یەکانی ئێران وە مەنتەقە ئاسوی سیاسی‌ی لیل تر دەکرد، ئەم حیزبە زیاتر و زیاتر مان و مەوجوودییەتی سیاسی‌ی خۆی نەك لە رووخاندنی جمهووری ئیسلامی و نەك لە بەرەو پێش چوون و گەشە و هەلدانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەدا، بەڵکوو لە دوزینەوەی ئەو دەراو و دەرفەتانەدا دەدی کە ئیمکانی پێدەدا بە هەر شکل و شێوەیەك بووە بمێنێتەوە. بەم مانایە ئیعتیبار و ئابرووی ئەم جەرەیانە وەها هاتوەتە خوار کە ئەمرۆ تەنیا لە فکری مانی خۆیدایە و بۆ ئەوە هەول دەدا.

تەنیا لەم روانگەیەوە دەکری بزانی کە بوچی بەرەبەرە لیکدانەوە سیاسی‌یەکانی حیزبی دیموکرات بە دلی رابەرانی جمهووری ئیسلامی دەهێنریتە گۆر. لیرەدا بو نیشاندانی ئەم ئاڵ و گۆر و جیاوازی‌یانە لە لیکدانەوەی چەند نمونە لە گوڤاری "کوردستان" بە کافی دەزانین:

"گەرچی ئاخوندە مەکرباز و کەلەك بازەکان (کە بە هۆی ناوشیاری جەماوەر و لەبەر نەبوونی رابەری‌یەکی وشیار و شۆرشگێر، توانیان سواری شەپولی شۆرش بن) لە ماوەیەکی کورت دا حاسل و داهاتی ٥٧ ساڵ خەباتی خویناوی نیشتمانەکەمانیان بە بادا".

(کوردستان، ژمارەی ١١١، ڕێبەندانی ٦٤)

"گەرچی شۆرش بە هۆی دەخاڵەتی ئاخوندەکان لە ئامانجە پیرۆزەکانی خۆی دوور کەوتەوە و بە لاری دا برا وە هەرچەند شیعارە بەرزەکانی توێژە و چینە چەوساوەکانی گەلانی بی بەشی ئێران لە ژێر "نعلین"ی ئاخوندەکاندا پیس و پێشێل کرا، سەرەرای ئەوە، شۆرشی ٢٢ی ڕێبەندان لە مێژوی پر هەوراز و نشیوی ئێراندا جێگا و شوینیکی تایبەت بە خۆی هەیە."

(کوردستان، ژمارە ١١٢، ڕێبەندانی ٦٥)

"... ئاخوندیزم پێش شۆرش ساڵەهای ساڵ پەیوەندیکی نزیك لەگەل فراماسیونیزم بووە و هەر وەك هەمووان ئاگادارن فراماسیونیزم یەکیك لە ڕێکخراوە نهینی‌یەکانی وابەستە بە ئەمپریالیزمی ئینگلیس بووە کە لە هەموو وڵاتانی وەدواکەوتوو، بە تایبەت لە وڵاتانی رۆژ هەڵاتدا ریشەی داکوتابوو."

(کوردستان، ژمارە ١٢٣، ڕێبەندانی ٦٥)

ئەم نموونانە و نموونەکانی تری وەك ئەمانە نیشان دەدەن کە حیزبی دیموکرات لە کاتی خۆیدا دەور و نەقشی ئاخوندەکانی کە هەڵبەت خومەینی‌ش دەگریتە بەر لە شۆرشی ساڵی ٥٧دا چون هەڵسەنگاندوە. رەنگە مەسلەحەتە دەورەیی‌یەکانی حیزب ئەمەی پێویست بووبی. بەڵام ئێستا گوی بیستی ئاڵ و گورە تازەکان بن. لە راگەیاندنی دەفتەری سیاسی ئەم حیزبەدا بە بونەی مەرگی خومەینی‌یەوە نووسراوە:

"ناوی ئایەتوڵڵا خومەینی، وەك کەسیك کە لە سەرکەوتنی راپەرینی یەکپارچەی خەڵکی ئێران و تیك رووخاندنی نیزامی کون و گەندەلی پاشایەتی لە ئێران دا نەخشێکی زۆر کاریگەری هەبوو، بە بی شك لە مێژوودا دەمێنیتەوە."

(کوردستان، ژمارە ١٥٠، جوزەردانی ٦٨)

بە راستی کە حیزبی دیموکرات لە بی شەرمی و بی چاو و روویی‌دا هیچ سنووریك ناناسی.

حیزبی دیموکرات بی شەرمانە دەور و نەقشی مێژوویی بۆ خومەینی دادەتاشی و خومەینی، ئەم قاتلە کە شۆرشی ساڵی ٥٧ی خنکاند وەك کەسیك نیو دەبا کە دەور و نەقشیکی بەرچاوی لە سەرکەوتنی ئەم شۆرشەدا بووە، تا بتوانی پی بنیتە ناو دەورەیەکی نوێی سەودا و بەند و بەست لەگەل جمهووری ئیسلامی.

بەم جۆرە جارێکی دیکەش ئەم حیزبە "لبیك" بە "ئیمامی ئومەت" دەلی بەڵام ئەم جار بە مەیتەکەی و بە دوای مەرگی دا تا "باش بوونی نییەت"ی خۆی بە سەردەمدارانی ئێستای جمهووری ئیسلامی بسەلمینی. هەڵبەت مەبەستمان ئەوە نیە بە ئاشکرا کردنی ئەم ناکوکی‌یانە ئەم حیزبە بخەینە ژێر بارانی تانە و تەشەر و لومەوە و بڵێین بۆچی لەسەر لیکدانەوەکان و ئیددیعاکانی و پرەنسیپە سیاسی‌یەکانی خۆی رانەوەستاوە. نە ئەم کارە بە پێویست دەزانین و نە ئەم جۆرە گلەیی و بنداشتانە بە مەسەلەی خۆمان. ئەمە فکر و مەشغەلەی ئەو بەشەی هێزە چەپەکان بووە یان دەبی کە بەم وەرسووران و بەم بارەو بەو باردا کەوتنە سیاسی‌یانە "سومای چاو"یان یانی حیزبی دیموکرات لە ریزی بەرەی خەڵك دا بە لە دەست چوو دەزانن و بەم بونەوە ویرای نەسیحەت و رینوینی دەست بە گلەیی دەکەن. لە راستیدا نان بە نرخی رۆژ خواردن، رەچاو کردنی خوو و خدەی دەلال و بازرگان لە سیاسەتدا بی پرەنسیپی بەشێکی جیانەکراوەی سیما و خەسلەتی ئەم جەرەیانە و یەك لەوانیش حیزبی دیموکراتە. ئەم وەرسوورانە سیاسی‌یانە چە کوتوپر بی و چ بەر بەرە، شتێکی بە هڵکەوتی ژیانی سیاسی حیزبی دیموکرات نیە بەڵکوو قاعیدە و سوننەتێکی جی کەوتووی ناو ڕێبەرایەتی‌ی ئەم حیزبە بووە و دەکری پەروەندەیەکی ئەستوور ئەم حیزبە بێنێتەوە. بەڵام لیرەدا هێنانەوەی چەند نموونە بە کافی دەزانین:

## سەبارەت بە وجوودی چینی کرێکار

قاسملوو لە وت و وێژێکدا لەگەل گوڤاری حەوتوانەی "کوردستان پرس" سپتامبری ساڵی ٨٨ی زایینی، سەبارەت بە وجوودی چینی کرێکار دەڵێ:

"... بەعزە گوورووهیك هەن کە لە هەلومەرجەکە ناگەن و لە چەند کتێبی بچووك و رۆژنامە و هیندیك شت فیر بوون و پێیان وایە مارکسیست لنینیستن. بەڵام زۆربەیان کتێبەکانی مارکسیان نەخوێندوەتەوە و دینە کوردستان و خۆیان وەك نوینەری چینی کرێکاری ئێران دەناسینن. بۆ نموونە گوورووهێك لە ئێران هەیە بە نیوی کۆمەلە لقی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران. قسە کردن لەگەل رابەرانی کۆمەڵە زۆر سەخت و ئەستەمە. ئەوان بە زۆر دەیانەوەی چینی کرێکار لە کوردستان بخولقینن. ئێمەش ئەمەمان زۆر پی خوشە و پێمان خۆشە لە کوردستان چینی کرێکاریك پێك بی بەڵام نیە..."

(تەئکیدەکان هی ئێمەیە)

(کوردستان پرس، ژمارەکانی ٤٢ و ٤٣، ٦ و ١٣ی ئوکتوبری ٨٨)

کەوابی دەر دەکەوی "سەخت بوونی قسە کردن لەگەل رابەرانی کۆمەڵە" لەبەر ئەوەیە کە کۆمەڵە لەسەر وجوودی چینی کرێکار و دیفاع لە بەرژەوەندی ئەم چینە پی دادەگری و ئەمە لە راستیدا لاساری رابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ قەبوول کردن و تەحەموول کردنی واقعییەتە تازەکان یانی سەر هەڵدان و بە هێز بوونی چینی کرێکار لە کوردستان دەگەیەنی. رەنگیشە مەسلەحەتیکی تایبەت ئەمەی داسەپاندبێتە سەر وت و وێژەکەرەکە، کە ئەم تەوزیحە بدا.

ئەمە شێوەی باوی حیزبی دیموکرات بووە کە بە حاشا کردن لە وجوودی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و خو لە ژێر باری داخواز و چاوەروانی‌یە سیاسی‌یەکانی کرێکاران دەرباز کا. ئەم شێوەیە تەنیا حاشا کردنیکی لە رووی لیکدانەوەی کۆمەڵ ناسی‌یەوە نیە. بەڵکوو شێوەی تایبەتی حیزبی دیموکراتە دژ بە کرێکاران لە کوردستان و حاشا کردن لە بوونی چینی کرێکارە. بەڵام قسە و سوخەنرانی کردن سەبارەت بە ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران نەك چینی کرێکار تەنیا کایە بە کەلیمە کردنیکی بی‌تامە. دەنا حیزبی دیموکرات چ لە رووی ناچاری و چ لە رووی مەسلەحەتەوە پێی لەوە ناوە کە لە چەند ساڵی رابوردوودا خەباتی ئابووری و سیاسی‌ی چینی کرێکار لە کوردستان گەشەی کردوە:

"چینی کرێکار لە کوردستان بە ئەندازەی پێویست گەشەی نەکردوە و کرێکارانی کوردستان هێشتا لە سەرەتای خەبات بۆ داخوازە چینایەتی‌یەکانی خۆیاندا... سەرەرای ئەمە لە ساڵەکانی رابوردوودا کرێکارانی کوردستان داخوازە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکانی خۆیان بە شێوەی جۆراوجۆر هێناوەتە گۆر و بو وەدی هاتنیان خەباتیان کردوە و ئەم خەباتە ئێستاش هەر بەردەوامە."

(کوردستان، ژمارە ١٤٩، مانگی گولانی ٦٨)

حیزبی دیموکرات بە راستی هەر پێی خۆشە بە شێوەی هەمیشەی خۆی حاشا لە بوونی چینی کرێکار بکا. بەڵام واقعییەتە رەق و تالەکان ناچاری دەکەن باسی ناکافی بوونی گەشە و هەلدانی چینی کرێکار و باسی شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و ئابووری ئەم چینە بکا.

## سەبارەت بە دیموکراسی بی قەید و شەرت

بە درێژایی ساڵیانی ساڵ حیزبی دیموکرات لە پەیوەند لەگەل مەسەلەی دیموکراسی‌دا هەمیشە لە دوو قالبدا خۆی نواندوە. کاتێك کە لەبەرانبەر رۆژنامەکان و سیاسەتمەداراندا قسە دەکا، هەول دەدا بە دیموکراسی و پلورالیزم و شتی لەم چەشنە هەڵکوتن لاسای حیزبیکی سیاسی‌ی پارلمانتاریست و دیموکراسی خواز بکاتەوە، بەڵام هەر ئەو ئاغایانە لە کۆمەڵی کوردستاندا "ناونیتکە"ی ئانارشیزم لە ئازادی بی قەید و شەرتی سیاسی و داخوازی پەرەپێدانی ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان هەڵدەدەن و کاتێك دەکەونە ژێر فشار، خەڵك بە بی فەرهەنگی، سالح نەبوون و ئامادە نەبوون بۆ کەلك وەرگرتن لەم ئازادی‌یانە تاوانبار دەکەن. ئەگەر قازانجی ناچیزی ئەم حیزبەش لە لایەن خەڵکەوە بکەوێتە مەترسی، ئەم حیزبە دژ بە خەڵکی زەحمەتکێش و موخالیفە سیاسی‌یەکانی دەست بۆ غەیرە دیموکراتیك ترین شێوە دەبا. هیچ کەلین و قوژبنیکی کوردستان نیە کە دەیان نموونەی لەم جۆرەی لە نزیکەوە تەجرەبە نەکردبی. گرتن و ئەزیەت و ئازاری هەڵسووراوانی سیاسی‌ی جەرەیانە سیاسی‌یەکانی دیکە، هەرەشە و ئازار دانی چەکدارانەی خەڵك بۆ بەرتیل وەرگرتن یان ناچار کردنیان بە هاوکاری لەگەل ئەم حیزبە، هیچ تەوزیحیکی‌تر جگە لەوەی باسمان کرد هەڵناگری. هەموو ئەو گوورووهانە، هەموو ئەو سازمان و هەڵسووراوانەی کە تەنانەت ماوەیەکی کورتیش لە کوردستان هەڵسوورانی سیاسی و نیزامی‌یان بووبی، ئەم شێوە و رەوشتانەیان بە چاوی خۆیان دیوە.

## سەبارەت بە مافی ژنان

لە سوننەتی حیزبی دیموکرات دا تەنیا مافیکی کە بۆ ژنان بە رەسمی دەناسری لە کونجی مال دانیشتن و مندالداری و گۆرەوی چنینە و هیچی‌تر. کاتێك ئەم حیزبە باسی مافەکانی ژن لە نیو خانەوادە دا دەکا عەقلی لە بیر و باوەر و رەسم و رسوومی کویخاکانی دێهات و حاجی‌یەکانی بازار واوەتر برناکا. چونکوو ئەم حیزبە لە رەوتی مێژوودا خوراکی لە سوننەت و رەوشتە گەندەل و دواکەوتووەکانی کۆمەڵی کوردستان بووە. هێزی لی وەرگرتوون و پاراستوونی. چونکوو لە سوننەتی ناسیونالیستی کوردستاندا ژنان نەك هەر دەرفەت و مەیدانی خۆ نیشاندانیان پی نادری بەڵکوو بە پێچەوانەی ئەم جەرەیانانە و ئەو حیزبانەی چەشنی حیزبی دیموکرات خۆیان دەبنە وەسیلەیەك بۆ مانەوەی سوننەتەکان، ئەخلاقییات و ئەو ستەمە غەیرە ئینسانی‌یانی کە دادەسەپێندرێتە سەر ژنان. پێویستە ئەوەش بڵێین پەیوەست بوونی ژنان بە ریزی پێشمەرگایەتی بۆ ماوەیەکی دور و درێژ لە لایەن ئەم حیزبەوە بە کارێکی ناپەسەند دادەنرا و مەحکووم دەکرا. حیزبی دیموکرات لە پەیوەند لەگەل مافی ژنان دا هەمیشە و دایم پشتیوان و لایەنگری دووا کەوتووترین و کونەپەرستانەترین رەسم و سوننەتەکانی بووە و هەرگیز لەم بارەوە کاریکی نەکردوە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کە ئەم حیزبە ناتوانی کایە بە کەلیمە بکما و سیاسەتە عەمەلی‌یە خۆپاریزانە (محافزەکارانە) و دواکەوتووەکەی بە قسەی تازە برازێنیتەوە. ئیشارەکانی بریارنامەی کونگرەی ٧ی حیزبی دیموکرات ئەم خاسیەتەی هەیە:

"بە لەبەر چاو گرتنی ئەم راستی‌یە کە ژنان لە رابەری حیزب داوا دەکا بەرنامەیەکی پوخت و لەبار بۆ هەڵسووراوتر کردنی نەخشی ژنان لە جوولانەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستاندا دابنی."

(بەندی ٧ی بریارنامەی کونگرەی ٧ی حیزبی دیموکرات، کوردستان، ژمارە ١٢٤، رەشەمەی ٦٥)

رەنگە حیزبی دیموکرات پی لەسەر ئەوە دابنی کە "ژنان نیوەی کۆمەلن"، رەنگە حیزبی دیموکرات بە پێی مەسلەحەت و چوونە سەری رادەی داخوازەکانی ژنان شیعاری لەوە توند و تیژتریش بێنێتە گۆر، بەڵام هیچیان ئاڵ و گۆریك لە هەڵوێستە عەمەلی‌یە خۆپاریزانەکانیدا پێك ناهێنی. چونکوو حیزبی دیموکرات خزمەتکار و پاریزەری رەسم و سوننەتە کونەکانە.

## سەبارەت بە شەری نیو خۆیی

پاش چەند ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژە پێدانی شەری نیو خۆیی لە کوردستان و هێنانە گۆری زۆر مەرجی غەیرە دیموکراتیك ئیتر ئێستا هەمووان سەر و بنی دەلیلکەکان و قسەکانی ئەم حیزبە لەم بارەیەوە دەزانن و پێویست ناکا لیرەدا روشن بکرێتەوە. بەڵام بیستنی ئەوەش باشە کە بزانن کاتیك رابەرانی ئەم حیزبە دەلیلیکیان پی نامینی بۆ درست لە قەلەم دانی سیاسەتە غەیرە دیموکراتیکەکەیان زۆر جار کوتوویانە: "پێشمەرگەکانی ئێمە کەم سەوادن، تێگەیشتنی سیاسی‌یان کەمە، تەبلیغی ئێوە (کۆمەڵە) توورەیان دەکا و هانیان دەدا و لەوانەیە دەست بدەنە هەر کاریك کە ئەو کات ئێمە ناتوانین کۆنترۆلیان کەین." ئەم جۆرە قسانە زۆر جار بەسەر زمانی رابەرانی ئەم حیزبەدا هاتوە. قسەیەك کە تەنانەت سەرۆك عەشیرەکان و سەروك ئیلەکانیش سەبارەت بە کەسانی عەشیرە و ئیلەکەی خۆیان نایلین و خۆی لی دەپاریزن. بەڵام رابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ پاساو کردنی سیاسەتە ناپەسند و دژی دیموکراتیکەکانی خۆیان باکیان لەوە نیە کە تەنانەت دەست بدەنە سووك کردن و مەسخەرە کردنی پێشمەرگەکانی خۆشیان.

بەم ئیشارە کۆرتە دەکری بلیی ئەوەی کە لە فەرهەنگی حیزبی دیموکرات دا بە پراگماتیزم ناوی لی دەبری و بە شانازی‌یەوە ئەم حیزبە وەك هونەری واقیع بینی باسی دەکا، لە راستیدا جگە لە ریاکاری گەندەلی سیاسی هیچی‌تر نیە. ئەمانە باکیکیان نیە رۆژیك جنیو بە ئاخوندەکان و خومەینی بدەن و رۆژیکی دیکە بە دەور و نەقشی مێژوویی یان هەل بلێن. تەنیا بەستە بەوەیە کە چ پێداویستی‌یەکیان هەبی و چە جۆرە قسە کردنیك دەرفەتی ئەوەیان بۆ دەخولقینی تا لە خانوادەی بورژوازی دا بە نەردیوانی مەقام و مەنسەبدا سەرکەون و بۆ پێك هێنانی هەلومەرجێکی لە بار بۆ کوما کردنی سەرمایەی بورژوازی کورد و پاراستنی مالکییەتی چینە داراکان پالپشتیکی دەوڵەتی وەدەست بینن.

سەرەرای ئەوەی کە خودموختاری هەموو ئامانج و چاوەروانی‌یە سیاسی‌یەکانی ئەم حیزبە پێك دینی بەڵام لە راستیدا و بە هۆی ئەم خەسلەت و کردەوە سیاسی یانە تەنانەت خودموختاری خوازیکی باشیش نین. ئەمانە نەك هەر هیچ بەرنامەیەکی سیاسی‌یان بۆ لە ناو بردنی بی بەشی و ستەمە کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکانی نیە بەڵکوو تەنانەت پاریزەریکی باش و بەدەربەستیش بۆ لابردنی ستەمی میللی لە کۆمەڵی کوردستاندا نین. ستەمی میللی بۆ ئەم سیاسەتمەدارانە تەنیا بۆ ئەوە بە دەستەوە دەگیری تا هەستی پاکی خەڵك بکەنە دەست کایەی خۆیان و سواری شەپولی هەستان و ئیعتیرازیان بن و باری خۆیانی پی بگەیەننە مەنزل.

رابەرانی ئەم حیزبە پوز و قەلافەتی سیاسەتمدارانە بە خۆ دەگرن و "سیاسەت بە هونەری گونجاو" ناو دەبەن و شانازی بەوەوە دەکەن کە بە پێی ئەم ئوسووله زانایانە دەجوولینەوە. بەڵام ئەمرۆ ئیتر نەك هەر لیکدانەوە سیاسی‌یەکان و هەڵسەنگاندە واقعبینانەکان بەڵکوو تەجرەبەی ژیانی واقیعی و ئەوەی لەم چەند مانگەدا رووی‌دا (ترۆری قاسملوو) بە کردەوە نیشانی‌دا کە ئەم جۆرە رابەرانە نە "سیاسەت" یان هەیە و نە "هونەر" و نە لیهاتوویی تێگەیشتنی ئەو شتەی کە "گونجاو"ە. دەنا ئاوا سووك و هاسان نەدەبوونە دەست کایەی مانۆرە سیاسی‌یەکانی جمهووری ئیسلامی و سەری خۆیان بە با نەدەدا. لە دنیای واقیعی‌دا سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و رابەرانی ئەم حیزبە هەمیشە لە ترسەنوکی و خوشباوەری و لینەهاتوویی و بی لیاقەتی وەردراون.

## -٣-
## لە بی ئاسویی سیاسی‌یەوە تا وت و وێژ:

هەر وەك باسی کرا رەوتی داشکانی ئیعتیبار و نفووزی حیزبی دیموکرات لە کۆمەڵی کوردستاندا، ئەم حیزبەی تووشی بوحرانیکی سیاسی قول و لە مێژینە کردوە کە لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا بەرۆکی بەم حیزبە گرتوە. لە ماوەی چەند ساڵی رابوردوودا ئەم حیزبە بە ناهومیدی و بە دەست بردن بۆ مانوری جۆراوجۆر و هەولی داوە خۆی لەم بوحرانە سیاسی‌یە دەرباز کا. سەردەمیك بە پاش گەز بوونەوە لە بیر و باوەرە سیاسی‌یەکانی بۆ ئەوەی خۆی بە ئوردوگای سوسیال دیموکراتەکانی رۆژئاوا هەلواسی. جاریك بە راگەیاندنی شەر لە دژی کۆمەڵە و جاریکی‌تریش بە چاو داگرتن لە رژیمی جمهووری ئیسلامی و بە گەرم راگرتنی شایعەی وت و وێژ.

بوحران و سەر لی شیواوی‌یە سیاسی‌یەکانی حیزبی دیموکرات لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرەبەرە ئەم حیزبەی تووشی بن بەست و تەنگەبەریی سیاسی کردوە. ئێستا با بزانین سەرچاوەی ئەم ئالوزی‌یە سیاسی‌یەی ئێستای حیزبی دیموکرات لە کوی‌وەیە و چ شتێك توند و تێژتری دەکاتەوە.

هەموو حیزبە سوننەتی‌یەکانی نیو کۆمەڵی کوردستان کە نوینەرایەتی چین و توێژە داراکان، دەرەبەگەکان و سەرمایەدارانیان کردوە، هەمیشە خەباتی چەکدارانە و هەڵسوورانی نیزامی‌یان وەك تەنیا شکلی خۆ نیشان دان و هاتنە گۆری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یەکان بۆ لابردنی ستەمی میللی لە قەلەم داوە. لە زمانی ئەم حیزبانە و ئەم سوننەتە سیاسی‌یانەوە خەبات لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی تەنیا و تەنیا لە خەباتی چەکدارانەدا بەرتەسك دەکرێتەوە کە خۆدی ئەم خەباتە چەکدارانەیەش بە کردەوە دادەشکێتە سەر هەڵسوورانی نیزامی‌ی هێزی چەکداری ئەم حیزبانە. لەم ناوەدا هەموو شکل و مەیدانەکانی ئیعتیراز، موقاومەت و خەباتی جەماوەری خەڵك دژ بە رژیم تا ئەو جیگایە موعتەبەرن کە خزمەت بە خەباتی چەکدارانە بکەن. شکلەکانی تری خەبات هەر بە رادەیەك کە خزمەت بە خەباتی چەکدارانە دەکەن سەرنجی ئەم جەرەیانانە بۆ لای خۆیان رادەکیشن.

ئەمرۆ تا هەر رادەیەکیش بریارنامەکان پەسند کراوەکانی کونگرە و پلینومی حیزبی دیموکرات لە باری سیاسی‌یەوە پینە بکری یان سەبارەت بە وجوود و گرینگی‌ی شێوەکانی تری خەبات لە کوردستاندا بریار و قەرار بدری هیچ فەرقیك لە ئەسلی مەسەلەکەدا پێك ناهینی. هەروەك پیشوو لە روانگەی ئەم حیزبەوە بزووتنەوە لە کوردستان لە خەباتی چەکدارانەدا بەرتەسك دەکرێتەوە ئەم حیزبەش خاسییەت و کارکردی خۆی هەر لەم مەیدانەدا دەبینی. لیرەدا قسە لەسەر هێنانە خوارێ بایەخی خەباتی چەکدارانە نیە هەر وەك کردەوە و ئیددیعاکانی حیزبی دیموکراتیش سەبارەت بە جێگا و شوێنی خەباتی چەکدارانە نەك هەر ئیعتیباری زۆر ناکا بەڵکوو لە بەر خەسلەتی ناجەماوەری بوونی، ئەم حیزبە نەیتوانیوە خزمەتیك بە بەهیز کردن و پەرە پێدانی واقیعی و یان تەنانەت خزمەتیك بە بەرەو پێش بردنی ئەم

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٥ | ریبەندانی _ ١٣٦٨ | فوریەی _ ١٩٩٠

پێشڕەو

مەیدانەی خەبات، بە پێی نەقشەی داریژراو بکا.

لە هەلومەرجی ئێستادا بە هۆی ئاڵ و گۆڕیك كە لە سەنگ و سووکی‌ی نیوان هێزە نیزامی‌یەکاندا لە کوردستان پێك هاتوە لە کردەوەدا رادەی هەڵسوورانی نیزامی بەرتەسکتر بووەتەوە و ئێمە قسەمان لەسەر بەرتەسکی‌یەکانی ئێستای ئەم مەیدانەی خەبات لە کوردستان نیە. بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم بەرتەسکی‌یانە چ تەئسیریك دەکاتە سەر ئاسوی جەرەیانە جۆراوجۆرەکان و چ شێوە و رێگا چارەیەك لە لایەن ئەوانەوە رەچاو دەکری.

تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەرێتەوە سەر حیزبی دیموکرات هەڵسوورانی نیزامی تەنیا خاسیەت و قابلییەتیکە کە ئەم حیزبە دەتوانی لە خۆی نیشان بدا. جگە لەمە حیزبی دیموکرات هەول دەدا هەڵسوورانی نیزامی خۆی، لەبەر شێوە قەهراوی‌یەکەی وەك رادیکالیزمیکی سیاسی لە مەیدانی بەرنامە و سیاسەت دا لە قەڵەم بدا تا لیبرالیزم و محافزەکاری قوولی بەرنامە سیاسی‌یەکەی داپوشی. هەر بەم بونەویە کە ریك لە هەلومەرجیکدا کە سیاسەت و کردەوەیەکی بە تەواوی راست و رەوانەی بەرانبەر بە مەسەلەکانی کۆمەڵی کوردستان رەچاو کردوە، بە جۆرێك لە دژی موخالیفە سیاسی‌یەکانی قسە دەکا کە گوایە رادیکالە و، ریك لە هەلومەرجێکدا کە رابەرانی ئەم حیزبە قەولی هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوی نیزامی‌ی خۆیان بە دەوڵەتی مەرکەزی دەدەن یان لەسەر گونجاو و بوونی دەمەقەریانە، کەسانی‌تر بەوە تاوانبار دەکە کە دەستیان لە خەباتی چەکدارانە کیشاوەتەوە یان لەم مەیدانەدا ناهەڵسووراون!

بە کۆرتی حیزبی دیموکرات حوزووری خۆی لە خەباتی چەکدارانە دا دەکاتە وەسیلەیەك تا ئابروویەك بۆ سیاسەتە یەکجار لیبرالی و محافزەکارانەکەی خۆی بکری. لە هەمان حالدا چونکوو هەڵسوورانی نیزامی تەنیا شکلی خۆ نیشاندانیەتی، بە هەر رادەیەك کە بە هۆی ئاڵ و گۆڕی سەنگ و سووکی‌ی نیوان هێزە نیزامی‌یەکان و ئاڵ و گۆڕی هەلومەرجی سیاسی، خەباتی چەکدارانە بەرتەسکی و تەنگە بەری‌ی سیاسی‌ی بۆ بیتە پێش، دیمەنی سیاسی‌ی لە دەورەی داهاتوودا لیل و شلوی دەبی و مەوجوودییەتی سیاسی‌ی خۆی لە مەترسی‌ی تیدا چوون دا دەبینی. بە هەر رادەیەك کە ئەم مەیدانەی خەبات وەك مەیدانیك لە بزووتنەوەی کوردستان بکەوێتە ژێر فشارە واقیعی‌یەکان بە هەمان رادەش حیزبی دیموکرات بی کەلکتر و بی خاسیەت تر دەبی. لە وەها هەلومەرجیکدایە ئەم حیزبە هەموو هەول و تەقالای خۆی بە کار دەبا تا مەوجوودییەتی سیاسی خۆی بپاریزی و ئیمکانی مانی خۆی پێك بینی. ئیتر قسە لەسەر ئەوە نیە کە حیزبی دیموکرات چ ئاڵ و گۆڕێك پێك بینی، قسە لەسەر ئەوەیە کە چون مەوجوودییەتی سیاسی خۆی بپاریزی و هەموو بی قەراری‌یەکانی رابەرانی ئەم حیزبە بۆ وت و وێژ لەگەل رژیم هەول و تەقالایەکی ناهومیدانەیە لەم رێگایەدا.

حیزبی دیموکرات لە باشترین حالەتی خۆیدا نوینەرایەتی بورژوازی کوردستان دەکا و بەرژەوەندەکانی دەپاریزی و هەر کە کەلین و کەلەبەری نیوان دەوڵەتە بورژوایی‌یەکان زیادی کرد و هەر کە تاج و تەختی دەوڵەتی مەرکەزی کەوتە لەرزین سەرکیشی و نافەرمانی دەست پی دەکا و بەدەست خەرو کردنی هەستی پاکی خەڵك دەوڵەتی مەرکەزی دەخاتە ژێر فشار تا بە شێوەی نەغدی بەشەکەی لە دەسەڵاتدارەتی سیاسی بداتی، بورژوازی کورد تیدەکوشی بە وەدەست هێنانی پالپشتێکی دەوڵەتی نەك هەر ئەمنییەتی دارایی‌یەکانی، ملکەکان و سەرمایەکەی بپاریزی بەڵکوو بازار و ئیمکاناتیکی بەرینتریش وەدەست بینی. ئەگەر ئاڵ و گۆڕیك بە قازانجی دەوڵەتی مەرکەزی لە هەلومەرجی سیاسی‌دا پێك هات، بورژوازی کورد دەست لە بولە بول هەڵدەگری و بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی خۆی و پاراستنی دارایی و سەرمایەکانی سەر بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، بۆ ملهوور و زەبر و زەنگ دادەنەوینی. لە دە ساڵی رابوردوودا خۆنیشان دانی سەرمایەداران، بازرگانان و دەرەبەگەکان و دەلالەکان و حیزبەکەیان یانی حیزبی دیموکرات لە مەیدانی خەباتی سیاسی‌دا ئەم مەسلەیە نیشان دەدا. ئەمرۆ ئەمانە لە حوجرەکانیان دا چاوەروانی دەرفەتێکی دیکەن و ئەسکەناس لە سەر ئەسکەناس هەڵدەچنن. لەم چوارچێوەیە دایە کە رابەرانی حیزبی دیموکرات بۆ ئەوەی درگای دووکانە سیاسی‌یەکەیان دانەخری هەول دەدەن و ئیجازەی هەڵسوورانی سیاسی خۆیان بە سوال و سەدەقە لە رژیم وەر دەگرن. وت و وێژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بۆ حیزبی دیموکرات ئەو جیگا و شوێنەی هەیە.

-٤-

# پی داگرتن لەسەر "ئەسلی وت و وێژ" پەردەیەکە بۆ داپوشینی سەودا و بەند و بەست:

لەو کاتوە کە بە دوای ترۆری قاسملوودا و سەرەرای مەیلی حیزبی دیموکرات مەسەلەی وت و وێژی حیزبی دیموکرات لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاشکرا بوو، تا ئێستاش خەڵکی کوردستان هیچ قسەیەکی ئاشکرا و روشنیان جگە لە قسەی کوللی و ناروشن سەبارەت بە ناوەرۆکی واقیعی ئەم وت و وێژانە لە زمان ئەم حیزبە نەبیستوە. دەلیی ئەم مەسەلەیە کاریکی خوسووسی‌ی ئەم حیزبەیە و بە پێویست نازانی لەم بارەیەوە بۆ کەس تەوزیح بدا. بەلام رابەرانی ئەم حیزبە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە تەئکید دەکەنە سەر رەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم. رابەرانی ئەم حیزبە بە ماندوویی نەناسی‌یەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چون ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم، لە نیو حیزبی دیموکراتدا سیاسەتێکی پایدار و جی کەوتووە و بە بروای ئەم حیزبە بۆ چارەسەر کردنی یەکجاری‌ی "مەسەلەی کوردستان" دەبی لەگەل رژیم وت و وێژ بکری. دووپات کردنەوەی ئەم تەوزیحە ماندوویی هێنەرانە لە لایەن رابەرانی حیزبی دیموکراتەوە تەنیا دەتوانی ساویلکەیی و سادە لەوحی‌ی ئەوان و ئەوە نیشان بدا کە چەندە ئەوانەی رووی قسەیان تێیانە بە کەم دەگرن. ئەوان لە راستی‌دا لەم رێگایەوە هەول دەدەن لە ژێر باس کردنی ناوەرۆکی واقیعی‌ی ئەم وت و وێژانە دەرچن. رەنگە ئەم بە کوللی قسە کردنانە، وەلامی رەخنەی نەوعی موجاهیدین بداتەوە بەلام لە مەیدانی سیاسی‌ی کوردستان مەسەلەکە لەسەر قەبوول کردن یان رەت کردنەوەی ئەسلی وت و وێژ نیە.

رەنگە ئەسلی وت و وێژ بە گشتی هەر وەك ئەسلی خودموختاری‌یەکیك لەو مەوریدە کەمانە بی کە دەکری خالیکی هاوبەشی‌ی نیوان حیزبی کرێکاری و حیزبی بورژوایی لە کوردستان بی. وت و وێژ بە مەرجیك لە خزمەت بەهێز کردنی بزووتنەوە یان وەدی هێنانی داخوازەکانی بزووتنەوەدا بی، هێندیك ئیمتیازی دیاری کراو لە جهەت دابین کردنی داخوازە سیاسی‌یەکانی جەماوەری خەڵکدا وەدەست بینی و... دەتوانی لەگەل دوژمن بکری.

کەوابی لیرەدا قسە نەك لەسەر ئەسلی وت و وێژ بە گشتی و یان لە سەر ئەوەی کە ئایا ماف و ئیجازەی وت و وێژ هەیە یان نا، بەڵکوو لەسەر وت و وێژی دیاری کراو لە برگەیەکی زەمانی دیاری کراو دایە. وت و وێژێکی دیاری کراو دایە. وت و وێژێکی دیاری کراو بەرێوە چووە و پێشینەکەشی تا رادەیەك ئاشکرا بووەتەوە و تەنیا نەتیجەی تا ئیستاشی ترۆری قاسملوو بووە. بەلام رابەرانی حیزبی دیموکرات بە دانستە بریاریان داوە و رازی سەودا و بەند و بەستە سیاسی‌یەکانیان هەر وەك پێشوو لە خەڵك بشارنەوە و چەند مانگە هەر تەئکید لەسەر رەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ دەکەن و دووپاتی دەکەنەوە و لە ناوەرۆکی واقیعی‌ی ئەو تەوافوقانەی کە رەنگە کردبیتیان بی دەنگەیان کردوە و هەروا درێژەی پێدەدەن.

هەڵبەت بی دەنگی‌ی حیزبی دیموکرات مانای تایبەتی خۆی هەیە و ئەو مانایە دەبی نەك لەو شتانەی کە باسی کردوە بەڵکوو لەو مەسەلانەی کە بە دانستە و بە ئەنقەست باسی ناکا دەرکێشی.

یەکەمیان ئەوەیە کە حیزبی دیموکرات بەم بی دەنگی‌یە، سر پوشی و وەفاداری خۆی بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی دەسەلمێنێ و نیشان دەدا کە ئینسافەن هێندە بەرانبەر بە وت و وێژ لەگەل جمهووری ئیسلامی بە دەربەست و سر پوشە کە سەرەرای هەموو ئەو فشار و بی ئابروویی‌یە سیاسی‌یە کە ئەم مەسەلەیە بوویەتی، رابەرانی حیزب بۆ ئەوەی رازی سەودا و بەند و بەستەکانیان هەروا نهێنی بمێنێتەوە حازر نین دەم بکەنەوە.

دووهەمیان ئەوەیە کە بە هەمان ئەندازەی ئەم حیزبە بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی سر پوشی دەکا بەرانبەر بە خەڵکی کوردستان بی دەربەست بوونی خۆی ئاشکرا دەکا. ئەم حیزبە حازر نیە بۆ خەڵك روون کاتەوە کە ئەو مەسەلانەی لەگەل جمهووری ئیسلامی وت و وێژیان لەسەر کردوە کامانەن و تەوافوقەکانیان چ بووە و ئەم تەوافوقانە چ پەیوەندیکی بە چارەنووسی سیاسی و داخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە.

ئایا گەیشتن بەم تەوافوقانە هیچ فشارێکی دیاری کراو لەسەر ژیانی خەڵك کەم دەکاتەوە؟ وەلام نەدانەوە و بی دەنگە لی کردنی رابەرانی ئەم حیزبە سەبارەت بەم مەسەلەیە پتر لە هەر روونکردنەوەیەکی دیکە بی رەبت بوونی ئەم جۆرە وت و وێژە نهێنی‌یانە لەگەل خەبات و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان نیشان دەدا.

سێهەم، شاردنەوەی بە دانستەی ئەم مەسەلەیە خۆی نیشاندەری شەرمەزاری و ترسی ئەم حیزبەیە لە ئاشکرا کردنەوەی مەسەلەکە. بێگۆمان ئەگەر وت و وێژەکان بچووکترین ئیعتیازی بە قازانجی بزووتنەوە تێدا بۆایە یان هێندیك قەید و بەندی لەسەر دەست و پێی خەڵك لابردبا، حیزبی دیموکرات کیوی دەکردە کاو کیچی دەکردە گا و بە زل کردنەوەی ئیمتیازە بچووك و ناقابیلەکان هەوڵی دەدا زیاترین کەڵکی تەبلیغاتی لەم مەسەلەیە وەرگری. بەهەرحال حیزبی دیموکرات بە هەر رادەیەك بیەوی دەتوانی بی دەنگی‌ی مانا داری درێژە پی بدا بەلام هیشتا نەکوتراوە دیارە ئاستی ئەو مەسەلانەی لەگەل جمهووری ئیسلامی وت و وێژی لەسەر کراوە هێندە لە ئاستی داخواز و چاوەروانی‌یەکانی خەڵکی کوردستان لە خوارترە و هێندەیان لێ دوورە کە حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجیی ئیستادا ناویری رەوتی هەوڵدانی خۆی بۆ هێنانە خواری چاوەروانی‌یەکانی خەڵك هەر لە ئێستاوە دەست پی بکا.

بەلام تا ئەو جێگایەی حیزبی دیموکرات بە تایبەتی سەبارەت بە وت و وێژەکانی ئەم دوایی‌یانە قسە دەکا جگە لە گلەیی لە ناپەگیر بوونی رژیم لە وت و وێژەکاندا و، کەڵکی نارەوا وەرگرتنی رژیم لە نییەت باشی‌ی حیزبی دیموکرات و دەربرینی سەر سورمانی خۆی لە رادەی جینایەتکار بوونی رژیم، هیچ شتێك لە قسەکانی پێشووی زیاد ناکا:

"لەو نووسراوانەی کە لە کۆبوونەوەکانی وت و وێژ ماونەتەوە دەر دەکەوی کە رژیم لەسەر چارەسەری ئاشتی خوازانەی مەسەلەی کوردستان جیددی نەبووە..."

(وت و وێژی حسن شرفی لەگەل دەنگی کوردستان، ١١ی سەرماوەزی ٦٨)

سەرەرای ئەوەی کە لەم وت و وێژانەدا قاسملوو بەدەست بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی ترۆر کراوە هیشتاش گلەیی ئەم حیزبە ئەوەیە کە رژیم لە وت و وێژەکاندا جیددی نەبووە. دەلێی رابەرانی ئەم حیزبە هیشتاش دەرس وپەندیان وەر نەگرتوە و لە خەوی غەفلەت هەڵنەستاون. یان دەکوتری:

"... رژیم لە رێگاکانی دیکەوەش تێکۆشا زەبر لە بزووتنەوەکەمان بوەشینی و لەو پی یەدا توانی بە کەڵك وەرگرتن لە نیاز پاکیی حیزبی دیموکرات کە هەمیشە لایەنگری چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان بووە، سکرتیری گشتی حیزبەکەمان دوکتور "عبدالرحمن قاسملوو" بە ناوی وت و وێژ بۆ چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردستان لە داو بخا و تیرۆری بکا."

(کوردستان، ژمارە ١٥٥، خەزەلوەری ٦٨)

بەڵی حیزبی دیموکرات نییەت باشی‌ی خۆی پێشکەشی سەرانی جمهووری ئیسلامی کرد بەلام رژیم خۆش خەیالی‌یەکانی ئەم لیبراله خوشباوەر و ترسەنوکانەی دەسخەرو کرد و ئەوانی لە پێناو سیاسەتەکانیدا کردە دەست کایە.

لە هەمان حاڵدا دەبی ئەوەش بڵێین کە نییەت باشی‌ی حیزبی دیموکرات دەرهەق بە جمهووری ئیسلامی نیشانەی ئاشتی خوازی و سیاسەتمەداری رابەرانی ئەم حیزبە نەبووە بەڵکوو خۆش خەیاڵی قوول و داماوی ئەم حیزبە ئاشکرا دەکا.

دووپات کردنەوەی سکالای بی هێزی وەك: "بەلام کونەپەرستانی دوور لە ئینسانییەت و عەقلی سەلیم بەم کارە درندانەیە (ترۆری قاسملوو) سەڵماندیان کە بۆ چارەسەر کردنی گیر و گرفتەکانی ئەمرۆی ئێران هیچ رێگایەك بە ناوی رێگای ئاشتی خوازانە ناناسن و لە نیوان خۆیان و خەڵکی ئێراندا تەنیا زۆر و خشونت بە حاکم دەزانن و بەس..." و یان "بەلام پەروەردە کراوانی خوێن و خەیانەت بەم جینایەتە گەورەیە نیشانیان دا کە نە لە فیکری ئێران دان و نە گەلی کورد لە ئێران بە ئێرانی دەزانن. ئەوان جاریکی دیکە بە روونی رایان گەیاند کە هیچ بایەخێك بە ئوسوولی ئەخلاقی و ئینسانی نادەن..." هیچ کەڵك و خاسیەتێکی نیە جگە لەوەی کە ئەم راستی‌یە دەرخا کە ساڵەها کوشتاری زیندانیانی سیاسی، سەرکوتی هەموو رۆژەی جەماوەری خەڵك نەیتوانیبوو رواڵەتی ترۆریستی و جینایەتکارانەی رژیم بۆ سەرانی حیزبی دیموکرات روون کاتەوە تا ئەو کاتەی ترۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی سیلەیان لە رابەرانی ئەم حیزبە گرت.

پێشڕەو
دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٥ ریبەندانی _ ١٣٦٨ فوریەی _ ١٩٩٠

-٥-

## داردەستە بوون یان وت و وێژ کردن:

بە کورتی قسە لەسەر ئەسلی وت و وێژ کردن بە شێوەی گشتی نیە بەڵکوو قسە لەسەر بەکارهێنانی تایبەتیەتی لە هەلومەرجی دیاری کراوی سیاسیدا. بە بی لەبەر چاو گرتنی هەموو هەولومەرجێکی سیاسی و سەنگ و سووکی نیوان هێزەکان و بە بی قەید و شەرت چوونە پشت میزی وت و وێژ، بە کردەوە، جگە لە دەست بە داوین بوونی جمهووری ئیسلامی، و چاو لە لوتف و مەرحەمەتی جمهووری ئیسلامی برین، هیچ مانایەکی‌تری نابی. وت و وێژ کردن لەگەل دوژمن پەیرەوی لەو سەنگ و سووکی‌یەی نیوان هێزەکان دەکا کە لە دەرەوەی سالونی وت و وێژ وجوودی هەیە. ئەگەر قەرار بی لە رێگای وت و وێژ لەگەل رژیمەوە ئیمتیازاتێك بە قازانجی بزووتنەوەی جەماوەری وەر گیری و هەلومەرجێکی لەبارتر بۆ گەشە و هەڵدانی ئەم خەباتە پێك بهێنری یان هەنگاوێکی‌تر بۆ دەرخستنی ریاکاری‌یەکان و داماوی‌یەکانی رژیم هەڵبگیری، ئەم کارە تەنیا بە پشتیوانی و بە پالپشتی بزووتنەوەی جەماوەری دەکری. تەنیا خەیال خاوان و کەسانی خوشباوەری وەك رابەرانی حیزبی دیموکرات رەنگە وا خەیال بکەن کە هەر بە چەنە لیدان و پەنا بردن بۆ مانوری دیپلوماتیك دەکری ئەو ئیمتیازات و هەلومەرجە بە سەر رژیم دا سەپێندری کە لە خەیالیاندایە. بە پشتیوانی بزووتنەوەی جەماوەری نەبی سەرئەنجام وت و وێژی لەم چەشنە جگە لە چەنە لیدانی بی کەڵك هیچی‌تر نابی و زۆرجار جەرەیانێکی وەك حیزبی دیموکرات لەبری قەوڵ و بەڵێنی‌یە پووچەکانی رژیم، پێشەکی هێندیك ئیمتیازیش دەدا بە رژیم.

جگە لەوە ئەگەر ئەم وت و وێژانە بە شێوەی واقیعی لەسەر مەسەلەکانی کوردستان، نابی بە نهێنی و بی ئاگاداری جەماوەری خەڵك بکری.

پەنا بردن بۆ فەننی نهێنی کاری، بۆ ئەوەی جەماوەری خەڵك لە ناوەرۆکی ئەم وت و وێژە ئاگادار نەبن، نەك لیهاتوویی و هونەرمەندی وت و وێژکەران بەڵکوو پێش هەموو شتێك بی رەبت بوونی وت و وێژیکی ئاوا بە مەسەلە و چاوەروانی‌یە شۆرشگێرانە و رادیکالەکانی جەماوەری خەڵك دەسەلمێنێ. حیزبی دیموکرات، بە هیچ بیانوویەك و هیچ پاکانەکردنێکی سیاسی ناتوانی نهێنی بوونی وت و وێژەکە تەوزیح بدا و، ئەمە تەنیا دەتوانی ئەوە نیشان بدا کە ئەم حیزبە چەندە سووك و هاسان دەبیتە دەسکایەی رژیم و لە حاست مەیل و مەبەستەکانی جمهووری ئیسلامی سەر دا دەنەوێنی.

لە راستیدا ئاشکرا کردنەوەی رەوتی وت و وێژەکان هەوەل هەنگاوێکە کە رژیم ناچار دەکا لایەنەکەی تری وت و وێژ و هەروەها خەبات و داخوازە سیاسی‌یەکانی خەڵك بە رەسمی بناسی و لە هەلومەرجی ئێستاش دا ئەمە یەکەم مەرجێکە کە دەبی پێك بی تا وت و وێژیك بە قازانجی بزووتنەوەی جەماوەری دەست پی بکا. دووهەم، تەنیا بە ئاشکرا بوونی وت و وێژەکە دەکری دەرفەتی مانور و وەخت کوژی لە رژیم بستێندری و ریاکاری‌یەکانی ئاشکرا بکری. لە هەمان حالدا شێوەی ئاشکرا بوونی وت و وێژ دەرفەتی ئەوە پێك دینی کە قسەیان لەسەر دەکری و بتوانن دەخاڵەتی تێدا بکەن. حیزبی دیموکرات کە ئەم ئەسلە روشن و سەرەتایی‌یانەی لە بەرچاو نەگرتوە و پێشی خۆش نیە لەبەر چاویان بگری، رێگایەکی نیە جگە لەوەی بە هەوای رژیم سەرچوپی بگری.

بێجگە لەوە بۆ ئەوەی دەرکەوی وت و وێژ لەگەل رژیم تا چ رادەیەك پەیوەندی لەگەل مەسەلە و گیر و گرفتەکانی خەڵك هەیە، دەبی بزانی ئەم وت و وێژانە چەندە بە خواست و داخوازە سیاسی‌یەکانی خەڵك مەربووتن و لەم بارەیەوە ئیددیعاکان و وەعدە و بەلێنی‌یەکانی وت و وێژکەران هیچ بایەخێکی جیددی‌یان نیە. بۆ ئەوەی وت و وێژ نەبیتە مەیدانیك بۆ مانور دانی رژیم، دەبی لە پێشدا رژیم ئیقداماتێك بکا. پاش بەرێوە بردنی دە ساڵ شەری خوێناوی لە دژی خەڵك، سیاسەتی بگرە و ببرە و پێك هێنانی خەفەقان و بی بەش کردنی خەڵکی زەحمەتکێش لە سەرەتایی‌ترین مافە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان لەلایەن رژیمەوە، ساویلکەیی‌یان بە کەم گرتنی تێگەیشتنی سیاسی و رادەی چاوەروانی‌ی خەڵکی زەحمەتکێشە کە بی هیچ مەرج و زەمانەتێك لەگەل رژیم وت و وێژ بکری ئەم کارە راستەوخۆ بە مانای تەئیید کردنی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی رژیمیان چاوپوشی لی کردنیەتی. هەر لەبەر ئەوەیە کە سەرەرای قەبوول کردنی ئەسلی وت و وێژ، دیسان دەبی تەئکید بکرێتەوە سەر ئەوەی مەرجی دەست پێکردنی هەر جۆرە وت و وێژێك لەگەل رژیم ئەوەیە کە رژیم هێندیك هەنگاوی دیاری کراو هەڵگری. هەنگاوی وەك: ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی، گەراندنەوەی خانەوادە تەبعیدی‌یەکان یان بە زۆر کوچ پی کراوەکان، غەرامەت دان بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە شەری دە ساڵەی رژیم دا لە دژی خەڵکی کوردستان زەرەر و زیانی گیانی و مالی‌یان ویکەوتوە، هەروەها هەلچنینی هەموو مەقەرەکان و پایگاکانی لە شار و دێهاتی کوردستان. تەنیا بە ئەنجامدانی ئیقداماتێکی لەم چەشنەیە کە دەکری لە رژیم قەبوول بکری بە نیازە بۆ راگرتنی شەری بەرین لە دژی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە هەنگاوی سەرەتایی هەڵگری.

بیجگە لەوە دەبی قامك بخرێتە سەر ئەمە کە بە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی حیزبی دیموکرات، چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی تەنانەت بە شێوەی ئاشتی خوازانەش هەر بە شکلی دەخالەتی راستەوخۆی هەموو خەڵك ئیمکانی دەبی. بۆیە دەبی ئەم دەرفەتە پێك بهێنری کە هەموو کەس و دانەدانەی خەڵکی کوردستان مەسەلەن لە ریفراندومێك دا بەشداری بکەن و سەبارەت بە شێوەی تایبەت و دیاریکراوی بە کار هێنانی مافی دیاری کردنی چارەنووس بریار بدەن. تەنیا لەم رێگایەوە دەکری بە ئازادترین و دیموکراتیك ترین شێوە یانی بە شێوەی دەربرینی رەئی‌ی راستەوخۆ، گشتی و ئازادی خەڵك ستەمی میللی لاچی.

بە کورتی دووپات کردنەوەی بی وچانی رەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە گری‌یەك لە کارەکە ناکاتەوە و لە راستیدا حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکی نالەباری سیاسی‌دا و بە شێوەیەکی زۆر ناشارەزایانە چووەتە وت و وێژی جمهووری ئیسلامی و هەوڵ دەدا ناوەرۆکی واقیعی‌ی وت و وێژەکانی خۆی و رژیم لە خەڵك بشارێتەوە چونکوو هیچ رەبتێکی عەمەلی و راستەوخۆی بە بزووتنەوە و داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە رادیکالەکانی خەڵکەوە نیە.

جارێکی دیکەش تەجرەبە نیشانی‌دا کە چلون رابەرانی حیزبی دیموکرات بە ساویلکەیی تەسلیمی مەیلی جمهووری ئیسلامی دەبن و دەبنە داردەستێکی بی ئیرادەی ئەم رژیمە.

حیزبی دیموکرات بۆ دەرباز بوون لەو بوحرانە سیاسی‌یە کە بەرۆکی پی گرتوە دەست دەداتە هەر کاریك و هەر چەشنە سووکی‌یەك قەبوول دەکا. هەلومەرجی سووکی وت و وێژ و بی حاسل بوونی، خۆی نیشاندەری هەوڵ و تەقالا و پەلەقاژەی ناهومیدانەی ئەم حیزبەیە.

-٦-

## وت و وێژ لەسەر چی بووە:

حیزبی دیموکرات و رژیم بی دەنگەیان لە ناوەرۆکی واقیعی وت و وێژ و ئەم تەوافوقانە کردوە کە رەنگە کردبیتیان و دەڵێی پێك هاتنی پێشوویان لەم بارەوەیە ئێتساش بە دەربەستی‌یەوە بەرێوە دەبەن. جمهووری ئیسلامی بە بڵاو کردنەوەی هەواڵی ترۆری قاسملوو رایگەیاند کە قسە و باس لەسەر دانی ئەمان نامە بە رابەرانی حیزبی دیموکرات بووە و هەوڵی دا باری شەرمەزاری حیزبی دیموکرات گرانتر بکا. تا ئەو جێگایەش کە هەڵدەگەرێتەوە سەر حیزبی دیموکرات هەر قسەی کوللی و ناروشن و دژ بە یەکی کردوە و هیچی‌تر.

سەبارەت بەم مەسەلەیە سادق شرفکندی سکرتیری گشتی‌ی حیزب دەلی: "هەوەل دیدار لەم بارەوە سەرەتای زستانی ساڵی پێشوو لە نیوان دوکتور قاسملوو و عبدالله قادری لە لایەن حیزبەوە لەگەل نوینەرانی رژیم لە "وین" کرا. لە راستیدا ئەو چاو پی گەوتنە، وت و وێژ نەبوو بەڵکوو چاو پی کەوتنێك بوو چونکوو نوینەرانی دەوڵەت دەیانەویست بزانن نەزەری نێهایی حیزب سەبارەت بە چارەسەر کردنی مەسەلەی کوردستان چیە؟"

شرفکندی لە درێژەی ئەم قسانەدا دەلی: "نەزەری دەفتەری سیاسی ئەمە بوو: تەنیا رێگا بۆ ئەوەی وت و وێژیك بە مانای واقیعی لە گۆری بی و زەمینەیەك بۆ وت و وێژ کردنی هەبی دەبی رژیم پێش هەر شتێك بە شێوەی رەسمی و ئاشکرا ئەسلی خودموختاری قەبوول بکا. قەبوول کردنی ئەم ئەسلە و راگەیاندنی بە شێوەی رەسمی، چوارچێوەیەك پێك دینی کە بکری وت و وێژ لەسەری دەست پی بکری..."

(وت و وێژی سادق شرفکندی لەگەل دەنگی کوردستان سەرماوەزی ٦٨)

بەڵام هێندیك لە قسەکانی هلن قاسملوو ئەو قسە کوللی‌یانە کە رابەرانی حیزبی دیموکرات وەسەر یەکیان خستوە پووچەل دەکاتەوە و ریاکاری‌یەکەیان دەر دەخا. هلن قاسملوو دەلی: "هاشمی رەفسەنجانی دەری بریبوو ئامادەیە موافەقەت نامەیەك لە نیوان کوردەکان و دەوڵەتی مەرکەزی‌دا ئیمزا بکری بە مەرجێك کە باسی خودموختاری نەکری. چونکوو رەنگە وشەی خودموختاری کەمایەتی‌یە قەومی‌یەکانی دیکەی ئێران هان بدا و بو وەدەست هێنانی ئیمتیازاتێکی لەم چەشنە هەلیان خرینی... هاشمی رەفسەنجانی داوای کردبوو کە رابەرانی کورد لە بری وەرگرتنی ئەم ئیمتیازانە سازمانی نیزامی‌ی حیزب کە بە پێشمەرگە ناسراوە هەڵوەشێننەوە." بە پێی قسەی هلن، قاسملوو ئەم مەرجانەی قەبوول کردبوو و تەنانەت ئامادە بوونی خۆی دەربریبوو کە رابەرانی‌تری حیزبی دیموکراتیش بۆ قەبوول کردنیان قانع بکا.

دەلیل و بەڵگەکان نیشان دەدەن کە ماوەیەکی زۆر لە نیوان حیزبی دیموکرات و رژیم دا لەسەر دەستووری کۆبوونەوەکان جەدەل کراوە. نوینەرانی رژیم بە هیچ جۆر حازر نەبوون باس لەسەر خودموختاری بکەنە دەستووری کۆبوونەوەکان و بەڵێن دەدەن کە دەوڵەت خۆی ئیقداماتێك بکا، بەڵام حازر نین لەسەر ئەم مەسەلەیە لەگەل حیزبی دیموکرات وت و وێژ بکەن چونکوو خودموختاری لە جمهووری ئیسلامی‌دا ناگونجی. سەرئەنجام بە هۆی فشاری نوینەرانی رژیم حیزبی دیموکرات دەچێتە ژیر باری لابردنی ئەم باسە و وت و وێژەکان تەنیا لەسەر چلونایەتی هەڵسوورانی حیزبی دیموکرات درێژەی دەبی. ریوایەتە جۆراوجۆرەکان نیشان دەدا نوینەرانی حیزبی دیموکرات قەبوولیان کردوە سازمانی نیزامی‌ی خۆیان هەڵوەشێننەوە تا لە بری ئەمە ئیجازەیان پی بدری دەفتەرەکانیان لە شارەکانی کوردستان دابنێن. بە هەرحال ناوەرۆکی ئەسلی‌ی وت و وێژەکان مەسەلەی چلونایەتی هەڵسوورانی سیاسی‌ی حیزبی دیموکرات بووە.

پێویست ناکا حیزبی دیموکرات تێگەیشتنێکی زۆر قوولی سیاسی‌ی هەبی تا لە چارەنووسی کەسانی وەك مهدی بازرگان و منتزەری و حیزبە وەفادارەکانی‌تری رژیم دەرس وەرگری. رەنگە رابەرانی حیزبی دیموکرات چارەنووسێکی ئاوا بە شیاو و خوازراوی خۆیان بزانن و بە دانستە بەرەوپیری بچن رەنگیشە بیانەوی بە پلورالیزمی ئیددیعا کراوی خۆیان وەفادار بن و لە پال حیزبی وەك حیزبی جمهووری ئیسلامی و وەفادارانی خەتی ئیمامەوە سەر لە مەجلیسی شورای ئیسلامی دەربینن.

هەڵبەت حیزبی دیموکرات دەتوانی هەر تەسمیمیك لەسەر چارەنووسی خۆی بگری یا دروست ترە بڵێین ئیجازە بدا چارەنووسی سیاسی‌ی ئەم حیزبە ببێتە دەستکایەی سەرانی جمهووری ئیسلامی و یەك لەوانیش رەفسەنجانی. ئەمە هەڵبژاردنیکە خۆیان دەیکەن و لە راستیشدا بە کەس مەربووت نیە.

هەر وەك ئەوەی کە وەرگرتنی ئیجازەی هەڵسوورانی سیاسی بە سوال و سەدەقە لە جمهووری ئیسلامی هیچ پەیوەندیکی بە خەڵکی کوردستانەوە نیە و لەگەل خەبات و راوەستانی شۆرشگێرانە بەرانبەر بە رژیمی دیکتاتوری و سەرکوتی جمهووری ئیسلامی و لەگەل داخوازە رادیکالەکانی خەڵکی زەحمەتکێش بە تەواوی بیگانەیە.

ئەمرۆ ئیتر سەر لی شێواوی سیاسی‌ی حیزبی دیموکرات و رادەی داماوی و لینەهاتوویی سیاسی، کاری ئەم حیزبەی گەیاندوەتە سوال و سەدەقە وەرگرتن لە جمهووری ئیسلامی سادەلەوحی‌یە ئەگەر وابیر بکرێتەوە کە رابەرانی حیزبی دیموکرات نازانن لە هەلومەرجێکی تەواو نالەباردا چوونە وت و وێژی جمهووری ئیسلامی، یان رابەرانی حیزب نازانن کە لە هەلومەرجی ئێستادا جمهووری ئیسلامی حازر نیە هیچ پاشەکشەیەکی ئاشکرا و هەست پی کراو لەبەرانبەر داخوازەکانی خەڵکی کوردستاندا بکا. رابەرانی ئەم حیزبە ئەگەر خۆیان فریو نەدەن دەبینن کە تەسلیمی چ هەلومەرجێکی سووك و چرووك بوون. راستی ئەوەیە کە رابەرانی حیزبی دیموکرات هەموو ئەمانە دەزانن و قەبوولی دەکەن. ئەوان پێشەکی و پێش هەموو شتێك چاوەروانی‌یەکانی خۆیان داشکاندوەتە سەر کەمترین رادەی خۆی. ئەوان خۆیان لە هەلومەرجیك دا دەبینن کە بە کەمترین وەعدە و بەلینی پووچی رژیم حازرن سەر دانەوینن و خۆیان سووك کەن و سەر شووری قەبوول کەن تا دەرفەتی مانی خۆیان وەدەست بینن.

ئێستا کە حیزبی دیموکرات چاوەروانی‌یەکانی خۆی تا رادەی ئیجازە وەرگرتن لە جمهووری ئیسلامی بۆ مانەوەی خۆی داشکاندەوە، دەکری پێش بینی بکەی کە ئیدامەی کاری دووکانی سیاسی‌ی ئەم حیزبە لە شارەکانی کوردستان لە گرەوی هێنانە خواری رادەی چاوەروانی و داخوازە گشتی‌یەکانی خەڵکی کوردستاندا دەبی. وە ئەمە مانای ئەوەیە کە ئەم حیزبە راستەوخۆ دەکەوێتە بەرانبەر ئیعتیراز و خەباتی رەوای خەڵك. یان حیزبی دیموکرات دەبی بتوانی خەڵك بەریتە مەراسمەکانی بەیعەت و لایەنگری لە جمهووری ئیسلامی، یان دەبی بتوانی ئەوان ناچار بکا رۆژێك بۆ بەهێز کردنی مەوقعییەتی رەفسەنجانی، رۆژێك بۆ ساز کردنەوەی "نیشتمانی خۆشەویست"، و رەنگیشە لەبەر مەترسی‌ی "دژی شۆرش" ئارام بن. ئەگەر حیزبی دیموکرات نەتوانی ئەم کەلکەی بۆ رژیم هەبی دەسبەجی دەور و دووکانی هەڵدەپێچری.

-٧-

## ئەو مەبەستانەی رژیم و حیزبی دیموکرات بە شوێنیانەوەن کامانەن؟

پێکەوە دانیشتنی حیزبی دیموکرات و بەکریگیراوانی جمهووری ئیسلامی لە پشت میزیك بە هەلکەوت نەبووە و وت و وێژکەران بە هەلکەوت لە ئاوایی‌یە سنووری‌یەکان و لە مەرکەزی شاری "وین" تێك هەڵنەنگووتوون، بەڵکوو ئامانج و سیاسەتەکانی هەر تك لا ئەوانی کێشاوەتە سەر میزیك لە هەلومەرجێکدا کە حالەتی شەر لە کوردستان بەردەوامە، جمهووری ئیسلامی لە هەر دەرفەتێك بۆ بە هێز کردنی مەوقعییەتی خۆی لە کوردستان کەڵك وەردەگری. هەر بۆیە دەکری بڵێی جمهووری ئیسلامی لەم بارەوە هیچ نەرم بوونێکی لە خۆی نیشان نەداوە. رەنگە تەنیا نەرمی‌ی جمهووری ئیسلامی ئەوە بووبیت کە دەرفەتی ئەوەی بۆ حیزبی دیموکرات خوڵقاندوە کە لەگەل مەئمورانی دەستی چەندەمی رژیم چاویان پێك بکەوی.

بەڵام لە برانبەردا بە ئاشکرا دەبیندری کە حیزبی دیموکرات لە باری سیاسی‌یەوە تا چ رادەیەك هەڵدیراوە و پاشەکشەی لە هەڵوێستە سیاسی‌یەکانی کردوە.

ئەم جۆرە پەیوەندی‌یانەی حیزبی دیموکرات و جمهووی ئیسلامی هەمیشە و بە درێژایی ساڵیانی ساڵ کەلکی دەسبەجێی کورت ماوەی تەشکیلاتی و ناوخۆیی بووە و ئێستاش هەیەتی. حیزبی دیموکرات هەمیشە هەولی داوە بە وەری خستنی شایعەی وت و وێژ ریزەکانی خۆی لە پرش و بڵاوی نەجات بدا. سەرەرای جیددی بوون و جیددی نەبوونی وت و وێژ شایعەی وت و وێژ وەك دەرمانێکی ئارام بەخش کار دەکا کە حیزبی دیموکرات ناچارە هەموو ساڵی وەك دەرزی لە لەشی خۆی بوەشێنی. ئەمە یەکێك لە کەلکەکانی وت و وێژ یان شایعەی وت و وێژ لەم دەورەیەش دا بووە.

نیاز و مەبەستی وەك: خۆش کردنی ئاگری شەری نیوخۆیی لە کوردستان، کردنی حیزبی دیموکرات بە گوپالیك بۆ فشار هێنانە سەر خەڵك و هێزە سیاسی‌یەکانی دیکە و یان کردنی حیزبی دیموکرات بە دیلماج خانەیەك کە سیاسەتەکانی جمهووری ئیسلامی بە زمانی کوردی وەر دەگێری، ئەو نیاز و مەبەستانەن کە جمهووری ئیسلامی بە شوێنیانەوەیە.

سەرئەنجام هەر چەندیك کە حیزبی دیموکرات لە داخوازە رادیکالەکانی خەڵکی کوردستان دوور کەوێتەوە و بکەوێتە بەرانبەر خەباتیانەوە، هەر چەند کە سەودا و بەند و بەست لەگەل رژیم بکاتە پێشەی هەمیشەی خۆی، رۆژێك کە ئاگری توورەیی و رقی شۆرشێگرانەی جەماوەری خەڵك بەروکی جمهووری ئیسلامی بگری، هەموو ئەو کەسانەش کە چارەنووسی خۆیان بە جمهووری ئیسلامی‌یەوە گری داوە دەکەونە بەر پەلاماری رق و توورەیی خەڵك. تەنیا ئەوانەی وەك حیزبی دیموکرات کە وەعدە و بەڵێنی‌یەکانی جمهووری ئیسلامی بیر و هوشی لە کار خستوون و ئەوانەی کە داخواز و سوننەتە شۆرشگێرانەانی مەوجوود لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەدا بە کەم دەگرن و هیچ بایەخێکیان جگە لە سیاهی لەشکری چاو بەستنە سیاسی‌یەکانی خۆیان بۆ دانانین، دەتوانن لەو راستی‌یە ئاشکرایە نەگەن.

***

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٥ February: ١٩٩٠

## پی داگرتن لەسەر "ئەسلی وت و وێژ" پەردەیەکە بۆ داپۆشینی سەودا و بەند و بەست:

لەو کاتوە کە بە دوای ترۆری قاسملوودا و سەرەرای مەیلی حیزبی دیموکرات مەسەلەی وت و وێژی حیزبی دیموکرات لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاشکرا بوو، تا ئێستاش خەڵکی کوردستان هیچ قسەیەکی ئاشکرا و روشنیان جگە لە قسەی کوللی و ناروشن سەبارەت بە ناوەرۆکی واقیعی ئەم وت و وێژانە لە زمان ئەم حیزبە نەبیستوە. دەلیی ئەم مەسەلەیە کاریکی خوسووسی‌ی ئەم حیزبەیە و بە پێویست نازانی لەم بارەیەوە بۆ کەس تەوزیح بدا. بەڵام رابەرانی ئەم حیزبە بە بۆنەی جۆراوجۆرەوە تەئکید دەکەنە سەر رەوا بوونی ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم. رابەرانی ئەم حیزبە بە ماندوویی نەناسی‌یەوە ئەوە دووپات دەکەنەوە کە چون ئەسلی وت و وێژ لەگەل رژیم، لە نیو حیزبی دیموکراتدا سیاسەتێکی پایدار و جی کەوتووە و بە بروای ئەم حیزبە بۆ چارەسەر کردنی یەکجاری‌ی "مەسەلەی کوردستان" دەبی لەگەل رژیم وت و وێژ بکری. دووپات کردنەوەی ئەم تەوزیحە ماندوویی هێنەرانە لە لایەن رابەرانی حیزبی دیموکراتەوە تەنیا دەتوانی ساویلکەیی و سادە لەوحی‌ی ئەوان و ئەوە نیشان بدا کە چەندە ئەوانەی رووی قسەیان تێیانە بە کەم دەگرن. ئەوان لە راستی‌دا لەم رێگایەوە هەول دەدەن لە ژێر باس کردنی ناوەرۆکی واقیعی‌ی ئەم وت و وێژانە دەرچن. رەنگە ئەم بە کوللی قسە کردنانە،

# وت و وێژەکانی حیزبی دیموکرات، لە داماویەوە تا سوالکەری

لە ئەوزاع و هەلومەرجی ئێستادا شایعە سیاسی‌یەکان بازاری باسی نیو کۆر و کۆمەڵە سیاسی‌یەکان گەرم رادەگری، رەونەق بەم کۆر و کۆمەڵانە دەبەخشی و دەم بە دەم دەگەری. جەرەیانی وت و وێژی حیزبی دیموکراتیش لەگەل جمهووری ئیسلامی هەر چارەنووسێکی وای بووە تا ئەو کاتەی ترۆری قاسملوو بە دەست تیرۆریستەکانی جمهووری ئیسلامی ئەوەی ئاشکرا کرد کە نەدەبوو ئاشکرا بوایە.

سەرەرای ئەوەی چەند مانگ لەم رووداوە تێدەپەری هیشتا حیزبی دیموکرات بی دەنگی‌ی خۆی سەبارەت بە بابەت و ناوەرۆکی واقیعی ئەم وت و وێژە درێژە پێدەدا و تەنیا بە فەخر فرۆشی‌یەوە لەسەر ئەسلی وت و وێژ قسە دەکا. جاریك جمهووری ئیسلامی بە ناپەیگیری لەم وت و وێژانەدا تاوانبار دەکا و جاریکی دیکە وەك کەسێکی تازە روالەتی تیرۆریستی و جینایەتکارانەی جمهووری ئیسلامی‌ی ناسیبی بی مەتمانەیی خۆی دەردەبری.

بەهەر حال ئاشکرا بوونی نەخوازراوی ئەم رووداوە و ئاگادار بوونی هەمووان لەم مەسەلەیە جاریکی‌تر ئەم دەرفەتە و لە هەمان کاتدا ئەم پێویستی‌یەی هێناوەتە پێش کە ویرای چاوپوشی لەوەی خۆدی ئەم وت و وێژانە چەند و تا چ رادەیەك جیددی بن، بچینە سەر ئامانجەکانی هەرتك لای ئەم وت و وێژانەوە هەروەها پێشینەی مەسەلەکە و ئەو نەتیجانەی کە رەنگە بە دوایەوە بی. باس کردنی ئەم مەسەلەیە ئەو دەرفەتەمان پێدەدا کە جاریکی دیکەش سیاسەت و رەوشتە جی کەوتووەکانی ئەم حیزبە هەڵسەنگێنێنەوە چونکوو شێوەی جوولانەوە و کردەوەی ئەم حیزبە لە وت و وێژی ئێستادا لە دلی هەڵسەنگاندنێکی ئاوا دا باشتر روون دەبێتەوە. دیارە حیزبی دیموکرات هاکو بەرەو ئەم رەوتە رانەکیشراوە و خۆی تیوەرنەداوە و ئەم هەنگاوە نهێنی‌یانەی هەڵنەگرتوە و زۆر زەمینەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دیاری کراوی بووە کەوا باشە لە پێشدا هێندیك لەسەر ئەمانە بدویین.

## -١-

## حیزبی دیموکرات و شیعاری "مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامی‌ی نیە"

حیزبی دیموکرات وەك جەرەیانیکی خودموختاری خواز و وەك حیزبێکی بورژوایی بە لەبەرچاو گرتنی ئەو سوننەتە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یانە کە ئەم حیزبە تێیدا هەڵیداوە، هەمیشە ئاسوی خۆی لە سەنگ و سووکی نیوان هێزەکان و بە تایبەت کز و لاوازی دەوڵەتی مەرکەزی و کەلین و کەلەبەری مەنتەقەیی‌یەکان وەرگرتوە. بەر فرەوان بوونەوەی ئەم کەلەبەرانە بە هێزی دەکا و بە دەرکەوتنی سەرەتای بەرتەسك بوونەوەیان و کەم بوونەوەی هێندیك لە زەعفەکانی دەوڵەتی مەرکەزی، درێژە پێدانی مەوجوودییەتی سیاسی و مافی خۆی لە مەترسی‌یەکی جیددی‌دا دیوە. هەڵبەت لە رەوتی هەڵچوون و بشێوە کۆمەڵایەتی‌یەکان و ئاخێزی جەماوەری‌شدا هەوڵدەدا

لە کۆمەڵی کوردستاندا خۆ بە مەسەلەی میللی هەڵواسی و سواری شەپولی بزووتنەوەی جەماوەری بی تا بۆ ماوەیەك رەنگ و رەونەقیکی تازە بە ژیانی سیاسی‌ی خۆی بدا.

ئەمە قاعیدەی گشتی و پایداری دەورە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسی جەرەیانە ناسیونالیست و بورژواکان بووە لە کۆمەڵی کوردستاندا کە حیزبی دیموکراتیش لەو قاعیدەیە جیاواز نەبووە.

ئەم حیزبە بە درێژایی سالی رابوردوو دووپاتی کردوەتەوە: "مەسەلەی کوردستان ڕێگا چارەی نیزامی نیە" لەیەکەم چاو پی کەتن دا ویدەچی ئەمە پەند و نەزیرەیەکی ئاشتی خوازانەیە باس دەکری کە خۆی لە خۆی‌دا خراپ نیە و ئیرادیکی لەسەر نیە.

بەڵام چونکوو ئەو قسانە لە هەلومەرجێکی تایبەت و سەردەمێکی دیاری کراودا دێتە گۆر دەبی مانا و ناوەرۆکی سیاسی و عەمەلی و واقیعی‌یەکەی لەو هەلومەرجەدا لەبەرچاو بگیری و هەر بەم ئیعتیبارەش ئەم قسانە کاربەستێکی دیاری کراویان بۆ حیزبی دیموکرات هەیە.

لە روالەت دا وا ویدەچی کەسانیك هەن کە وەك پێشوو لەسەر رێگا چارەی نیزامی پی دادەگرن و دەست بەردار نین و حیزبی دیموکرات بە هێنانە گۆری ئەم شیعارە دەیەوی بۆ لای رێگای راستیان رینوینی بکا و بۆیان روشن بکاتەوە "رێگا چارەی نیزامی" کەلکی نیە. لە هەلومەرجێکدا کە درێژەی شەریکی ناعادلانە و نابەرابەری دە ساڵە کوردستانی کردوەتە پادگانیکی گەورەی هێزە سەرکوتگەرەکانی رژیم، لە هەلومەرجیکدا کە ئەم شەرە و پێك هاتنی حالەتی شەر دەرفەتی ژیانیکی ئەمن و ئەمان و ئاسوودەی لە خەڵکی ئەم وڵاتە بریوە، لە پێشدا دەبی بزانی کی‌یە ئێستاش هەر لە سەر رێگا چارەی نیزامی و ئیقداماتی سەرکوتگەرانە و لەشکر کیشی پی دادەگری.

بێگومان رووی ئەم حوکمە لە خەڵکی کوردستان نابی چونکوو ئەوان نە شەریان دەست پی کرد و نە لەشکریان کیشایە سەر شوێنیك و نە رێگا چارەی نیزامی‌یان هێنایە گۆر، بەڵکوو ئەوان لە خانە و لانەی خۆیاندا کەوتنە بەر هێرشی درندانەی ئەرتەشیکی سەرکوتگەر کە ئەمن و ئەمان و ئاسایشی لێ هەڵگرتوون و باریکی دیکەشی خستوەتە سەر باری گرانی ژیانی مەینەتباری خەڵکی زەحمەتکێش لە ئێران. دانانی چەند هەزار پایگا، پاسگا و قەرارگای نیزامی، زەخت و زۆر و سێبەری نگریسی دیکتاتوری و خەفەقانی لە سەر قورستر کردوون. کەوابی خەڵکی کوردستان ئەو لایەنە نیە کە لەسەر درێژە پێدانی شەر پی دادەگری. ئەوان لە ژێر باری شەریکی نەخوازراودا کە لە دژیان وەری خراوە، ژیان و گوزەرانیان

بە ژیانیکی تال و مەینەتبار دەزانن. خەڵکی کوردستان لە راستیدا خوازیاری چوونە دەری دەسبەجێ هێزە سەرکوتگەرەکان و کوتایی پی هاتنی هەرچی زووتری ئەم شەر و سەرکوتەن. لە راستی‌دا خۆدی دەست بۆ چەك بردنی خەڵکی کوردستان و خەباتی رەوای ئەم خەڵکە بەرانبەر بە زەخت و زۆر و سەرکوتی نیزامی‌ی رژیم نیشاندەری موخالەفەتێکی بەرین و گشتی‌یە بەرانبەر بە هەڵگرساندنی شەر و لەشکرکیشی رژیم. خەڵکی زەحمەتکێش بە خەبات و موقاومەتی خۆیان بەرانبەر بە هێرشی نیزامی بەرین و رێکخراوی جمهووری ئیسلامی، بە درێژایی دە ساڵی رابوردوو، لەسەر وەدی هێنانی داخوازە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یەکانیان سوور بوون و پێیان داگرتوە. کەوابی بۆ ئەوەی رێگا چارەی نیزامی وەلا بنری دەبی لە پێشدا داهێنەری "رێگا چارەی نیزامی" لە کوردستان، یانی رژیمی جمهووری ئیسلامی، وە نموونەی رێگا چارەی نیزامی لە کوردستان، یانی خوزووری هێزی چەکداری چەند سەت هەزار کەسی‌ی رژیم لە کوردستان دەر بکری. دەنا ئەم جۆرە فەخر فرۆشی و فەرمایشانەی حیزبی دیموکرات جگە لە بی کەلك نیشان دانی موقاومەتی رەوای ئەم خەڵکە مانایەکی تری نابی.

بەڵام تا ئەو جێگایەی هەڵدەگەرێتەوە سەر لایەنەکەی تری شەر یانی جمهووری ئیسلامی، دەکری بڵێین سەرەرای بی قەراری‌یەکانی حیزبی دیموکرات و بە باشی‌یەکانی رێگا چارە غەیرە نیزامی و هێمنانە هەڵکوتنی بی ناوەرۆکی ئەم حیزبە، بە درێژایی ئەم ماوەیە کە حیزبی دیموکرات ئەم شیعارە نوێ‌یەی بەرز کردوەتەوە، جمهووری ئیسلامی، تەنانەت جاریکیش قسەیەکی لەسەر رێگا چارەی هێمنانە نەکردوە و نایکا. بەڵکوو بەردەوام و لە دەرفەتی جۆراوجۆردا دەستی داوەتە بە هێز کردن و ئامادە راگرتنی هێزی سەرکوتگەری خۆی لە کوردستان و هەمیشە تەئکیدی کردوەتە سەر

دەور و نەقشی ئەرتەش و سپای پاسداران لە سەرکوتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و پاراستنی تاج و تەختی جمهووری ئیسلامی لە کوردستاندا و پێی هەڵکوتوون. جاری قسە لەسەر ئەوە نیە کە ئایا بە کردەوە و لە چوارچێوەی جمهووری ئیسلامی و هەلومەرجی سیاسی‌ی ئێستادا دەکری لە رێگای غەیرە نیزامی‌یەوە مەسەلەی کوردستان چارەسەر بکری یان ناکری. بەڵکوو قسە لەسەر ئەوەیە بەرین کردنەوەی دام و دەزگای چەند سەد هەزار نەفری لە کوردستان، کە بە هۆی حوزووریان کەس ئاویکی خۆشی لە گەروو ناچیتە خوار، نیشاندەری وەڵامی عەمەلی و سەرکوتگەرانەی جمهووری ئیسلامی‌یە. کەوابی بە پێچەوانەی ئەو حوکمە پسپورانە و بی کەلکانەی حیزبی دیموکرات خەڵکی کوردستان تەنیا شاهیدی درێژە پێدەرانی حالەتی شەر و سەرکوت و خەفەقان بوون و ئێستاش هەر شاهیدی ئەوەن. کەوابی نە نیشانەیەك وەبەر چاو دەکەوی کە رژیم شێوە و رەوشتی گوریبی و نە ئامادە بوونیکی بە کردەوە دەبیندری کە رژیم ئەم شێوە و رەوشتە دەگوری و لەم ناوەدا ئەوە تەنیا خۆش خەیالی و خۆش باوەری بی پایەی حیزبی دیموکراتە کە پەر و بالی لێ رووا‌وە و بە ئاسماندا دەفری.

کەوابی دەکری بڵێین دووپات کردنەوەی بە جێ و نابەجێی ئەم شیعارە لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە تەنیا نیوی رەمزیك بوو تا ئامادە بوونی ئەم حیزبە بۆ جێ خۆش کردن لە پشت میزی بەندوبەست و سەوداگەری لەگەل کاربەدەستانی جمهووری ئیسلامی دەربری. ئەم قسانە کە هیچ ناوەرۆکیکی عەمەلی‌یان لە پەیوەند لەگەل مەسەلە و مەینەتەکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان دا نیە، تەنیا کەلکیان ئەوەیە کە دەستی ئەو ئاغایانە لە داوینی جمهووری ئیسلامی نزیك بکەنەوە و هیچی‌تر.

گەرچی لەوانەیە رابەرانی حیزبی دیموکرات لە شیعار دانیش پی واوەتر بنین و هیندیك سیاسەت و هەنگاوی عەمەلی دیاری کراویش رەپێش بگرن یان بۆ سەلماندنی "باش بوونی نییەتیان" عەمەلیکی زیاتریش بە قسەی خۆیان بکەن و بە لەسەر تاقە دانانی تفەنگەکانیان بۆ وەلانانی رێگا چارەی نیزامی دەست رەپێش خەن تا بە کردەوە بسەلمی کە حیزبی دیموکرات هیچ رێگا چارەیەکی دیکەی نیە و هیچ ئاسویەکی‌تری بۆ خەبات، ئیعتیراز و بزووتنەوەی جەماوەری بە گوماندا نایە. جا کارمان بەوە نیە کە هەڵگرتنی هەنگاویکی ئاوا لە لایەن ئەم حیزبەوە چەندە ئاسان دەبی و بە چ قیمەتێکی سیاسی دەکری. بەهەرحال خۆی خاوەنی تفەنگی خۆیەتی و ئەگەر ئەم تفەنگانە لە کوردستان بە مەقامی ئوستاندار، شارەدار و فەرماندار نەگەیەنی، دەتوانی لەسەر تاقەیان دانی و دەفتەر و مەقەرە "غەیرە نیزامی"یەکانی خۆی لە پال قەرارگاکانی ئەرتەش و سپا و لە لیباسی کوردی‌یەوە دامەزرینی.

هەنگاوی لەم چەشنە لە هەر شکلیك دا بەرێوە بچی و لە هەر ئاستیك دا کە بەریوە بردنی بۆ حیزبی دیموکرات بگونجی، چارەنووسی داهاتووی ئەم جەرەیانە لە کوردستاندا لە قەلەم دەدا و بی کەلکی و ناقابیل بوونی ئەم حیزبە لە هەمیشە زیاتر بۆ خەڵکی کوردستان دەر دەخا.

بەڵام روشنە ئاگری قین و توورەیی و شۆرشی خەڵکی وەگیان هاتوو لە دژی سەرکوتگەرانی جمهووری ئیسلامی نەك هەروا بە هاسانی دانامرکیندرێتەوە، تەنانەت رەنگە بلیسەدار بوونی ئەم ئاگرە داوینی حیزبی دیموکراتیش بگرێتەوە. رەنگە حیزبی دیموکرات و لایەنەکەی‌تری سەوداکەیان، جمهووری ئیسلامی، خەیالی ئەوە هەڵی گرتبن کە یەکەمیان پێشەکی دووهەمەکەیانە یانی بی دەنگ بوونی تفەنگەکانی حیزبی دیموکرات ئاگری توورەیی خەڵکی زەحمەتکێش دادەمرکێنێتەوە.

بروانە لاپەری ١٣